# پەخشانە شیعری کوردی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# پەخشانە شیعری کوردی

## تەکنۆ – سیمانتیکی گوتاری شیعر

د. محەمەد بەکر



ناوی کتێب: پەخشانە شیعری کوردی
دانانی: د. محەمەد بەکر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٩٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: هندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٨٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ.

## لیستی هێما و زاراوەکان

≠ : هاودژ

/↖/: پلەی ئاوازەیی بەرز

/↙/: پلەی ئاوازەیی نزم

/←/: پلەی ئاوازەیی ئاسایی

ئەدگار: خاصية مميزة – Distinctive Property

پەیامدەر: المرسل – Sender

پەیامگر: المستلم – Receiver

پێکهاتە: التركيب – Texture

تاقیگەری: التجريب – Empirism

تەکنیکاری: الآلية – Technicism

سیمانتیکی: الدلالي (علم)– Semantics

سیمیۆتیکی: الاشاري (علم) – Semiology

شێوازگەری: الاسلوبية – Stylistic

شیعرایەتی: الشعرية – Poetic

نیشانە: الدلالة – Signification

نیشانکار: الدال – Significant

نیشانکراو: المدلول – Signify



## پێرست


پێشباس ........ 10
دەروازەیەکی گشتی ........ 11
١- تەوەری ئیستاتیکی ........ 11
٢- تەوەری مێژوویی ........ 12
٢-١- (ڕوانگە) و (نوێخوازی) ........ 12
٢-٢- پەخشانە شیعر: سەرهەڵدان و زاراوەسازی ........ 13
٣- گوتاری ڕەخنەیی... لەنێوان تیۆری و پراکتیکە کوردییەکەدا ........ 13
٣-١- ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی و ڕێبازە ڕەخنەییەکان ........ 13
٣-٢- گوتاری ڕەخنەی کوردی ........ 15
سەرچاوە و پەراوێزەکان ........ 17

**فەسڵی یەکەم**: نوێخوازی... پەخشانە شیعر: زاراوەسازی و پۆلکردن ........ 23
یەکەم- نوێخوازی ........ 23
١- پێناسە ........ 23
٢- زاراوەسازی ........ 23
دووەم – تەکنیکاریی شیعری نوێخوازی ........ 23
١- سەمبولیزم ........ 24
٢- وێنەگەری ........ 25
٣- دادیزم ........ 25
٤- سوریالیزم ........ 27
٥- پوختە ........ 28
سێیەم – پەخشانە شیعر ........ 29
١- پێناسە و ئەدگارەکان ........ 29
٢- پۆلکردن ........ 32
٣- ئەنجام ........ 33
سەرچاوە و پەراوێزەکان ........ 33

**فەسڵی دووەم**: پەیکەرسازیی نوێی زمانی شیعر........ 37
یەکەم – زمانی شیعر و پەخشان ........ 37

١- زمانی شیعر ..... 37
٢- زمانی پەخشان ..... 38
٣- زمان لە پەخشانە شیعردا ..... 38
دووەم - شیکردنەوەی پراکتیکی: زمانی شیعر لە بواری تاقیگەریدا ..... 39
١- ئاستی وشەکان ..... 39
١-١- وشەی سەربەخۆ ..... 40
١-٢- وشەی بازاڕی و نەپۆشراو ..... 40
١-٣- وشەی ناوچەیی ..... 41
١-٤- وشەی نوێکراوەی کلاسی ..... 42
١-٥- بەکاربردنی نوێی ناو و هێماکان ..... 43
٢- تێکدانی سیستەمی ڕستەسازی ..... 44
٢-١- ترازانی ڕێزمانی ..... 44
٢-٢- لابردنی بەشەکانی ڕستە ..... 45
٢-٣- ڕستەی ناتەواو ..... 47
٢-٤- ڕستەی دابڕاو ..... 47
٢-٥- ڕێنووسی هێماکار ..... 48
٣- سینتا - شێوازی زمانی شاعیران ..... 49
٣-١- جۆر و ڕێژەی ڕستەکان ..... 49
٣-٢- ڕستەی سادە ..... 50
٣-٣- ڕستەی داڕێژراو ..... 51
٣-٤- ڕستەی لێکدراو ..... 52
٣-٥- ڕستەی ناتەواو ..... 53
٣-٦- ڕێژەی درێژی و ئاڵۆزیی ڕستەکان ..... 53
سەرچاوە و پەراوێزەکان ..... 56

**فەسڵی سێیەم**: پێکهاتە و پێوەندییە نوێکانی وێنەی شیعری ..... 59
یەکەم - پێناسە و بنیاتەکانی وێنەی شیعری ..... 59
١- پێناسە ..... 59
٢- بنیاتەکانی وێنە ..... 60
٢-١- بنیاتی سیمانتیکی و سیستەمی گواستنەوەکانی ..... 60





٢-٢- بنیاتی هونەری و ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیی تازە ..... 60
٣- وێنەی نوێ ..... 60
دووەم - شیکردنەوە ..... 61
١- وێنەی تاک و وێنەی ئاڵۆز ..... 62
١-١- وێنەی تاک و جۆرەکانی ..... 62
١-٢- وێنەی ئاڵۆز و پێکهاتەکانی ..... 65
٢- هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییە ئاساییەکان ..... 69
٣- بنیاتی هونەریی وێنەکان: ئەژمار و شێوازی شاعیران ..... 72
٣-١- ئەژمار ..... 72
٣-٢- خوازە ..... 73
٣-٣- مەجاز ..... 73
٣-٤- لێکچوواندن ..... 74
٣-٥- درکە ..... 75
سەرچاوە و پەراوێزەکان ..... 76

**فەسڵی چوارەم**: ڕیتم وەکو پێکهێنەرێکی شیعرایەتی لە پەخشانە شیعردا ..... 79
یەکەم - پێشەکی ..... 79
دووەم - ئاستە دەنگسازی و تیۆرییەکانی ڕیتم ..... 79
١- ئاستەکانی دەنگسازی ..... 79
٢- ئاستی تیۆری ..... 80
٢-١- بیبلۆگرافیای پێناسەکانی ڕیتمی ناوەوە ..... 81
٢-٢- ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە، یان ڕیتمی گشتی و ڕیتمی تایبەتی ..... 81
سێیەم: ئاستەکانی شیکردنەوە ..... 83
١- سیستەمی دەنگسازی لە ئاستی ڕستەدا ..... 83
١-١- جووت هاودەنگی یەکگرتوو ..... 83
١-٢- جووت هاودەنگی دابڕاو ..... 83
١-٣- جووت هاودەنگی ئاوێتە ..... 84
٢- سیستەمی دەنگسازی لە یەکە ڕستەییەکاندا ..... 84
٢-١- دووبارەکردنەوەی سادە ..... 85
٢-٢- دووبارەکردنەوەی هاودژەکان ..... 86

٢-٣- دووبارەکردنەوەی ئاوێتە ... 87
٣- بنیاتی یەکگرتووی سیمانتیکی - ڕیتمی دەقی (فیشەکی ڕەحمەت) ... 87
٣-١- پوختەی بنیاتی سیمانتیکی ... 89
٣-٢- سیستەمە دەنگسازییەکانی دەقەکە ... 91
٣-٣- پێکهاتەی گشتیی دەقەکە ... 92
٣-٤- ئەنجـام ... 95
سەچاوە و پەراوێزەکان ... 96

**فەسڵی پێنجەم**: بیبلۆگرافیای پەخشانە شیعری ئەمڕۆی کوردی... 99
یەکەم: تێبینی و ڕوونکردنەوە ... 99
دووەم: بیبلۆگرافیا ... 100
سێیەم: تەکنیکسازیی دەق ... 102
١- دەقی تەکنەلۆژی ... 102
١-١- دەقی کۆلاژکراو ... 103
١-١-١- کۆلاژی داڕێژراو ... 103
١-١-٢- کۆلاژی نێگەتیڤ ... 104
١-٢- بەکاربردنی کەرەستەی زانستەکان ... 105
١-٣- دەقی وێنەیی ... 106
٢- تەکنەلۆژیای دەق ... 106
٢-١- ئەدگارەکانی ئەم شێوازە ... 106
٢-٢- مۆنتێڤکردنی دەق ... 107
٢-٣- مۆنتاژکردنی دەق ... 109
٢-٤- گواستنەوەی بۆشایی ... 109
سەرچاوە و پەراوێزەکان ... 110
ئەنجامەکان ... 112
پاشکۆی یەکەم: ڕیتمی شیعرەکانی هەر سێ ژمارەی ڕوانگە ... 114
پاشکۆی دووەم: ڕاوبۆچوونی نووسەر و ئەدیبە نوێخوازەکان لە بارەی (ڕوانگە)وە 115
سەرچاوەکان ... 116




## پێشباس

پەخشانە شیعری کوردی، بەشێکە لە ڕەوتێکی نوێخوازی لە (ڕوانگە)وەوە بۆ (وێران)، بۆ پێشنیازکردن و داهێنانی ئامرازە تازەکانی دەربڕین و نووسینەوەی یاخیبوو لە بنەماکانی ڕۆشنبیری باڵادەست.

ئەم ڕەوتە لە کاریگەرییە مێژوویی و شارستانییەکانی نوێخوازیی جیهانی و ناوچەیی و عێراقیش دوور نەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی کۆمەڵگای کوردیش بووە کە ڕەفتارکردنی شاعیران لە تێکشکاندن و پچڕاندنی پێوەندییە ئاساییەکان لە زمان و وێنە و ڕیتمی شیعریدا بەرجەستەی کردووە.

پەخشانە شیعری کوردی، لە سەرەتا ئایدیۆلۆژی و شیکارییەکانی بترازێت، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە، ناودیوی قۆناغی کامڵی و ڕوونبینی و داهێنان بوو، کە ئاراستەی گوتاری شیعریی بۆ ناوەوەی دەق گواستۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی داڕووخانی سیستەم و فەزا شیعرییە ئاساییەکان و گەڵاڵەبوونی سیستەم و فەزایەکی فەنتازی و درامی لە نووسیندا کە نوێترین ئامرازەکانی تەکنیکی شیعر دەربڕیون.

هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە لە بواری داهێناندا، کێشەی نێوان گوتاری ڕەخنەی تازەی ڕێبازگەری و ڕەخنەی ئایدیۆ - مێژوویی، تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، یەکەمین ئاکاری زیانباری ئەم دیاردەیەش، داپۆشینی قەوارە و گرنگیی پرۆژەی پەخشانە شیعری کوردی و ئاستی هونەریی شاعیرانیەتی.

## دەروازەیەکی گشتی

لە نێوان گەڵاڵەکردنی یەکەمین پرۆژەی نوێخوازی لە بزاڤی (ڕوانگە)دا و بڵاوبوونەوەی یەکەمین کۆمەڵە شیعری چاپکراوی (پەخشانە شیعر)ی کوردی لە دیوانی (خوا و شار بچکۆلەکەمان)ی (لەتیف هەڵمەت) لە ساڵی (١٩٧٠)دا لەلایەک و، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەو بابەتانە لەلایەکی دییەوە، دابڕانێک هەیە تا ئەمڕۆش بەشێوەیەکی شایستە چارەسەر نەکراوە.

چارەسەرکردنی ئەو دابڕانە، پێویست دەکات لە سێ تەوەری سەرەکیدا ئەنجام بدرێت: تەوەری ئیستاتیکی، تەوەری مێژوویی و تەوەری گوتاری ڕەخنەیی هاوپێوەند بە دوو تەوەرەکەی دییەوە.

لێرەدا، وەکو هاریکارییەک لەو بوارانەدا و واڵاکردنی دەروازەی بابەتە سەرەکییەکە، هەندێ زانیاریی گشتی و پێویست لە بارەی ئەو بابەتانەوە بەرچاو دەخرێن.

### ١- تەوەری ئیستاتیکی:

لەم باسەدا هەوڵدراوە لایەنێکی ئەم تەوەرە لە پەخشانە شیعری کوردیدا ساغ بکرێتەوە، بەڵام ئەو لایەنە، وێڕای چەند لایەنێکی دی پێویستییان بەلێکۆڵینەوەی پتر هەیە، لەوانە:

١-١- پۆلکردنی پەخشانە شیعری کوردی بەگوێرەی تیۆریی جۆرە ئەدەبییەکان[١].

١-٢- هاوسنووریی پەخشانە شیعری کوردی و جۆرە ئەدەبییە نزیکەکانی لە نموونەی (کورتە چیرۆک)، بەتایبەتی لای ئەدیبێکی وەکو (شێرزاد حەسەن) کە (کورتە چیرۆکی پەخشانە شیعر) و (پەخشانە شیعری چیرۆکئامێز) تاقی دەکاتەوە[٢].

١-٣- دۆزینەوەی هێڵە تەکنیکی و ئیستاتیکییەکانی نێوان پەخشانە



شیعری کوردی، وەکو ڕەنگدانەوەیەکی تاقیکردنەوە ڕۆژئاواییەکە و نموونە هاوشێوەکانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، (حەیران) بەنموونە[٣].

### ٢- تەوەری مێژوویی:

مێژووواندنی پەخشانە شیعری کوردی، لە چوارچێوەی پرۆژەی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا چارەسەر دەکرێت:

٢-١- (ڕوانگە) و (نوێخواز):

زاراوەی نوێخوازی بەچەمکە فەلسەفی و ئیستاتیکییە هاوچەرخەکەی، یەکەمین جار لە بانگەوازەکەی (ڕوانگە)دا، بابەتەکانی ئەدەبی کوردیی پێتیۆ ڕیزەکرا[٤].

ڕوانگەییەکان، وەکو چەند ڕۆشنبیرێکی نوێخواز، لە بزاڤە نوێخوازەکانی جیهان و ناوچەکە بێ ئاگا نەبوون. خوێندنەوەیەکی خێرای بانگەوازەکەیان، بەڕوونی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت: دەربڕینی وەکو «سەدەی زانیاری» و «سەدەی هەڵگێڕانەوە و یاخیبوون»، ڕێبازی فەلسەفەی ئەقڵانییەتی سەدەی حەڤدەمین و هەژدەمینی ئەوروپایی و سەردەمی بزاڤە نوێخوازەکان چڕ دەکەنەوە کە وەکو دوو بنیاتی گرنگی ئەبستیمی، «سەراپای مەیدانەکانی ژیان»ی جیهانی نوێ پێک دەهێنن.

«هەست و ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیستەم» کە بنچینەی دونیاخوازی و «هەموو وشەیەک ئەیەوێ بژی» کە سەمبولیستەکان جەختیان لەسەر دەکرد، بەوردی ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی نوێخوازیی ئەدەبییان تێدا ڕەچاو کراوە[٥]. ئەمە، پێشنیازکردنی ئەبستیمێکی نوێ و ڕەتکردنەوەی ئەبستیمی قۆناغی پێشوو بوو. ئەوان بەو باوەڕە گەیشتبوون قۆناغی (گۆران) و پاش ئەویش بەکوێرەڕێ گەیشتووە و چیتر ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی قۆناغی نوێخوازی شیعری کوردی بێت[٦] بەڵام ئەو بینینە ڕوونە، لە پراکتیکدا بەتەواوی بەرجەستە نەکرا. ئەوان هەرچەندە جێگرێکی بابەتییان پێشکەش بەشیعری کوردی کرد،

نەیانتوانی دابڕانی خۆیان لەگەڵ شێوە باوەکانی قۆناغە نەفیکراوەکە بەتایبەتی لە بواری تاقیکردنەوەی پەخشانە شیعردا، بچەسپێنن[٧].

٢-٢- پەخشانە شیعری کوردی، وەکو تاقیکردنەوە و زاراوە، سەرەڕای پێوەندیی ناڕاستەوخۆی بەتاقیکردنەوە جیهانییەکەوە، پێوەندییەکی مێژوویی ئۆرگانیکی بەتاقیکردنەوە عێراقییەکەوە هەیە، کە لە «سەردەمی نوێخوازیی پەنجاکاندا دەرکەوت و لە کۆتایی پەنجاکانەوە ناسرا»[٨]. شاعیرانی نوێخوازی کوردیش، لە (ڕوانگە) و دەرەوەشیدا ئاگاداری ئەو بزاڤە و تێکڕای بزاڤەکانی پێشتر و پاشتریش بوون[٩].

٢-٢-١- بۆ دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی یەکەمین دەقی پەخشانە شیعری کوردی بەچەمکە نوێخوازییەکەی، جگە لە ڕاوبۆچوونی شاعیرانی تاقیکردنەوەکە، سەرچاوەیەکی دی لە بەردەستدا نییە.

بۆ ئەم مەبەستە، (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: «سەبارەت بەوەی ئێمە – مەبەستی گرووپی کفرییە: م.ب- دەسپێشکەر بووینە (...) بۆ نموونە (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) بەرهەمی ئەنوەر شاکەلی (...) دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدواوە بوو، هەروەها (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) یەکەمین بەرهەمی خۆمە کە ئەویش هەر ئاژاوەیەکی گەورەی نایەوە (...) ئێمە دەیان نامەمان پاراستووە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تا حەفتاکان، باسی ئەوەمان کردووە کە دەبێ شیعر و چیرۆکی کوردی، لەم سنوورە تەسکەی ئێستای دەربچێت و (...) من بەشانازییەوە دەیڵێم، بەرهەمەکانی ئێمە تەجاوزی کلتووری پێش حەفتاکانی کردووە و کۆمەڵێ شیعر و ئەدەبیاتی تازەن لەسەر ئەتڵەسی شیعری کوردی[١٠].

### ٣- گوتاری ڕەخنەیی... لە نێوان تیۆری و پراکتیکە کوردییەکەیدا:

٣-١- هەر دەقێکی ئەدەبی، سێ ڕەگەزی سەرەکیی تێدایە، چۆنیەتی ڕەفتارکردنی تیۆری لەگەڵیاندا، جۆری ڕێبازێکی دیاریکراوی ڕەخنەیی



دەستنیشان دەکات: پەیامدەر، دەق، پەیامگر، لێرەوە دەتوانرێت ڕێباز و قوتابخانە ڕەخنەییەکان بەگوێرەی جەختکردنیان لەسەر یەکێک یان چەند یەکێک لەو ڕەگەزانە پۆل بکرێن. لە خوارەوەدا ژمارەیەک لەو ڕێبازانە بەگوێرەی ئەو پرۆسێسە، پۆل کراون:

٣-١-١- (مەڵبەندێتیی پەیامدەر): هەموو ڕێبازە ڕەخنەییە کۆن و (تازە – کۆنەکان)، لەژێر ئەم ناونیشانەدا کۆ دەکرێنەوە.

لێرەدا پەیامدەر: (کەسایەتیی، مێژووی ژیانی، بیروباوەڕی، ڕەفتاری ڕۆژانەی) دەکرێتە کلیلی تێگەیشتن لە دەقەکەی و دەق و پەیامگر لە سێبەری ئەودا ڕادەگیرێن. ڕەخنەی مێژوویی، دەروونناسی و ئایدیۆلۆژی، نموونەی ئەم ڕێڕەوەن کە لە دەرەوەی ئەدەبەوە لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵنەوە[١١].

٣-١-٢- (پەیامگر لە دەقدا): لەم ڕێڕەوەدا، بەپێچەوانەی ڕێڕەوی پێشوو، لە ناوەوەی ئەدەبەوە لە ئەدەب دەڕوانرێت[١٢].

لێرەدا پەیامگر دەبێتە مەڵبەندی داهێنانی ئەدەبی، بەڕادەیەک وەکو (ئیکنباوم) دووپاتی دەکاتەوە، تەنیا ڕستەیەکیش لەکاری ئەدەبیدا ڕەنگدانەوەی سۆزی تایبەتیی نووسەر نییە[١٣]، بەڵکو (زمان – اللغة)، بەگوێرەی بۆچوونێکی (ڕۆلان بارت) لە کارە ئەدەبییەکاندا دەدوێت[١٤].

ئەم ڕێڕەوە ڕەخنەییە، وەکو (ئێم. ئێچ. ئەبرامز) ڕوونی دەکاتەوە، ئاماژە بۆ تیۆرییەکی دیاریکراوی ڕەخنەیی ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا، دوو ڕێبازی سەرەکی لەم ڕێڕەوەدا دەستنیشان دەکات:

٣-١-٢-١- ڕەخنەی نوێی ئەمەریکایی و ئەورووپایی: کە لە شەستەکانی ئەم سەدەیەوە سەریان هەڵدا و بایەخی کاری ئەدەبییان بۆ جۆری خوێندنەوەی پەیامگر گواستەوە کە بەگوێرەی تاقیکردنەوەکانی خۆی، ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات. لەم بوارەدا، (ئەبرامز) ئاماژە بۆ سێ ئاراستەی سەرەکی لەم ڕێبازەدا دەکات[١٥].

٣-١-٢-٢- ڕەخنەی بنیاتگەریی فەرەنسایی: کە لە بنەڕەتدا، وەکو (جۆناسان کیلەر) بۆی دەچێت، «تیۆری خوێندنەوەیە»[١٦]. لێرەدا نیشانکار، نەک نیشانکراو گرنگیی پێ دەدرێت. وەکو (ستیفن لاند)یش ڕوونی دەکاتەوە، پەیامدەر تەنیا نیشانەی بەتاڵ بەرهەم دەهێنێت، ئیماژ بنیات دەنێت، ئەوە خوێنەرە کە پڕیان دەکاتەوە و لێکیان دەداتەوە.[١٧]

٣-١-٣- (دەقی کراوە):

لە ڕێبازە ڕەخنەییییەکانی پاش بنیاتگەرییەوە، بەتایبەتی لە ڕەخنە هەڵوەشێنەوەکەی (ژاک دێریدا) وە، هەڵگەڕانەوەیەکی نوێ بەرەو ئاوێتەکردنی لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی لە دەرەوەی ئەو دەقە و ناوەوەیدا، هاتۆتە کایەوە.

(دێریدا) پێی وایە خۆبەستنەوە بەناوەوەی دەق، بەهۆی سروشتی خودی دەقەکەوە، لە توانادا نییە، بەڵام ئەمە بەواتای خۆبەستنەوە بەژیننامەی پەیامدەر و هۆکارە دەروونی و ڕامیارییەکانەوە نییە. ئەو دەڵێت لەنێوان دەرەوەی دەق و ناوەوەیدا، دابەشکردنێکی دیی بوارەکان هەیە، کە بنیات دەبێتە یەکخەری واتا و شێوەی ئەودەقە[١٨].

لە دۆخێکی وادا، دەقی ئەدەبی بەگوێرەی (خوێندنەوەی کراوە)ی (ئیمبەرتۆ ئیکۆ)، کۆتاییەکانی بۆ ژمارەیەکی بێ پایانی لێکدانەوە دەکرێنەوە[١٩].

٣-٢- گوتاری ڕەخنەیی کوردی:

سەرەتا، ئەو پرسیارەی پێویستە ئاراستە بکرێت ئەمەیە: گوتاری ڕەخنەیی کوردی، لە کوێی ڕێبازە ڕەخنەییییەکانی پێشوودایە؟ لە وەڵامدا، بێ سڵەمینەوە دەتوانرێت بگوترێت، هەموو ڕەخنەی شەستەکان و زۆربەی ڕەخنەی حەفتاکان و بەشێکی زۆری ڕەخنەی هەشتاکان و نەوەتەکانیش سەر بەڕێڕەوی یەکەمن. تەنانەت بەشێکی ئەو گوتارانەش کە لە خانەی هاوچەرخ و نوێخوازدا - پۆل دەکرێن، لە چمکێکی ئایدیۆلۆژیا و



خۆبەستنەوە بەپەیامدەر و هۆکارە دەرەکییە بەرهەمهێنەکانی دەق، دانەبڕاون[٢٠].

٣-٢-١- کۆتایی هەشتاکان، ئاراستەیەکی نوێی گوتاری ڕەخنەیی لەلایەن نووسەر و شاعیرانی وەکو (بەختیار عەلی) و (مەریوان وریا قانیع)ەوە بەخۆوە بینی، کە بەتوندی هەوڵیاندا گوتاری ڕەخنەیی لە (نا مەنهەجییەت) و (سەلەفییەت) و (لێکدانەوەی خورافی) داببڕن و ئەبستیمێکی نوێ لە بواری تیۆری و پراکتیکدا بۆ شیعری کوردی گەڵاڵە بکەن[٢١].

٣-٢-٢- هەرچەندە گوتاری ڕەخنەیی کوردی، لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای (١٩٩٠) بەملاوە، زمانی تایبەت بەخۆی و کەرەستە و زاراوە وردەکانی شیکردنەوەی مەنهەجییانەی دەقی بۆ فەراهەم بووە، بەڵام هێشتا وەکو گوتارێکی هەمەلایەنەی سەربەخۆ جێگیر نەبووە، بۆیەشە خۆی لە گرفتە سەرەکییەکانی شیعری نوێخوازی پاراستووە[٢٢].

سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) پەخشانە شیعر تاکو ئێستا، وەکو جۆرێکی سەربەخۆی ئەدەبی پۆل نەکراوە: بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٣١)ی فەسڵی یەکەمی ئەم باسە.

(٢) (شێرزاد حەسەن) ژمارەیەکی زۆری دەقی پەخشانە شیعری بڵاوکردۆتەوە، کە دەیکەن بەشاعیرێکی ڕیزی پێشەوەی ئەو جۆرە نووسینە. ئەو دەقانە بەزنجیرە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٨٦-١٩٩٦) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (بەغدا) و (هەولێر)دا بەرچاو دەکەون، لەوانە:

* ئاوابوون
* مەینەت
* لاوانەوە
* پەنجەرەیەکی کراوە لە نیوەشەودا
* باوک
* بارانی حەز و خەم و غوربەت
* چرپە

* پاییزی ئەوین
* ناتەبایی
* تەنکبوونەوەی ڕۆح
* هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکان
* دوا گۆرانی نیرۆن
* دار شەقەکانی نیشتمان
* من پیاوێکم لە پینە

کە بەڕوونی فەزای درامی و تەکنیکی کورتە چیرۆکیان تێدا بەکاربراوە و، لە چەند چیرۆکێکی وەکو (گمەی غەریبی) و (تێک ئالآن)ەوە زۆر نزیکن، بەشێوەیەک وەکو (تۆماس کۆلاسۆن) دەڵێت: زۆربەی نووسەرانی نوێی کورتە چیرۆک لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە ئامرازەکانیان لە شیعر نزیکترە وەک لە ڕۆمان. بڕوانە:

سوزان لوهافر (١٩٩٠) الاعتراف بالقصة القصيرة، ترجمة محمد نجيب لفتة، الطبعة الأولى، بغداد، ل ٢٧.

(٣) ئێستا ئەو بۆچوونە بەتەواوی جێگیر بووە کە (حەیران)، هەرچەندە کێشی شیعریی تێدا بەکار نەبراوە، بەڵام لە خانەی شیعردا پۆل دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا لەگەڵ نموونەیەکی دیاریکراوی پەخشانە شیعری کوردیدا لە ڕووی تەکنیک و شێوازەوە بەراورد نەکراوە. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

* زاهیر ڕۆژبەیانی (١٩٩٠) بۆچوونی چوارەم، بەیان، ژمارە (١٦٥)، ل ٣٤.
* شێرزاد حەسەن (١٩٨٤) پەخشانە شیعر و ڕازێک، عێراق، ژمارەی ڕۆژی ٧/٢٥.
* محەمەد بەکر محەمەد (١٩٩٠) کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر: سیستەمی ڕیتم لە حەیراندا، ل ١٠٧-١١٢.

(٤) ڕوانگە (١٩٧٠) ژمارە (١).

(٥) دەربڕینەکانی ناو جووت کەوانەکان، لە بانگەوازەکەی ڕوانگە وەرگیراون، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨-٩.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ١٠. بڕوانە پاشکۆی دووەم.

(٧) وەکو نموونە بۆ ئەو ڕەخنانەی لەو سەردەمەدا ئاراستەی ڕوانگەییەکان کراون، بڕوانە:



* فەرەیدوون عەلی ئەمین (١٩٧٢) ئایا چۆن ئەدەبی پاش قۆناغی گۆران هەڵدەسەنگێنین، هاوکاری، ژمارە (١١١).
* ئەحمەد شەریف (١٩٧٢) هاوکاری، ژمارە (١٢٣).
* فوئاد قەرەداغی (١٩٧٢) ڕوانگە گەیشتۆتە سەر شەقامێکی داخراو، هاوکاری ژمارە (١٣٢).

بۆ ڕاوبۆچوونی نووسەر و شاعیرە نوێخوازەکانی ئەمڕۆش لە بارەی ڕوانگەوە، بڕوانە پاشکۆی سێیەم.

(٨) محمد رضا مبارك (١٩٩٣) اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي، الطبعة الأولى، بغداد، ل ٢٦٣.

بۆ زانیاریی پتر لە بارەی سەرهەڵدان و کارتێکراویی پەخشانە شیعری عەرەبیی عێراقییەوە، بڕوانە:

* سامي مهدي (١٩٩٤) الموجة الصاخبة شعر الستينات في العراق، بغداد ل ٢١، ١١٣، ٣٢٢.
* فاضل ثامر (١٩٨٥) جدل الحداثة في الشعر، المربد الشعري السادس، بغداد، ل ٨٤-٨٥.

(٩) لەتیف هەڵمەت لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئێمە سوودمان لە گەلێ بەیاننامەی تر (کە پێش خۆمان باسی تازەکردنەوەیان کردووە) وەرگرتووە لەوانە - بەیاننامەی سوریالیسیکان، دادائیبەکان - بەیاننامەی شیعر ٦٩ی عێراقی».

بڕوانە:

ڕامان (١٩٩٦) چاوپێکەوتن، ژمارە(٣).

(١٠) هەمان سەرچاوە:

ئەو دژوارییەی لەم بوارەدا هەیە، سەبارەت بەیەکەمین داهێنان و بەکاربردنی خودی زاراوەی (پەخشانە شیعر) لە ڕەخنەی کوردیدا پترە. سەرەتا لەگەڵ (ڕوانگە)دا، زاراوەی (شیعری نوێ) لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە بەفراوانی بەکار دەبرا. پاشتر لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، زاراوەکانی (شیعری پەخشان) و (پەخشانی نوێ) هاتنە کایەوە، بەڵام خودی زاراوەی (پەخشانە شیعر) بەچەمکە نوێخوازەکەی، لە سەرەتای هەشتاکانەوە وەکو ناوونیشانێک بۆ هەموو ئەو تاقیکردنەوە شیعرییانەی لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەرکەوتبوون، جێگیربوو.

بڕوانە:

* ئومێد ئاشنا (١٩٧٥) لەو شیعرەوە ڕەمز و مەترسیی فۆرمالیزم، بەیان ژمارە

(٣١).
* مەحمود زامدار (١٩٨١) لە بانیژەی شیعرەوە، بەغدا، ل ٦٩.
(١١) وەكو (تیری ئیگلتن) ڕوونی دەكاتەوە، ئەمە ڕەخنەی سەردەمی ڕۆمانتیزم و سەدەی نۆزدەیەمە. بڕوانە:
* تيري أيغلتن (١٩٩٣) مقدمة في النظرية الأدبية، ترجمة ابراهيم جاسم العلي، بغداد، ل ٨٢.
بۆ چاكترین سەرچاوە لە بارەی ڕەخنەی مێژوویی و دەروونییەوە، بڕوانە:
* رينيه ويليك. اوستن وارين (١٩٨١) نظرية الأدب، ترجمة محي الدين صبحي، الطبعة الثانية، بيروت:
– فەسڵی حەوتەم: ئەدەب و ژیننامە، ل ٧٧–٨٢.
– فەسڵی هەشتەم: ئەدەب و زانستی دەروون، ل ٨٣–٩٦.
لە بارەی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیشەوە:
* يوزف بيتر شتيرن (١٩٨٥) حول الادب والايديولوجيا، ترجمة باهر الجوهري، فصول، المجلد الخامس، العدد الثالث، ل ١٢.
* انتونی ایستوب، هەمان سەرچاوە، ل ٩٧.
(١٢) لێكۆڵینەوە لە ئەدەب، لە ناوەوە، جەخت لەسەر وەسفكردنی بنیاتی تایبەتی ئەدەب دەكات كە ڕێبازەكانی (زمانەوانی – الالسنية) و (شێوازگەری – الأسلوبية) بەرجەستەی دەكەن، بڕوانە:
* موريس أبو ناضر (١٩٧٩) الالسنية والنقد الأدبي، بيروت، ل ٨.
(١٣) تزفيتان تودوروف (١٩٨٦) نقد النقد، ترجمة سامي سويدان، بغداد، ل ٢٧.
(١٤) عزالدين اسماعيل (١٩٨٨) الخطاب الشعري، إعداد عائد خصباك، المربد الشعري الثامن، بغداد، ل ١٣.
هەر لێرەدا، (عیزەدین ئیسماعیل) پێی وایە گوتاری شیعری، وەكو ئامێرێكی مۆسیقاییە، هەر خوێنەرێک ئاوازێكی جیاوازی پێ لێدەدات، ل ١١.
(١٥) م.هـ. ابرامز (١٩٨٧) المدارس النقدية الحديثة في معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة عبدالله الدباغ، الثقافة الأجنبية، العدد (٣)، ل ٤٦–٤٧.
ئاراستەكان ئەمانەن:
– تیۆریی كەلەبەرەكانی دەق: كە بەگوێرەی بۆچوونی (ڤۆلفگانگ ئایسزەر) خوێنەر پڕیان دەكاتەوە.
– تیۆریی كاردانەوەی پەیامگر: كە (نۆرمان هۆلاند) بەكەرەستەكانی شیكردنەوەی



دەروونی، ڕوونی دەكاتەوە.
– تیۆریی كارلێكردنی شێوازیی: كە بەبۆچوونی (ستانلی فیش) بریتییە لە بەرجەستەكردنی كاری خوێندنەوە، بەو پێیەی گواستنەوەیەكی زنجیرەیی (شوێن)ی وشە چاپكراوەكانە، بۆ تەوژمێكی (كات)ی لە تاقیكردنەوەی خوێنەری (شارەزا)دا.
(١٦) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.
(١٧) ستيفن لاند (١٩٨٧) مغامرة الدال: قراءة لرولان بارث، في أصول الخطاب النقدي الجديد، ترجمة احمد المديني، الطبعة الأولى، بغداد ل ٥١، ٥٢.
(١٨) جاك دريدا (١٩٨٥) القوة والدلالة، ترجمة كاظم جهاد، الكرمل، العدد (١٧) ل ٦٠، ٦٥.
هەر لەم بوارەدا، (ئەدۆنیس) گرنگی بەڕەخنەی خوێندنەوە، یان وەكو خۆی ناوی (ئیستاتیكای خوێندنەوە)ی لێناوە دەدات و دوو جۆری تێدا لێكدی جیا دەكاتەوە:
– خوێندنەوەی ڕووكەشی: دەقەكە لە هەموو ئەدگارە بنیاتنەرەكانی دادەبڕێت.
– خوێندنەوەی قووڵ: ئەو ئەدگارانە لەبەرچاو دەگرێت. بڕوانە:
* أدونيس (١٩٨٥) سياسه الشعر، الطبعه الأولى، بيروت، ل ٥٦، ٦٠.
(١٩) سامي محمد (١٩٩٥)على حافة النقد، الف باء، العدد (١٣٨٩)، ل ٢٧.
(٢٠) ڕەنگە دروستترین گوتاری ڕەخنەیی كە ئەو ڕەوتە ناڵەبارە چڕ بكاتەوە، ئەمەی خوارەوە بێت: «ڕەخنەی كوردی لەگەڵ دەقدا نەدواوە، بەڵكو لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا كە دەقەكە دەخوڵقێنن (...) خراپترین جۆری ڕەخنە و ناڵەبارترینیشیان ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە كە بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەكی ئیستاتیكییانە باز بەسەر پێكهاتە ناوەكییەكانی دەقێكدا دەدا و ڕاستەوخۆ باوەش دەكات بەتێڕوانینێكی پێشینی یان بەئایدیۆلۆژیادا». بڕوانە:
* مەریوان قانیع (١٩٨٩) خوێندنەوەیەكی بونیادگەرییانەی پێكهێنەرانەی گوڵی ڕەش، هاوكاری، ژمارە (١٠٧٨).
لەم بوارەدا، پێویستە كۆششی نووسەرێكی نوێخوازی وەكو (مەحموود زامدار) ڕەچاو بكرێت كە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی نوێخوازی لە ئەدەبی كوردیدا، دەیان باس و گوتاری لە بارەی لایەنە جۆراوجۆرەكانی ئەو بزاڤە بڵاوكردۆتەوە و لە هەموو قۆناغەكانی ئەو بزاڤەدا ئامادەبوونی خۆی دووپات كردۆتەوە.
(٢١) بڕوانە:

* مەریوان وریا قانیع.
- گوتارە تیۆرییەکان:
عیراق (١٩٩٠)، ژمارەکانی (١١٧، ١١٩، ١٢٦).
- گوتارە پراکتیکییەکان:
هاوکاری، سەرچاوەی پێشوو.
عیراق (١٩٨٩) ئەفسانەی خۆکوشتن لە شیعری (خۆکوشتن)ی (محەمەد عومەر عوسمان)دا، ژمارە (١٠١).
* بەختیار عەلی:
دوو گوتاری تیۆری:
- قسەکردن لە پەراوێزی بێ دەنگیدا (١٩٨٩) عیراق، ژمارە (١٠٨).
- پرسیار و دەق (١٩٨٩) هاوکاری، ژمارە(١١٣٠).

(٢٢) وەکو نموونەیەکی گەشی ئەم ڕاستییە، بڕوانە:
* ئازاد حەمە (١٩٩٥) ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، چاپی یەکەم، سوید.
بریتییە لە چەند باسێکی تیۆریی بەپێز لە (٤٧٨) لاپەڕەدا، لە بارەی ڕێبازە ڕەخنەییە هاوچەرخ و نوێخوازەکانی ئەوروپا و چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەیان لە گوتاری ڕەخنەی کوردیدا. لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا دوو دەقی شیعریی بەخێرایی تێدا شیکراونەتەوە: ل ١٢٢-١٤١ نووسەر لە پاشەکیی کتێبەکەیدا وا دەنووسێت: «ئەم ڕۆشنبیرییە یاخییەی ئێمە کە ڕووداوێکی ڕۆشنبیری شێوە تراژیدییە، نەیتوانیوە دەستنیشانی ناسنامەی خۆی بکا و کەسایەتی فیکری و ڕۆشنبیریی خۆی بنووسێتەوە» ل ٤٤٥.
* کەمال غەمبار (١٩٩٣) پرۆسەی بەشیعرکردنی دیار و نادیاری ڕووداو لە جەستەی نامۆییدا، کاروان، ژمارە (٨)، ل ١٥٠.
گوتارێکی ڕەخنەییە لە بارەی دەقی (کەلکێش)ی (سەباح ڕەنجدەر)ەوە کە تێیدا پێڕەوی لە ڕێبازە دەروونناسی و بەستنەوەی دەقەکە بەخودی شاعیرەوە کراوە هەروەها:
ئەنوەر مەسیفی و هەنگاو بەرەو نوێخوازی (١٩٩٦) تێڕامان، ژمارە (١)، ل ١٣.
* نەوزاد ئەحمەد (١٩٩٣) تازەگەریی شیعر... ڕوانینی شیعری، کاروان، ژمارە (٥)، ل ٣.



کە تێیدا پێڕەوی لە ڕێبازی (لێکدانەوە - التأويل) کردووە و نەیتوانیوە، بەنموونە، درک بەڕەفتارکردنی قووڵی چەند شاعیرێکی وەکو (ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر) لەگەڵ زمانی ئاساییدا بکات و هەردوو بنیاتی قووڵ و ڕووکەشی ئەو ڕەفتارکردنەی تێکەڵ کردووە، کە یەکەمیان وەکو پێویستییەکی هونەری، دەقی شاراوە پێک دەهێنێت و دووەمیان وەکو هەڵەیەکی زمانەوانی، دەقی تەماوی بەرهەم دەهێنێت. بڕوانە:
* سعيد الغانمي (١٩٨٩) المعنى والكلمات، بغداد، ل ٩٠.

# فەسڵی یەکەم
# نوێخوازی... پەخشانە شیعر
# زاراوەسازی و پۆلکردن

**یەکەم - نوێخوازی** Modernism

لێرەدا ئەم زاراوەیە بەواتا ناسراو و گشتییەکەی بەکار نەبراوە وەک بەستنەوەی بەرێڕەوە مێژوویی و فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکەیەوە[١]، بەڵکو بەچەمکە تەکنیکی - ئەدەبییەکەی[٢].

١- پێناسە:

دەربڕینی بابەتی نوێتر بەکەرەستە و تەکنیکی نوێتر لە چوارچێوەی عەقڵییەتێکی ڕەها و هاوچەرخانە و یەکتادا. ئەمە چڕکردنەوەی زۆربەی پێناسەکانی نوێخوازیی ئەدەبییە[٣].

٢- زاراوەسازی:

لە بواری زاراوەسازیدا، وەکو (گراهم هاف) بۆچوونێکی (ستیفن سپندەر) بەبەڵگە دەهێنێتەوە، جیاوازیی نێوان دوو وشەی: (نویَ - Modern) و (نوێخواز - Modernist) لەوەدایە وشەی یەکەم ئاستێکی مێژوویی هەیە، بەڵام وشەی دووەم ئاماژە بۆ مەسەلەکانی تەکنیک و ترازانێکی تایبەتی لە بینیندا دەکات[٤].

**دووەم: تەکنیکاریی شیعری نوێخوازی:**

ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ دەستنیشانکردنی تەکنیکەکانی شیعری نوێخوازی، دیاریکردنی سیماکانی بێت لە هەندێ لە بزاڤە سەرەکییەکانی قۆناغی یاخیبوونی ئەوروپایی، ئەو بزاڤانەی بریتی بوون لە (دابڕانێکی بەمەبەست و ڕیشەیی لە بنچینە ئاساییەکانی ڕۆشنبیری و هونەری ئەوروپایی[٥]).



**١- سەمبولیزم** - Symbolism

لە پۆلکردنە ڕەخنەییەکاندا، سەمبولیزم بەسەرچاوەی زۆربەی بزاڤە نوێخوازەکان دادەنرێت، چونکە هەموو ئەو بزاڤانە سوودیان لە دید و تەکنیکی ئەم بزاڤە وەرگرتووە.

١-١- بەشێک لە بەیاننامەی سەمبولیستەکان: «شیعری سەمبولیزم، کە دوژمنی وانەبێژی و ئەزبەرکردن و شیعراندنی بەدرۆ و وەسفکردنی بابەتییانەیە، دەگەڕێ بەدوای فۆرمێکی ناسک، ئەو فۆرمە ناسکە نابێتە ئامانجی شیعرەکە - بۆ خۆی، بەڵام بەدەم دەربڕینی بیرەکەوە دەبێتە بابەتێک[٦].

١-٢- مەبەستی سەرەکیی سەمبولیستەکان لە بواری شیعردا، وەکو (ڕینێ ویللیک) دەڵێت، بریتی بوو لە خۆدابڕین لە کەلەپووری (هۆگۆ) و (بەرناسییەکان)، ئەوان دەیانویست وشەکان نەک بدوێن، بەڵکو هێما بکەن، ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی نەک وەکو ئامرازی جوانکاری بەڵکو ببنە بەشێکی یەکگرتووی بابەتەکان، مۆسیقای شیعر لە کێشە باوەکانی ئەسکەندەریی دوانزە بڕگەیی فەرەنسی دووربکەوێتەوە و ئەوەندەش بایەخ بەقافیە نەدرێت[٧].

١-٣- لە بواری زمانی شیعردا، (ژان مۆرا) سەرنجێک لە بارەی جۆری ڕستەسازی لە شیعری سەمبولیستەکاندا بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: بەکاربردنی دوو جۆرە داڕشتنی سینتاکس لە ڕستەیەکدا[٨].

(مالارمێ) پێی وایە وشەکان بەهۆیی تیشکدانەوەی نێوانیانەوە، وەکو گەوهەری بەر ئاگر یەکدی ڕووناک دەکەنەوە، (رامبۆ)ش لە ڕێگای کەڵەکەکردنی کۆمەڵێک ناو لە یەک شوێندا دەیویست ناوەکان زیندوو و فرەشێوە بن[٩].

گرنگی سەمبولیزم لەوەدابوو سەرنجی هەموو بزاڤەکانی پاشتری بۆ مەسەلەی گۆڕینی زمانی شیعر و پەنابردنە بەر خەون ڕاکێشا.

**٢- وێنەگەری** - Imagism:

وێنەگەر لە ڕووی شێوەی نووسینی شیعرەوە، کەمترین پانتایی بەکورتترین زمانی دەربڕین بۆ دارشتن و گواستنەوەی وێنەکان بەکار دەبات. ئەم ئەدگارە، شاعیری وێنەگەر وادار دەکات واز لە بەشێک لە ئامرازە لاوەکییەکانی زمان، تەنانەت هەندێ جار لە فەرمانەکانیش بهێنێت. بەوەش، وەکو (جاکۆب کۆرگ) دەڵێت، بوار بەکەڵەکەبوونێکی داخراوی وشەکان دەدرێت تاکو ڕستەکان چەند دەستە دەنگێکی بەردەوام پێک بهێنن، ئەویش نەک لە ڕێگای بەستنەوەی ئاسایی ڕستەسازییەوە، بەڵکو بەدانانی وشەکان بەتەنیشت یەکەوە و تیشکدانەوەیان لەنێو خۆیاندا[١٠].

(ئەزرا پاوند) هونەری (کۆلاژ)ی لە ڕێبازی (کوبیزم)ەوە بۆ ئەم بزاڤە گواستەوە و بەشێوەیەکی فراوان کەوتە بواری بەکاربردنەوە.

**٣- دادیزم** - Dadism:

٣-١- تەکنیکی دادیزم، وەکو، (ڕۆبەرت شۆرت) ڕوونی دەکاتەوە، لە گەلێ سەرچاوەی هونەریی و ئەدەبییەوە وەرگیراوە: هونەری کۆلاژ لە کوبیزمەوە، چاپکردنی نائاسایی پیت و وشەکان لە ئایندەگەرییەوە، بەکاربردنی بێ سوودی دەنگەکان لە دەربڕینگەرییەوە[١١].


٣-٢- ڕەفتارکردنی نائاسایی لەگەڵ شێوەی چاپکردنی وشە و ڕستە شیعرییەکاندا، لەلایەن (گیوم ئاپۆلنیێر)ەوە ڕچەی بۆ کێشراوە بەجۆرێک شیعر لە تابلۆیەکی شێوەکاری نزیک دەخاتەوە:



شیعرێکی وێنەیی (ئاپۆلنییر) بەناونیشانی (کاتژمێری سبەی) لە ساڵی (١٩١٥)دا بەرهەمی هێناوە




٣-٣- (شیعری دەنگی): لەم جۆرە شیعرەدا، کە تەکنیکێکی تایبەت بەبزاڤی ئایندەگەری بوو، وشە دەبێتە «خەڵتەیەک لە پیت و دەنگ و ڕیتم»[١٢]، هەر لەم بوارەدا (شیعری دەنگی - بینراو) لە نموونەی ئەو شیعرانەی (ڕائوول هاوسمان) تاقیی کردوونەتەوە، هاتۆتە کایەوە. وەکو خۆیشی دەڵێت، پیتەکان بەشێوەیەک بەکاربراون ڕۆڵی (نۆتە)ی مۆسیقایی بگێڕن[١٣].




شیعرێکی دەنگیی - بینراوی (ڕائووڵ هاوسمان) لە ساڵی (١٩١٨)دا نووسیویەتی

٣-٤- (شیعر لاڵ): لێرەدا، شیعر دەبێتە تابلۆیەکی ڕووتی شێوەکاری، بەمەش دادیزمی ئەدەبی دەگاتە دواقۆناغی تاقیکردنەوەکانی: قۆناغی لەناوبردنی نووسینی ئاسایی:[١٤]




شیعرێکی لاڵی (کریستیان مۆر) بەناونیشانی (شیعری ماسییەکی شەوی)



شیعرێکی لاڵی (مان ڕای)ی دادایست
لە ساڵی (١٩٢٤)دا داڕشتووە

٣-٥- بەڵام (جاکوب کۆرگ) دووپاتی دەکاتەوە هەموو ئەو ڕەفتارە تێکدەرانەی زمان، لایەنێکی ئیجابییان هەیە: لەتکراوترین و شێوەکارترین ڕەگەزەکانی زمان توانایەکی شاراوەی ئیماژکردنیان هەیە[١٥].

**٤- سوریالیزم - Surrealism:**

لە لێکۆڵینەوە پێوەنددارەکانی ئەم بابەتەدا، بەزەحمەت دەتوانرێت ئەدگارە تەکنیکییەکانی ئەم بزاڤە خانەبەند بکرێت، چونکە لێرەدا، بەگشتی، کاری هونەری وەکو ئامرازێک بەکار دەبرێت. لە دۆخێکی واشدا، هەر شێوازێکی نوێ پەنای بۆ دەبرێت. لەم بوارەدا (ئی - میسنز) ئەو ئامۆژگارییە دەکات کە بەرهەمە سوریالیستەکان پێویستە وەکو نیشانەکانی قیبلەنما بخوێندرێنەوە[١٦].

٤-١- لە بواری شیعر و ئەدەبدا، سوریالیستەکان هەموو دەربڕینە سووا و ڕیتمەکانی پێشوویان فرامۆش کرد و هەوڵیان دا هێز و کاریگەریی وشە و وێنە شیعرییەکان بخەنەگەڕ[١٧].




٤-٢- سوریالیستەکان نەریتی بزاڤە نوێخوازەکانی پێش خۆیان پاراست و پەرەیان پێدا، (ئاپۆلنیێر) وشەی داهێنا، وشەیەک قەبارەی سەربەخۆی هەبوو و دەیتوانی بەشیعری (خۆبەخۆ - التلقائی) بنچینەکانی بیرکردنەوەی لۆجیکی تێک بدات، (ئاندرێ بریتۆن)یش لە سیستەمێکی تایبەتیدا داڕشتەوە کە لە دوو شێوەدا کار دەکات:

٤-١-١- بەکاربردنی ڕێڕەو بۆ دابڕینی وشە لە واتا ئاساییەکەی، لەم بوارەدا (پۆل ئیلوار) لەم نموونە شیعرییەدا دەڵێت:

زەوی وەکو پرتەقاڵێک سەوزە
ئەمە هەڵە نییە، وشەکان درۆ ناکەن[١٨].

٤-١-٢- جێگۆڕکێ پێکردنی میکانیکییانەی دەنگەکان و سوود وەرگرتن لە دەنگە لێکچووەکان بۆ بەرهەمهێنانی واتای ناعەقڵانی کە بەشێوەیەکی ڕێکەوت دروست دەبن[١٩]:




**٥- پوختە:**

بەمەبەستی پۆلکردن و ئاسانکردنی ئاماژەکردن بۆ بزاڤەکان، گرنگترین ئەدگارە هونەری و شێوازەییەکانی ئەو بزاڤانە، لەم خشتەیەی خوارەوەدا تۆمار دەکرێن:

خشتەی (١-١)

| ئەدگار / بزاڤ | شێواز | ڕەفتار لەگەڵ زماندا | دارشتن | یەکەی دەربڕین |
|---|---|---|---|---|
| سەمبولیزم | کراوە | ترازانی سینتاکسی | پەخشان | وشەی هێماکار |
| وێنەگەری | کراوە | ترازانی سینتاکسی | ئاوێتە | ڕستەی ناتەواو |
| دادیزم | کراوە | تێکدانی ڕێزمان | پەخشان | دەنگی بێ واتا |
| سوریالیزم | کراوە | تێکشکاندنی زمان | پەخشان | ڕستەی تەماوی |

ئەدگارە هونەرییەکانی بزاڤە نوێخوازە ئەوروپاییەکان

٥-١- بەسەرنجدانی زانیارییەکانی نێو خشتەکە، دەتوانرێت سیمای سەرەکیی شیعری نوێخوازی بەم شێوەیە دیاری بکرێت: شیعرێکی شێوە و نێوەرۆک کراوەی پەخشانئامێزە کە لەگەڵ زمانی ئاساییدا ناتەبایە.

**سێیەم: پەخشانە شیعر**

**١- پێناسە و ئەدگارەکان:**

١-١- ئایا پەخشانە شیعر پێناسە دەکرێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە (سۆزان بێرنار) بەنەرێ وەڵامی دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدات تاڕادەیەک لە پێناسە و تیۆریزەکردنی نزیک بێتەوە. لەبەر گرنگیی بۆچوونەکانی، هەندێ بەدرێژی ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە.

١-٢- (بێرنار) لە پێشەکیی کتێبەکەیدا: (پەخشانە شیعر لە بۆدلێرەوە تا ئەمڕۆ)، بۆچوونێکی (مۆریس شاپلان) بەبەڵگەی دژواربوونی پێناسەکردنی ئەو شیعرە بەنموونە دەهێنێتەوە، کە تێیدا دەڵێت: «جۆرێکە هیچ تیۆریسێنێک نەیوێراوە یاساکانی دابڕێژێت» (٢٠).

١-٢-١- لەو بۆچوونەی (شابلان)ەوە، (بێرنار) بەو ئەنجامە دەگات کە: «پەخشانە شیعر جۆرێکی گۆڕاو و هیۆلییە کە گەشەکردنی بەردەوام واتا و بنیاتەکەی بەگوێرەی سەردەمەکان بەقووڵی گۆڕیوە» (٢١).



١-٢-٢- (بێرنار) پێی وایە مەسەلەی پەخشانە شیعر پێوەندیی بەدۆزینەوەی زمانێک و ملکەچکردنی وشە ئاساییەکان بۆ مەبەستی زۆر تازە و نووسین لە پێناوی ئەفراندنی جیهانێکی نوێوە هەیە زیاد لەوەی هونەرێکی نوێی شیعری بێت، ئەو دەڵێت: «پەخشانە شیعر جۆرێکە لە یاخیبوون و ئازادی شۆڕشی بیر و دیاردەیەکی خەباتی بەردەوامی مرۆڤە دژی چارەنووسی خۆی، پتر لەوەی هەوڵدانێک بێت بۆ نوێکردنەوەی ڕوخساری شیعر» (٢٢).

١-٢-٣- دژایەتیی خودی زاراوەی (پەخشانە شیعر)، (بێرنار) بەو ئەنجامە دەگەیەنێت دوو هێزی دژ بەیەک لە هەمان کاتدا لەو شیعرەدا کار دەکەن:

١-٢-٣-١- هێزێکی ڕووخێنەر و تێکدەر کە بەرەنگاری شێوە ئاساییەکان دەبێتەوە و شاعیر لە نەریتە کێشناس و شێوازەییەکان یاخی دەکات.

١-٢-٣-٢- هێزێکی پێکهێنەر و ڕێکخەر کە پەنا بۆ یەکێتییەکی شیعرایەتی دەبات، شاعیر هەوڵ دەدات ڕوخسارێکی ڕێکخراو، داخراو و دابڕاو لە کات، دابهێنێت(٢٣).

١-٢-٤- (بێرنار) دوو جۆری پەخشانە شیعر دەستنیشان دەکات:

١-٢-٤-١- پەخشانە شیعری شێوەیی، کە بنیات و شێوەی ڕێکخراوی ڕیتمی بەسەر کاتدا دەسەپێنێت، ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردنی شیعرەکە بەسەر چەند بەندێکدا و دووبارەکردنەوەی پاشپەند و وشە و بابەتەکان، ئەمەش کاتی شیعرەکە بەسەر چەند بەشێکی ڕێکخراودا دابەش دەکاتەوە کە سپێتی و بۆشایی نێوانیان ڕیتم دروست دەکات و پەیکەری شیعرایەتییەکەی پێک دەهێنێت. سیستەمی دووبارەکردنەوەکان لەو پێکهاتەدا هەمەڕەنگە: گەڕانەوەی پاشبەندەکان لە چەند کاتێکی

ڕێکخراودا و گێڕانەوەی بەندی سەرەتا لە کۆتایی شیعرەکەدا.

١-٢-٤-٢- شیعری پرشنگدار: لەم جۆرەدا شیعرەکە لە ڕوخساری یەکەیەکدایە زۆر چڕە و بۆ ڕاچڵەکاندنی خوێنەر بەرهەم دەهێنرێت[٢٤].

١-٢-٥- لە دواییدا، (بێرنار) ئەم گریمانەیە پێشکەش دەکات دەشێت وەکو پرۆژەی پێناسەی پەخشانە شیعر هەڵبسەنگێندرێت: «پەخشانە شیعری نوێ هەمیشە کورتە، شیعرێکی چڕە، داڕێژراوە و بەکەمترین بەکاربردنی ئامرازەکان نووسراوەتەوە کە بەزۆری لیریکە، چونکە بەگشتی بەڕاناوی کەسی یەکەم نووسراوە»[٢٥].

١-٣- پخشانە شیعر، لە هەندێ لە سەرچاوە زانیارییە جیهانییەکاندا بەم شێوانە پێناسە کراوە:

١-٣-١- (ئەنیسکلۆپیدیای شیعر: زانکۆی - پرنستۆن-ی ئەمەریکایی): «پەخشانە شیعر داڕشتنێکە هەموو ئەدگارەکانی شیعری لیریکی تێدایە، جگە لەوەی وەکو پەخشان لەسەر پەڕە دەنووسرێت»[٢٦].

١-٣-٢- (فەرهەنگی یاریدەدەری -ئۆکسفۆرد-): «پەخشانێکە شێواز و ئەدگارەکانی شیعری هەیە»[٢٧].

١-٣-٣- (فەرهەنگی گەورەی -ویستەر-): «پەخشانێکە چەند سیمایەکی هونەری و ئەدەبیی شیعری هەیە، وەکو ڕیتمی ڕێکخراو و داڕشتنی نموونەیی و گەرمیی سۆز و ئەندێشە[٢٨]».

١-٤ (ژان کوهین) پەخشانە شیعر بەشیعرێکی ناتەواو دادەنێت، چونکە شیعری تەواو بەگوێرەی دابەشکردنە دەنگی - سیمانتیکییەکەی ئەو، جگە لە ئاستی سیمانتیکی، ئاستی کێش و قافییەشی تێدا ڕەچاو دەکرێت[٢٩].

١-٥- سەبارەت بەسروشتی پەخشانە شیعر، (کلایف سکۆت) پێی وایە



یەکێک لە ئەدگارە بنچینەییەکانی ئەو شیعرە، لە سروشتی هەمیشە تازەیدایە، شیعرایەتیشی لەو چڕییەدایە کە هاوکێشەی سروشتیی نێوان سۆز و لادان و چڕی و قووڵی لەلایەک و ڕوخساری سەربەستی لەلایەکی دییەوە پێک دەهێنن[٣٠].

**٢- پۆلکردن:**

پەخشانە شیعر تاکو ئێستا، وەکو جۆرێکی سەربەخۆی ئەدەبی پۆل نەکراوە، چونکە دژایەتیی نێوان شێوەی دەرەوەی و شێوەی نێوەوەی بواری پۆلکردنێکی وا نادات، باشترین ڕێگاش لەم بوارەدا سەلماندنی شیعربوونیەتی[٣١].

٢-١- شیعربوونی پەخشانە شیعر، لە چوارچێوەی تیۆریی شیعرایەتیی نوێدا چارەسەر دەکرێت، واتە بەسەرنجدانی ئەو شیعرایەتییە وەکو ناوێک بۆ هەر شتێک کە پێوەندیی بەداهێنانی کتێب یان نووسینەوە هەبێت، نەک بەگێڕانەوەی ئەو شیعرایەتییە «بۆ واتا تەنگەکەی کە ئەو کۆمەڵە یاسا و دەستوورە ئیستاتیکییانە دەگرێتەوە وا پێوەندییان بەشیعرەوە هەیە»[٣٢]. لە دواییشدا، وەکو (بێرنار) دەڵێت: شیعربوونی پەخشانە شیعر مەسەلەیەکی تاکەکەسییە[٣٣].

٢-٢- ئەو پرسیارەی لەم بوارەدا دێتەکایەوە ئەمەیە: پێکهێنەری شیعرایەتی لە دەقی پەخشانە شیعردا چییە؟ (میشال ڕیفاتێر) بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە: «ئەوەی پەخشانە شیعر جیا دەکاتەوە، بنەڕەتێکی جووت ئەرکە: وەکو هەر شیعرێک ئاستی سیمانتیکی هەیە، لە هەمان کاتدا نەگۆڕێکی شێوەیی تایبەتی بەرهەم دەهێنێت بەجۆرێک لەگەڵ دەقەکەدا دەکشێت و لە ئاستی سیمانتیکی جیا ناکرێتەوە (...) لە تەوەریشەوە، دوو ڕەگەزی بەدوویەکداهاتووی هاوکات دەردەهێنرێن کە پێکداچوونی نیشانەییان شیعرەکە لە پەخشان جیا دەکاتەوە، وەکو لە شیعری ڕێکخراودا ڕوو دەدات[٣٤].

## ۳- ئەنجام:

۳-۱- پەخشانە شیعر، دەقێکی کورت و چڕە.

۳-۲- گرژ و ڕاچڵەکێنەرە.

۳-۳- لە سۆز و ئەندێشەدا زۆر گەرمە.

۳-٤- وا پێدەچێت هەر هەوڵدانێک بۆ پێناسەکردنی (پەخشانە شیعر) لە چوارچێوەی تێڕوانین بۆ مەسەلەکانی شیعرایەتیی ئاسایی و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەرەگەزی (کێش)ەوە، ئەو هەوڵە بێ ئەنجام بهێڵێتەوە. ڕەنگە لەبارترین چارەسەر بۆ مەسەلەیەکی وا، دوور ڕاگرتنی (شیعر) بێت لەو ناکۆکییە ڕواڵەتییەی شیعر لە پەخشان دادەبڕێت. لە دۆخێکی وادا، لابردنی وشەی (پەخشان) لە زاراوەی (پەخشانە شیعر) مەسەلەیەکی داواکراوە.

### سەرچاوە و پەراوێزەکانی فەسڵی یەکەم

(۱) لە ڕووی مێژووییەوە، زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەکات لە پاش سەدەکانی نێوەڕاستەوە بەسەر زۆربەی لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئەوروپادا هاتوون: گەشەکردنی بۆرژوا و گەیشتنی بەدەسەڵاتی ڕامیاری، واتە لە سەردەمی ڕێنیسانس و داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی - بیزەنتی لە ساڵی ۱٤٥۳دا. لە فەلسەفەشدا، بەو ڕەوتە نوێیە دەست پێدەکات لەگەڵ داهاتنی بیری عەقڵانییەتی زانستی و وروژاندنی مەسەلەی ئازادیی خودێتی لە فەلسەفەی (دیکارت) و پاشتریش (کانت) لە سەدەکانی حەڤدەم و هەژدەمدا سەری هەڵدا و بوو بەهۆی دابینکردنی سەربەستیی تاکەکەسی و دابڕینی دەوڵەت لە ئایین.

بۆ زانیاری پتر لە بارەی ئەم بابەتەوە، بڕوانە: ئەحمەدی مەلا (۱۹۹٤) هەوڵێکی گشتی بۆ پێناسەکردنی نوێخوازی، وێران، هەولێر، ژمارە (۱)، ل ۳۰-۳۲.

(۲) سەبارەت بەلایەنی ئەدەبیی زاراوەکە، لە چوارچێوەی بزاڤە نوێخوازە سەرەکییەکانی ئەوروپاییدا سنووربەندی کراوە، لایەنی تەکنیکاریش هەر بەو سنووربەندییەوە بەستراوەتەوە.

(۳) بۆ زانیاریی ڕاستەوخۆ لە بارەی هەندێ لەو پێناسانەی نوێخوازیی ئەدەبی بەگشتی و شیعری بەتایبەتی، بڕوانە:



* تي. ئێس. ئیلیەت (۱۹۸۲) فائدة الشعر و فائدة النقد، الطبعة الأولی، بیروت، ل ۱۸-۱۹.
* جاك دریدا (۱۹۸٥) القوة والدلالة، سەرچاوەی پێشووتر، پەراوێزی ژمارە (۸)، ل ۸۸.
* محمد بنیس (۱۹۸٥) حداثة السؤال، الطبعة الأولی، بیروت، ل ۲۳۱-۲۳۳.
* علي جعفر العلاق (۱۹۹۰) في حداثة النص الشعري، الطبعة الأولی، بغداد، ل ۱۱.
* سروود میرخان (۱۹۹٥) سێبەری مار، وێران، ژمارە (۲)، ل ۲-۳.
* کەمال مستەفا مەعرووف (۱۹۹٦) نوێ و نوێخوازی، وێران، ژمارە (۳-٤)، ل ۲۰-۲۱.

(٤) مالم برادبري و جیمس ماكفارلن (۱۹۹۰) الحداثة، ترجمة مؤید حسن فوزي، بغداد، الجزء الثاني، ل ۱۳:

لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەدا بۆ بابەتی نوێخوازی تەرخانکراون، زاراوەی وەکو: (Modernity)، (Modernization) و (Modernistic) بەرچاو دەکەون کە لەگەڵ چەند زاراوەیەکی وەکو: (Contemporary - هاوچەرخێتی) و (Innovation - نوێکردنەوە)دا ئاوێتە دەبن. ئەو زاراوانەش، لەگەڵ چەند زاراوەیەکی تازەتری وەکو: (Proto Modernism - نوێخوازیی سەرەتایی) و (Post Modernism - پاش نوێخوازی)دا، چەمکەکانیان بەیەکدیدا دەچن.

بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە، بڕوانە:

* جان فرانسوا لیوتار (۱۹۹٦) ما بعد الحداثة، ترجمة غازي مسعود، الموقف الثقافي، السنة الاولی، العدد الثالث.
* ئێم. ئێچ. ئەبرامز (۱۹۸۹) المذاهب الأدبیة في معجم المصطلحات الأدبیة، ترجمة عبدالله الدباغ، الطلیعة الأدبیة، العدد (۱-۲)، ل ۳۲-۳۳.
* فاضل ثامر (۱۹۸٦) جدل الحداثة في الشعر، الأقلام، العدد الثالث، ل ٥-۷.

(٥) ئێم. ئێچ. ئەبرامز، هەمان سەرچاوە، ل ۳۲.

(٦) ژان مۆریاس (۱۹۹٦) بەیاننامەی سمبولیستەکان، وەرگێڕانی مریەمی موورادی، وێران، ژمارە (۳-٤)، ل ۲۹.

(۷) رینیه ویلیك (۱۹۸۷) مفاهیم نقدیة، ترجمة محمد عصفور، الكویت، ل ۲۸۲.

(٨) مالكم برادبری و جیمس ماكفارلن، هەمان سەرچاوە، بەشی یەكەم، ل ٢١٣.

(٩) مایكل. هـ. لیفنسن (١٩٩٢) أصول أدب الحداثة، ترجمة يوسف عبدالمسيح ثروة، الطبعة الاولى، بغداد، ل ١٤٥.

(١٠) جاكوب كورك (١٩٨٩) اللغة في الأدب الحديث، ترجمة ليون يوسف و عزيز عمانوئيل، بغداد.

(١١) مالكم برادبری و جیمس ماكفارلن، هەمان سەرچاوە، بەشی یەكەم، ل ٢١٣.

(١٢) علي الشوك (١٩٦٩) دادا والشعر، الشعر ٦٩، العدد الثالث، ل ٥٢.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل ٦٢.

(١٤) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(١٥) جاكوب كورك، هەمان سەرچاوە، ل ١١٦-١١٧.

(١٦) مالكم برادبری وجیمس ماكفارلن، هەمان سەرچاوە، بەشی یەكەم، ل ٣٠٠.

(١٧) جميل نصيف التكريتي (١٩٩٠) المذاهب الأدبية، الطبعة الأولى، بغداد، ل ٣٢٤.

(١٨) جاكوب كورك، هەمان سەرچاو، ل ١١٩.

(١٩) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٢٠) سوزان بيرنار (١٩٩٣) قصيدة النثر من بودلير الى أيامنا، ترجمة زهير مجيد مغامس، بغداد، ل ١٧.

(٢١) هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

(٢٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٨.

(٢٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٧.

(٢٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٢-١٦٤.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.

(٢٦) عبدالستار جواد (١٩٩٠) قصيدة النثر في الأدب الأنكليزي، الأديب المعاصر، العدد (٤١) ل ٤٧.

(٢٧) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

(٢٩) جان كوهن (بدون تأريخ) بنية اللغة الشعرية، ترجمة محمد الولي ومحمد العمري، الدار البيضاء، ل ١١، ٥٢.

(كوهێن) ژانرە ئەدەبییەكان لە ڕووی ئەدگارە دەنگی و سیمانتیكییەكانیانەوە،



بەگوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوە پۆل دەكات (ل ١٢):

ئەدگارە شیعرییەكان

| ژانرەكان | دەنگی | سیمانتیكی |
|---|---|---|
| پەخشانە شیعر | - | + |
| پەخشانی ڕێكخراو | + | - |
| شیعری تەواو | + | + |
| پەخشانی تەواو | - | - |

(٣٠) مالكم برادبری و جیمس ماكفارلن، هەمان سەرچاوە، بەشی دووەم، ل ٦٣، ٦٦.

(٣١) پەخشانە شیعر، وەكو جۆرێكی سەربەخۆی ئەدەبی لە چەند سەرچاوەیەكدا هەوڵی پۆلكردنی دراوە، لەوانە:

* رينيه ويليك و أوستن وارين، سەرچاوەی پێشووتر، ل ٢٣٤، ٢٤٥، ٢٤٧.

* موسوعة نظرية الادب (١٩٨٦) مجموعة من العلماء، ترجمة جميل نصيف التكريتي، القسم الأول، الطبعة الثانية، بغداد، كە ئەم بابەتانەی تێدا دەبینرێت:

- جۆرە ئاوێتە ئەدەبییەكان، جۆری ئەدەبیی سەربەخۆ پێك ناهێنن: ل ١٠.
- ئەدگارە ڕوخسارییەكان، جۆری ئەدەبی دەستنیشان دەكەن: ل ١٢.
- ڕەتكردنەوەی بۆچوونەكانی (ویلیك و وارین) لەبارەی جۆرەكانەوە: ل ٢٥.

* جيرار جينيت (بدون تأريخ) مدخل لجامع النص، ترجمة عبدالرحمن أيوب، بغداد - الدار البيضاء، كە پێی وایە ئاوێتەكردنی جۆرەكان، جۆرێكی نوێ پێك دەهێنێت: ل ٩٢.

* سامي مهدي (١٩٨٨) افق الحداثة وحداثه النمط، بغداد:

وەڵامدانەوەی پرسیار لە بارەی پەخشانە شیعرەوە وەكو جۆرێكی سەربەخۆ: ل ١١٥، ١٢١.

(٣٢) تزفيطان طودوروف (بدون تأريخ) الشعرية، شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، الدار البيضاء، ل ٢٣.

(٣٣) سوزان بيرنار، هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

(٣٤) كمال ابو ديب (١٩٨٣) بحث في الشعرية، مواقف، العدد (٤٦)، ل ١١٣.

## فەسڵی دووەم

## پەیکەرسازیی نوێی زمانی شیعر

### یەکەم- زمانی شیعر و پەخشان

١- زۆربنەی پێناسەکانی زمانی شیعر، ئەو زمانە وەکو ترازانێک لە زمانی ئاسایی دیاری دەکەن. ئەم بۆچوونە لەگەڵ فۆرمالیستەکاندا دەرکەوت و پاشان لەلایەن کۆمەڵەی (ئاپۆیاز) و قوتابخانەی (پراگ)ەوە گەشەی کرد و چەسپا[١].

١-١- لە یەکەمین بڵاوکراوەی بەکۆمەڵی فۆرمالیستەکان لە ساڵی (١٩١٦)دا، (ل. یاکۆبنسکی) لە بارەی تێڕوانینی نوێ بۆ زمانی شیعر، وا دەنووسێت: «پێویستە دیاردە زمانییەکان بەگوێرەی ئەو مەبەستە پۆل بکرێن کە بێژەر بۆی بەکاریان دەبات، ئەگەر بۆ مەبەستێکی ڕووتی گەیاندن بێت ئەوا مەسەلەکە پێوەندیی بەزمانی عەمەلییەوە هەیە و ڕەگەزە زمانەوانییەکانیش هیچ بەهایەکی سەربەخۆیان نابێت، زمان لێرەدا ئامرازێکی گەیاندنە. بەڵام چەند سیستەمێکی زمانەوانی هەن کە مەبەستی عەمەلی تێیاندا ڕۆڵی لاوەکیی دەبێت (هەرچەندە بەتەواوی لەبەین ناچێت) و ڕەگەزە زمانەوانییەکان بەهایەکی سەربەخۆیان دەبێت»[٢].

١-١-١- (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ) ئەو بۆچوونەی (یاکۆبنسکی) بەم شێوەیە چڕ دەکاتەوە: «زمانی عەمەلی ڕەوابوونی خۆی لە دەرەوەی خۆیدا دەبینێتەوە (...) ئامرازە نەک مەبەست (...) لە کاتێکدا زمانی شیعر ڕەوابوونی خۆی (لە دواییشدا هەموو بەهای خۆی) لە خودی خۆیدا دەبینێتەوە. بۆ خۆی مەبەستی خۆیەتی و ئامرازی مەبەستێکی دیکە نییە»[٣].

١-٢- بەدەرکەوتنی قوتابخانەی (پراگ) و ڕێبازی بنیاتگەریی سەرەتایی



لە دەوروبەری ساڵی (١٩٢٦)دا، لێکۆڵینەوەکانی شیعرایەتی گەشەکردنێکی دییان کرد و دەتوانین بەسەرەتای هاتنەکایەی شیعرایەتیی نوێیان دابنێین کە بریتی بوون لە جەختکردن لەسەر هەمەڕەنگیی ئەرکەکان لە گوتاردا.

(یان مۆکارۆڤکی) بە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی دوو جۆرە ئەرکی زاڵ و لاوەکی بۆ پیشاندانی سروشتی هەر گوتارێک، پێی وابوو هەر گوتارێک دەشێت ئەرکی ئیستاتیکی لەخۆ بگرێت، سنوورەکانی هونەر و - ناهونەریش ئاوێتە بن، ڕەنگە هەندێ جار ڕەگەزە ئیساتیکییەکان لە کارێکدا زاڵبن شیعریش نەبێت، کەچی لە کارێکی شیعریدا لاوەکی بن[٤].

٢- پێناسەکردنی زمانی پەخشان، پێویست دەکات سروشتی پەخشانەکە دەستنیشان بکرێت: پەخشانی سادە، پەخشانی هونەری، پەخشانی زانستی. ئەو دەستنیشانکردنە، بوار دەدات زمانی پەخشان بەگوێرەی زمانی شیعر پۆل بکرێت. لەم بوارەدا، پۆلکردنە پلەییەکەی (دەبلیو. دەبیلو. ڕۆبسن) جێگای هەر یەکێک لەو زمانانە خانەبەندی دەکات:

٢-١- (ڕۆبسن) پێی وایە جۆرەکانی زمانی گوتار وەکو زنجیرەیەکی پلەیی سەرنج بدرێن نەک وەکو چەند زمانێکی جیاواز. ئەو لە سەرێکی زنجیرەکەدا، زمانی زانست - بەنیشانە و داڕشتنە دیاریکراوەکانیەوە - جێگیر دەکات، لە سەرەکەی دیکەشدا، شیعری دەنگیی بێ واتا دادەنێت، لە نێوانیشیاندا، ئەو مەودا فراوانەیە کە زۆربەی شیعرەکان، پەخشانە هونەرییەکان، شانۆگەرییەکان، چیرۆکە پەخشانییەکان و گوتەی ئاسایی و... تاد، لەوێدا تێک دەچرژێن[٥].

٣- لەو بۆچوونانەی پێشەوە باسکران، دەتوانین بڵێین زمانی پەخشانە شیعر، وەکو هەر زمانێک لە گوتارێکی دیاریکراودا، لەسەر بنچینەی هیچ جۆرە هاودژییەک لەنێوان زمانی شیعر و زمانی پەخشاندا بنیات نەنراوە،

زمانێکە «بۆ ڕیتمە بنەچەییەکەی زمانی مرۆڤ گێڕدراوەتەوە»[٦].

٣-١- ئێستا، وەک (کلایف سکۆت) دەڵێت: «پەخشان، نەک شیعر، وەکو بنەچەی کاری شیعری، گرنگییەکی گەورەی دەبێت (...) فرەیز تەنیا فرەیزێک نییە، بەڵکو دێڕە شیعرە (...) ڕستەی پەخشان قەوارەیەکی تایبەت بەخۆی دەبێت و ملکەچی ڕستەسازی نابێت»[٧].

٣-٢- لایەنێکی گرنگ لە ئیستاتیکای شیعری نوێخواز بەگشتی و پەخشانە شیعر بەتایبەتی، جۆری ڕەفتارکردنی شاعیر لەگەڵ زماندا بەرجەستەی دەکات لە ڕێگای «سڕینەوەی پێوەندە لۆجیکییەکان، هاوجێکردنی بابەت و بیری دوور لە یەکدی و بەکاربردنی وشەی تەریک و ڕستەی بێ فرمان کە لە شێوەی هێشووە چرای هێماکار کۆدەبنەوە[٨]».

٣-٣- شیعرایەتیی نوێ، بەجەختکردن لەسەر مەسەلەی چۆنیەتی گوتن نەک چی گوتن، زمانی شیعر بەئامرازێکی گرنگی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دادەنێت. وەکو (ئەلەن تەیت)یش ڕوونی دەکاتەوە، «فەلسەفەی شاعیر هەرچییەک بێت، مەودای واتاکانی هەرچەندە فراوان بێت، لە ڕێگای زمانەکەیەوە دەیناسیتەوە[٩]»، ئەو زمانەش لە شیعردا بێت یان لە پەخشاندا، ترازانێکی پلەییە لە زمانی ئاسایی کە لە ئاستی وشە و ڕستەدا دەستنیشان دەکرێت و شێوازی نووسینی شاعیر پیشان دەدات.

**دووەم - شیکردنەوەی پراکتیکی:**

(زمانی شیعر لە بواری تاقیگەریدا)

١- ئاستی وشەکان: وشە لە بەکاربردنی نوێخوازیدا، مەڵبەندێکی سیمانتیکی و بەشێکی بنیاتیی دەقی شیعرییە، تەوزیفکردنی وشە لە پەخشانە شیعری کوردیدا لەم بوارانەدا دەبینرێت:



١-١- وشەی سەربەخۆ:

«بەرد... باداری
موو... پەلک»[١٠].

لێرەدا، وشەکان جگە لەوەی چەند مەڵبەندێکی سەربەخۆی سیمانتیکی دروست دەکەن، لە نێوانیشیاندا چەند هێڵێکی نەبینراو هەیە کە سەرجەمی مەڵبەندەکان بەیەکتر دەگەیەنێت. لەم تاقیکردنەوەیەدا، پێویستە خوێنەر داهێنەری دووەم بێت.

١-٢- وشەی بازاڕی و نەپۆشراو: شاعیری نوێخواز بەنەفیکردنی پێوەرە ئاساییەکانی وشەی شیعری: وشەی جوان، وشەی مۆسیقایی، پیرۆزیی وشە... تاد، هەوڵ دەدات وشەی ڕۆژانە بێ هیچ ڕتووشێکی ڕەوانبێژی، جێگری وشەکانی پێشوو بکات و بیانکات بەمەڵبەندێکی نوێی هێماکردن:

١-٢-١- «لەو وڵاتە پڕ لە عەتری کۆن و بوخووڕ و
دیاری هەرزان و کلیل و قفڵی ژەنگاوی و
تەمی هەناسە و، پەڕۆ شڕ و
پانکە قوپاو و، ڕادیۆ شکاوەدا
(...) ئەو هەموو پانتۆڵە کۆن و
کراسە شڕ و
کاسکێت و قەمسەڵە عەنتیکانە»[١١].

ئەوە لایەنێکە لە دیمەنی هەڕاجخانەیەک کە شاعیر دەیەوێت لە دەروازەیەوە دوو جۆرە ژیانی ناکۆک بەرجەستە بکات: (ژیانی هەژارەکان = ژیانی دەوڵەمەندەکان).

١-٢-٢- «بێنە، دادە بهێنە، هەمبانە گوانە
ژنی ئاوسی سەپان لەبەر سێبەری کەپرێک مەگیرانیەتی
بەبایە بۆ قوری لیچی بنە شەربە»[١٢].

سەرنجدانێکی خێرا لە وشەکانی: (گوانە، ئاوس، مەگیرانی، بەبا... تاد) سروشتی بێ پەردەی ڕاستەوخۆیان بەوردی پیشان دەدات و لە هەمان کاتدا ئەتەمێکی فراوانی هێما و ئیمازی ناڕاستەوخۆ پێک دەهێنن.

١-٢-٣- «ژن لە پێش دەرکان
ئاووهەوای کارگان دەپارزنن
دەڕۆننە میزکردنی پیرەمێردان»(١٣).

بڕوانە وشەکانیک (کارگان، میزکردن) و کێڵگە سیمانتیکییەکانیان وەکو وشەی لێکدراو.

١-٢-٤- «ئێمە نا... بەڵام کچە بێوەژنەکان
دایانە بەر:
دەستڕێژی میز و نارنجۆکی تف و مۆلۆتۆفی پیسایی»(١٤).

وشەکانی: (میز، تف، پیسایی) کە لە فەرهەنگی شیعری نوێخوازدا نەبێت بەدەگمەن دەبینرێن، پێویستە لە ڕێڕەوی دەقەکەدا مەبەستی بەکاربردنیان بپشکنرێت. شاعیر لێرەدا ئاماژە بۆ دیاردەی جەنگ دەکات، لەبەرئەوە دەیەوێت وشەکانیش لە پلەی دیاردەکە دابن.

١-٣- وشەی ناوچەیی: شاعیرەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی شیعرییان، پەنا بۆ فەرهەنگی دیالێکتەکانیان، سەرەڕای مەبەستی هونەری و سایکۆلۆژی، دەبەن:

١-٣-١- (کاکە مەوەستە با غاردەین تا زووە)
گوجیلەکە پێی وت:
نەوەک، نەیارێک، بەزفت لم و پێچکەی دۆست لێک زویر بکا(١٥).

وشەکانی: (غاردەین = ڕاکەین)، (گوجیلە = تووتەڵە)، (زفت = هیچ)، هەموویان وشەی ناوچەیین و شاعیر جگە لە مەبەستی دوڵەمەندکردنی زمانەکەی، بۆ بەرپاکردنی جۆرە ڕاچڵەکاندنێکی زەینی خوێنەر بەکاری بردوون کە لەگەڵ زمانە ستانددرەکەدا دەقی گرتووە.



١-٣-٢- «ئاوێزانی ژینە ژانم بە
ئاوێزانم بەو وەختی سوور و سات بەسەرچوو
(...) ئەمە بۆرە تارێکی شوومە و سەرەتای شەوێکی ئاوس
بەقاتوقڕی (...) بەجۆگەی شەراب و ڕووباری ژەهر و
یەکاوی تاواندا بتسووڕێنمەوە»(١٦).

لە هەر یەکێک لەو ڕستانەدا، وشەیەکی لێکدراوی بەدەگمەن بەکاربراوی ناوچەیی وەکو: ژینەژان، سوور و سات، بۆرە تار، یەکاو) بەرچاو دەکەون کە لە فەرهەنگۆکی دیوانەکەدا، بەم جۆرە لێکدراونەتەوە:

ژینە ژان = مەراقی گەورە
سوور و سات = میوانداری
بۆرە تار = تاریکایی سەرەتای ئێواران و بەیانیان
یەکاو = شەت، چەمی گەورە کە لە چەند ئاو پێکهاتبێ.

١-٣-٣- «لە خەومدا نەیرۆن زیندوو بۆتەوە و بووەتە قەراڵی هەموو جیهان و
بڕیاری دەرکردووە هەرچی دار زەیتوونی جیهان هەیە.
هەمووی بکرێ بەخۆڵەکەوە»(١٧).

وشەی لێکدراوی (خۆڵەکەوە)، کە لە دوو وشەی: (خۆڵ) و (کەوە = شین) پێکهاتووە و بەواتای (خۆڵەمێش)ە.

١-٤- وشەی نوێکراوەی کلاسی: ئەم ئەدگارە، لە نوێکردنەوەی هەندێ لە وشە کلاسی و فۆلکلۆرییەکاندا دەردەکەوێت کە لە واتا و هێما باوەکانیان ترازێندراون:

١-٤-١- «بۆ هەناسەی گیاکانە ئەم دەفتەرە
بۆ لێوی ئاسنینە ئەم خەندەیە
(...)
مرۆڤ بارمتەی قەفەز و قەفەزەکان میوانی هەمیشەیی»(١٨).

لێرەدا وشەکانی: (دەفتەر، خەندە، قەفەز) کە هەر یەکێکیان لە دیوانی شیعری کلاسیدا واتا و هێماکردنی قالّبیی خۆیان هەبوو، چەند گۆڕانێکی بنەڕەتیی سیمانتیکییان بەسەردا هاتووە و لە مەبەستە ئاساییەکانیان دابڕاون: (دەفتەر) لە تۆمارگەی شیعرەوە بۆ تۆمارکردنی (هەناسەی گیاکان)، (خەندە) لە لێوی دڵبەرەوە بۆ (لێوی ئاسنین) و (قەفەز)یش لە زیندانی دڵی شاعیرەوە بووە بەزیندانی خودی شاعیر.

١-٤-٢- «شمشێرمان لەودیو پردەکە جێهێشت و هەڵاتین
شەڕ پێشی ئێمە گەیشتبووە مەنزڵ»[١٩].

لێرەدا، وشەی (مەنزڵ)، واتاکەی فراوانتر کراوەتەوە لەوەی لە شیعری کلاسی و فۆلکلۆریدا هەیە، لە وشەیەکەوە کە ئاماژەی بۆ (ماڵ، جێگای دڵبەر) دەکرد، ئاماژە بۆ (شار، نیشتمان) دەکات.

١-٥- بەکاربردنی نوێی ناو و هێماکان: لەم بوارەدا، ناو و هێما مێژوویی و ئەفسانەییەکان، پەیامی خۆیان ڕاناگەیەنن، هەرچەندە ئەو پەیامە لە هەستی بەکۆی کۆمەڵدا چەسپاوە، بەڵام پەیامی شاعیر ڕادەگەیەنن کە ئەو ناو و هێمایانە بۆ مەبەستی خۆی، لە ماهییەتی ڕاستەقینەیان دادەبڕێت:

١-٥-١- «من ئەو چەمەم کە هەمیشە ڕۆژ وەک پەریبەک
بەنهێنی مەلەم تیادا دەکات
(ئەوە هاژەی خوێنەکەی مەلا ئاوارەیە)
(...) ئاگاداربن لە هەموو میرنشینییەکدا
لەشکری یەک هەیە
(ئەوە دەنگی خانزادە)
ئەرێ ئەم تارماییانە مرۆڤن یا کەنوو؟
(ئەوە دەنگی ئەحمەدی خانییە)»[٢٠].

١-٥-٣- «پەریزادم... من ئەمشەو هاتوومە لات و
مەستی نەزانینی خۆمم، پەپووسلێمانکەیەکم سەرخۆش



فڕینم لاسەنگ و نزم و دەنگم قرتاو و خەونم قرچۆک»[٢١].

ئەو پەپووسلێمانکەیەی شاعیر کەسایەتیی خۆی پێ بەخشیوە، زۆر لەوەی دەقە ئایینییەکان جیاوازە، شاعیر بەهەڵگێڕانەوەی هێمای نیشانەکە، ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە، هەڵگری هیچ هەواڵێکی شادی بەخش نییە.

٢- تێکدانی سیستەمی ڕستەسازی: لەم ئاستەدا، سەرنجی هەندێ لایەنی ئەو گۆڕانکارییانە دەدرێت کە شاعیرانی پەخشانە شیعری کوردی بۆ تێکشکاندنی زمانی ئاسایی و دۆزینەوەی زمانێکی تایبەت بەهەر یەکێکیان، بەدییان هێناوە.

٢-١- ترازانی ڕێزمانی: ئەم دیاردەیە بەزۆری لە بەکاربردنی ڕستەی کاری و تێکدانی داڕشتنی ڕستەکان و گۆڕینی بنیاتەکانیاندا دەردەکەوێت:

٢-١-١- ڕستەی کاری:
«خۆشە هەموو شتێ قلّپ کەیەوە»[٢٢].

ڕستەکە لە ڕووی پێکهاتنەوە، ڕستەیەکی لێکدراوە، لە ڕووی داڕشتنیشەوە، لەم بەشانە پێکهاتووە:
خۆشە (گوزارە) + هەموو شتێ (دیارخەر) + قلّپ کەیەوە (نیهاد) کە پێچەوانەی داڕشتنی ئاسایی ڕستەی زمانی کوردییە، بەو پێیە ڕستەی کاری بریتییە لە پێشخستنی گوزارە و پاشخستنی نیهاد.

٢-١-٢- تێکدانی داڕشتنی ڕستە:
«دڵمان بارمتەبوو لێرە، ڕۆحمان قەرز و خوێنمان خەراج»[٢٣].

ڕستە شیعرییەکە لە بنەڕەتدا ڕستەیەکی لێکدراوە، شاعیر بەبەکاربردنی چوکڵە، سیستەمی ڕستەسازییەکەی تێکداوە و وەکو ڕستەیەکی سادە پێشکەشی کردووە کە گوزارەکەی پێشی هەندێ لە دیارخەرەکانی خراوە.

**٢-١-٣- گۆڕینی بنیاتی ڕستە:**

«ئەو ئێرەیە بەتۆ دەسپێرم
تا تەواوی پەنجەرەکان بەدوای مندا سەرگەرم بن
(...)
ئەو ئەوێیەی لەناو دەستەکانت بووە خوناو
تیشک گەمارۆی دا»[٢٤].

جێناوی نیشانەیی: (ئەو) لە هەردوو ڕستەکەدا، بەشێکی بنیاتی ڕستەکە نییە؛ چونکە لە پێکهاتەی ئاساییدا، ئەو جێناوە ناچێتەسەر ئاوەڵگوزارەکانی شوێن: (ئێرە، ئەوێ).

**٢-١-٤- ترازانی ڕێزمانی**، وەکو پێکهێنەرێکی شیعرایەتیی ڕستە، لە هەر شیکردنەوەیەکدا پێویستی بەئەژمارکردنی ڕێژەکانی هەیە. بەگوێرەی ئەو ئەژمارەی بۆ ڕەچاوکردنی ڕێژەی ئەو دیاردەیە لە دەقە هەڵبژێراوەکاندا ئەنجامدراوە، ڕێژەکان لای هەر یەک لە شاعیران بەم جۆرەی خوارەوەن:

خشتەی (٢-١)

| شاعیرەکان | لەتیف هەڵمەت | ع. ع. یوسف | ئەنوەر مەسیفی | بەختیار عەلی | سەباح ڕەنجدەر | قوبادی جەلیزادە | شێرکۆ بێکەس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەکان | ١١٪ | ١,٥٪ | ٢٪ | ٢١٪ | ٥٪ | ١٨٪ | ١٦٪ |

ڕێژەی ترازانە ڕێزمانییەکان لە دەقەکاندا

**٢-٢- لابردنی بەشەکانی ڕستە:** ئەم ئەدگارە، بەتایبەتی لابردنی بەشە ناسەرەکییەکانی ڕستە، ئاراستەیەکی گشتی لەلای شاعیرە نوێخوازەکاندا پێک دەهێنێت و پتر لە بواری لابردنی ئامرازەکانی پێوەندی و خستنەسەر و ڕاناو و کرداره دووبارەکراوەکاندا، بەڵام بێ زیانگەیاندن بەواتای ڕستەکە، دەردەکەوێت.



**٢-٢-١ «لای چووم»[٢٥].**

لەو ڕستە قرتێنراوەدا، زۆربەی لایەنەکانی ئەدگارەکەی پێشوو ئەنجامدراون، کە بریتین لە: لابردنی ڕاناوەکانی کەسی یەکەم و سێیەمی تاک (من، ئەو) و ئامرازی پێوەندیی (بۆ)، ڕستەکەش لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە:

(من بۆ لای ئەو چووم)

لێرەدا مەبەست، بژارکردنی زمانە لە بەشە زیادەکانی.

**٢-٢-٢- «تۆ هەنووکە**

نێرگز دەچێنیت و... زریانیش
پێکەنین کەوی دەکەیت و... گریانیش
پشکۆ لە باوەش دەگریت و... بەفریش
نان دەبرژێنیت و... ژەهریش»[٢٦].

ئەو ڕستانە لە ڕووی پێکهاتنەوە چۆن پۆل دەکرێن؟

ئەگەر بەگوێرەی کردارەکانیان بێت، هەر یەکێکیان ڕستەیەکی سادەیە و تەواوکەری نیهادەکانیان: (زریانیش، گریانیش، تاد) دواخراون، لەم دۆخەدا ڕستە بنەڕەتییەکان بەم جۆرە بوونە:

(نێرگز و زریانیش دەچێنیت
پێکەنین و گریانیش کەوی دەکەیت... تاد)

بەڵام ئەگەر وەکو ڕستەی لێکدراو سەرنج بدرێن، ئەوا ئامرازی لێکدەری (و) لە هەمان کاتدا ڕستەکانی پێکەوە لکاندووە و جیاشی کردوونەتەوە. بەو پێیە کردارەکانی بەشی یەکەمی ڕستەکان، کە لە بەشی دووەمدا دەبوو دووبارە بکرێنەوە، بەدوو مەبەست لابراون: یەکەمیان چڕکردنەوەی ڕستەکانە و دووەمیان بۆ بەرپاکردنی ڕیتمێکی بەهێز لە کۆتایی ڕستە بڕاوەکاندایە.

٢-٣- ڕستـــەی ناتەواو: لەم تاقـــیکردنەوەیەدا یەکـــێک لە بەشـــە سەرەکییـەکانی ڕستـە، بەتایبـەتی (گـوزارە) لادەبرێت کە دەبێـتە هۆی ناتەواویی واتای ڕستـەکـە، مەبەستـیش چڕ و ئاڵۆسکاندنی شێـواز و کردنەوەی کۆتایی ڕستەکە بۆ ژمارەیەک واتای پێشنیازکراوە:

٢-٣-١- «خواوەند
فریشتە
دەرگای بەهەشتیان بزر» (٢٧).

نموونەکە ڕستەیەکی ناتەواوی بێ گوزارەیە. بە وتەیەکی دی، ڕستەیەکی بێ کردارە، ئەم ئەدگارەش کـۆتایی وشـەی (بزر)ی بۆ چەند ئیحـتیمالێک کردۆتەوە کە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە گرنگترینیان پیشان دەدات:

(بزر)

| (بزر + ە) | (بزر +بووە) | (بزر +کراوە) | (بزر +کردووین)...هتد |
|---|---|---|---|
| بەڵام ڕەنگە | تازە | گومانکردن | ڕێگرتن |
| بدۆزرێتەوە | نادۆزرێتەوە | لە دەسەڵات | لە بەختیاری |

٢-٣-٢- «پێڵاوی لە خۆی
پیری ڕدێنفرۆش
ژووری لە گۆچوو» (٢٨).

وێنەکانی نموونەکە، وێنەی چرکەیین کە لە ڕووبەری زەیندا کۆلاژ کراون، ئەم دارشـتنە بوار دەدات تەنانەت ڕسـتـەی یەکـجـار ناتەواوی وەکـو ڕسـتـەکـانی نموونەکـە کـە لە ئاسـتی وشـەی لێکدراودان، ئاسـتـێکی سیـمانتیکی زۆر فراوان بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە وێنەی داهێنراو فەراهەم بکات.

٢-٤- ڕستـەی دابڕاو: ئەم ئەدگـارە، بریتـییە لە دابڕینی ڕستـەیەک، یان بەشـێکی، لە ڕێڕەوی سیـمـانتـیکیی سیـستـەمی ڕستـەسازیی ڕستـە



سەرەکییەکە، بەمەبەستی جەختکردن لەسەر دۆخێک یان گەورەترکردنی قەوارەکەی:

٢-٤-١- «با فریای دوا وێردی گوڵەگەنم و
دوا پەیامی بەرد و، دوا نزای
فریشتە تاوانبارەکان بکەوین
فریای ئاه و ناڵەی شەیتانە بەسزمانەکان» (٢٩).

لە نموونەکەدا، نیـمچە ڕستـەی کۆتایی، لە جێگای خۆی ترازێنراوە و لە پاش کـرداری ڕسـتـە سـەرەکـییـەکـە جـێگیـرکـراوە. دابڕانەکـە لێـرەدا، بۆ جەختکردنێکی پتر، لەسەر بەشە دابڕاوەکە.


٢-٤-٢- «پەشیمانییەکی ژیلەمۆ ڕەنگ گێنگڵم پێ دەدات
وەکو پەشیمانی باوکە ئادەم
دوای کرۆشتنی سێوە قەدەغەکە» (٣٠).

دێڕی یەکـەمی نموونەکـە، ڕسـتـەی سـەرەکی پێک دەهێنێت، دێڕەکـانی دووەم و سـێـیـەمـیش بەشـە دابڕاوەکە پێک دەهێنن کـە وەکـو نیـمـچـە ڕسـتـەیەکی ئیـعـتـیـرازی دەبوو لە پێش فرەیزی: (گێنگڵم پێ دەدات)ەوە بهـاتایە، لەم دۆخەشـدا لە لێکچـوواندنێکی ئاسـایی بەولاوە شـتـێکی دی پێـک نەدەهێـنا. بەڵام دابڕینی لە ڕسـتــە سـەرەکـیــیـەکـە، قـەوارەی پەشیمانییەکەی شاعیری گەورەتر و بەرجەستەتر کردووە.

٢-٥- ڕێنووسی هێماکار: لەم شێوازەدا، ڕێنووس دەبێتە بەشێکی گرنگی بنیـاتی سیـمـانتـیکی و جگە لە زەین، چاویش هاوبەشی پەیامـەکە، یان بەشێکی دەکات:

٢-٥-١- «کە تۆ لە ئامێز دەگرم، ئەی بزری دیار
خیانەت لەگەڵ ئەودا دەکەم
کـە ئەو لە ئامـێـز دەگـرم، هۆ دیاری بزر خـیـانەت لەگـەڵ تۆدا دەکەم» (٣١).

لەو نموونەیەدا، دوو جۆرە ڕێنووس بۆ وشەکانی (بزر، دیار) بەکاربراوە، بۆ بەرجەستەکردنی دوو دۆخی جەستەیی و دەروونیی کە دەتوانین لە ڕێگای ئەم هێڵکارییەوە ڕوونیان بکەینەوە:




٢-٥-٢- «چلووره خوێناوییەکان بەسەر گلێنەی ئاگردانەکانی ئێمەدا

بەر بەر بەر
دە دە دە
بنە بنە بنە
وە وە وە[٣٢]

لەتکردنی کرداری بەربوونەوە و ئاراستەکردنی لەتەکان لە سێ ڕیزی بەرەوخواردا، بۆ گواستنەوەی وێنەکەیە لە زەینەوە بۆ چاویش.

**٣- سینتا - شێوازی زمانی شاعیران**

دیاریکردنی سیماکانی زمانی شیعر، بێ دەستنیشانکردنی شێوازی ئەو زمانە، کارێکی ناتەواوە، لەبەرئەوە بەپێویست زانرا بەبەکاربردنی ڕێبازی شیکردنەوەی شێوازگەری، لایەنێکی ئەو مەبەستە ساغ بکرێتەوە.

٣-١- بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی زمانی شیعریی شاعیران، پێویست بوو ئەژمارێک بۆ جۆری پێکهاتنی ڕستەکان: (سادە، لێکدراو،... تاد) و ڕێژەکانیان لە دەقەکاندا ئەنجام بدرێت. ئەو دەستنیشانکردنە، شێوازی هەر یەکێک لە شاعیران و پاشتر شێوازی گشتیی زمانی پەخشانە شیعری کوردی لە سنووری باسەکەدا بەوردی پیشان دەدات.



٣-١-١- جۆر و ڕێژەی ڕستەکان لە دەقەکانی هەر یەکێک لە شاعیران، بەگوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

خشتەی (٢-٢)

| شاعیرەکان / ڕستەکان | لەتیف هەڵمەت | ع. ع. یوسف | ئەنوەر مەسیفی | بەختیار عەلی | سەباح ڕەنجدەر | قوبادی جەلیزادە | شێرکۆ بێکەس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سادە | ٪٣٦ | ٪٤١ | ٪٤٢ | ٪٣٥ | ٪٤٨ | ٪٢٨ | ٪٤٥ |
| لێکدراو | ٪٣١ | ٪٤٦ | ٪٧ | ٪٣٨ | ٪٢٠ | ٪٥٢ | ٪٤٧ |
| داڕێژراو | ٪٣٣ | ٪١٣ | ٪٣ | ٪٢٠ | ٪١٦ | ٪١٨ | ٪٦ |
| ناتەواو | – | – | ٪٤٨ | ٪٧ | ٪١٦ | ٪٢ | ٪٢ |

جۆر و ڕێژەی ڕستە شیعرییەکان لە دەقەکاندا

٣-١-٢- زاڵبوونی ڕستەی سادە لە دەقەکانی (هەڵمەت، ڕەنجدەر)دا یان ڕستەی ناتەواو لەلای (مەسیفی)، بەنموونە، چ ئاماژەیەکی شێوازەیی دەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بەدیاریکردنی سیمای گشتیی هەر یەکێک لەو ڕستانەوە بەندە و لە خوارەوەدا بەچەند نموونەیەک ڕوون دەکرێنەوە:

٣-٢- ڕستەی سادە: ئەم جۆرە ڕستەیە، بەو پێیەی مەبەستێکی دیاریکراوی کورت ڕادەگەیەنێت، دیاردەی زاڵبوونی ئەرکی ڕاگەیاندن بەسەر ئەرکی شیعری لە بەکاربردنیدا پتر دەردەکەوێت:

٣-٢-١- «پێڵاویان دزیم
چاویان هەڵکۆڵیم
ئەنگوستی نیوە زێڕ و نیوە زیویان قرتاندم»[٣٣].

لە نێوان هەریەک لە نیهاد و گوزارەکانی نموونە (٣-٢-١)دا، پێوەندییەکی لۆجیکی هەیە کە ئەرکی ڕاگەیاندنی پەیامەکەیان بەسەر ئەرکی شیعرییدا زاڵ کردووە، هەروەها وێنەکان تاکن و هێماکانیشیان لەو

سنوورەدان.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە ڕستەی سادە، وێنەی شیعری و فەزای درامی دروست ناکات. هەر لە نموونەکەدا ڕستەی سێیەم بەهۆی ئاڵۆزبوونییەوە: زیادبوونی دیارخەرەکانی (نیوە زێڕ و نیوە زیو)، وێنەیەکی شیعری تر و فەزایەکی سیمانتیکی فراوانتری پێکهێناوە.

٣-٢-٢- ڕستەی سادە، بەگشتی، ڕستەیەکی تاک وێنەی تاک هێمایە.

٣-٣- ڕستەی داڕێژراو:

٣-٣-١- «ترس و بیمێکی دڕندە بەژەهراوێکی ڕەش
که لە دەمارە ئەفساناوییەکانیەوە ئەڕژێ
جاڵجاڵۆکە لاوازەکانی ناوکە نووی
کارەسات
پەروەردە ئەکەن
(ڕستەی سەرەکی)
(وێنەی سەرەکی)

بۆ تەنینی ڕێگای مناڵە وێڵەکانی
بیابانە قووڵاییی بێ کۆتاییەکان
کە ئەگرین و پێ ئەکەنن
بەڵام بێ دەم کردنەوە، دێن و دەڕۆن
بەڵام بێ هەنگاونان
کۆشی چنگیان پڕە لە زێڕێکی سەوز
لە شەقامە لێڵ و کوێرەکانا بڵاوی ئەکەنەوە
بێ ئەوەی ئاگایان لەوەبێ
کە باپیرە لە وشە گیراوەکەیان وەکو سیخوڕ
بەدوایانا ئەگەڕێ
هەمیشە چاوی لەو خۆڵەمێشەیە
کەوا لەژێر پێیانا
کووپەی نهێنیە تەماوییەکانی تیا شاراوەتەوە
تاوەکو نارنجۆکێکی تازەی لێ دروست کات»[٣٤].
(ڕستە لاوەکییەکان)
(وێنە لاوەکییەکان)



بنیاتی سینتاکسی ڕستەکە، لە ڕستەیەکی سەرەکی و چەند ڕستەیەکی لاوەکی پێکهاتووە. نیهاد و گوزارەی ڕستەی سەرەکی بریتییە لە: (ترس و بیم... پەروەردە ئەکەن) ڕستەکانی دیش، لە نێوەوە و دەرەوەی ڕستە سەرەکییەکەدا، هەموو ڕستەی دیارخەرن کە بەهۆی ئامرازەکانی (بۆ، ی، کە، لە، بێ ئەوەی، وەکو، هەمیشە، کەوا، تاوەکو) داڕێژراون.

کەڵەکەکردنی ڕستەکان، هەرچەندە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی وێنەکان، بەڵام لە ڕووی داڕشتنەوە بەکاربردنی ئامرازەکانی خستنەسەر و لێکدەر و... تاد، شێوازێکی ئینشایی و ڕاپۆرتکاری بەسەریدا زاڵ دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێمای وێنەکان هەر لە سنووری وێنە سەرەکییەکەدا دەمێنێتەوە.

٣-٣-٢- دەتوانرێت بگوترێت ڕستەی داڕێژراو، ڕستەیەکی ئینشایی فرە وێنەی تاک هێمایە و شێوازەکەی لە شێوازی پەخشانی سادە نزیک دەبێتەوە.

٣-٤- ڕستەی لێکدراو: ئەم ڕستەیە، لەبەرئەوەی لە چەند ڕستەیەکی سادەی سەربەخۆ پێکدێت و ئامرازە لێکدەرەکانی ڕستەکان بەشێکی پێکهێنەری بنیاتی سیمانتیکین، زۆربەی لایەنە ناشیعرییەکانی ڕستەی سادە و داڕێژراوی تێدا دەرناکەون.

٣-٤-١- «لاشەی دڵدارە بەهەشتێکان دەبینن/ وێرانەی میوەکانی خەیاڵ دەبینن، بەڵام ئێرە بەهەشت نییە.
فڕین هەیە.. هێلانە و ئاسمان و قەفەز هەیە... بەڵام باڵندە نییە[٣٥].

لێرەدا، ئامرازی پێچەوانەی (بەڵام)، ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەفراندنی فەزای درامی و شیعریبوونی ڕستەکاندا گێڕاوە. هەرچی ئامرازەکانی: (و) و کۆما (،)شن کە پتر لە ڕستەی لێکدراوی زنجیرەییدا بەکار دەبرێن، ئەو تایبەتمەندێتییەیان نییە.

٣-٤-٢- «لەو شەوەوە زانیم من هێشتا فێرە ئاخاوتن نەبووم
شیعرم ئازار داوە، تەنکاوم خوێندووتەوە، ڕوانینم هەر ئەوەندەی

چۆلەکەیەکی تەڕ فڕیوە.

(...) چیرۆک لە دوای چیرۆکم ئەمرن و شیعر لە دوای شیعرم
ڕەق ئەبنەوە[٣٦].

ڕستەی لێکدراوی زنجیرەیی، ژمارەی ڕستەکانی هەرچەندە بێت، لە ڕووی سیمانتیکییەوە هەر یەک ڕستەیە: (فێر نەبوونی ئاخاوتن، ئازاردانی شیعر، خوێندنەوەی تەنکاو... تاد) کە بەهۆی کۆماوە لێکدراون و (مردنی چیرۆکەکان، ڕەقبوونەوەی شیعرەکان) کە بەهۆی ئامرازی خستنەسەری (و) لێکدراون، هەموو یەک ڕستەی شیعرین.

٣-٤-٣- ڕستەی لێکدراو ڕستەیەکی فرە وێنەی تاک هێمایە، بەڵام لە ڕستەی داڕێژراو هونەریتر و درامیترە.

٣-٥- ڕستەی ناتەواو: بەگوێرەی شیکردنەوەکانی بەشی (٢-٣)ی ئەم فەسڵە، دیارترین سیماکانی ئەم جۆرە ڕستەیە لەوەدایە چڕ و برووسکەیی و تاک وێنەی فرە هێمایە.

٣-٦- دەستنیشانکردنی جۆر و ڕێژەی ڕستەکان، هەرچەندە لایەنێکی سەرەکی لە شێوازی زمانی شیعریی شاعیرەکان پیشان دەدات، بەڵام بۆ دیاریکردنی ڕێژەی درێژی و پلەی ئاڵۆزبییان، تەواوی ئەو شێوازە دەرناکەوێت؛ چونکە زۆرجار تەنانەت ڕستەی سادەش لە درێژی و پلەی ئاڵۆزبیدا دەچێتە ڕیزی ڕستە لێکدراو و داڕێژراوەکانەوە.

٣-٦-١- درێژیی ڕستە بریتییە لە: «کۆی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە» و پلەی ئاڵۆزبییەکەشی پێوەندیی بە:
«ئاستەکانی کارکردنیەوە هەیە»[٣٧]:

٣-٦-٢- «دەرگای دیوارە لاڵە بێ بەردەکانی ئاسمانە لە مێوگیراوەکانی
پێش سەرەتای مێژووی خۆڵەمێش
وەک گلۆڵەی ژانی تیژنی ناو قەتماغەی
برینە ڕەگ ئاگراوییەکان ئەکرێتەوە»[٣٨].



نموونەکە، هەرچەندە ڕستەیەکی سادەیە، بەڵام درێژ و ئاڵۆزە. بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی درێژی و پلەی ئاڵۆزبییەکەی، ئەم نیشانانە بەکار دەبرێن:

(ن): نیهاد
(گ): گوزارە
(دا): دیارخەری سەرەکی
(د٢، د٣، د٤،... تاد): دیارخەری لاوەکی

٣-٦-٣- درێژی و ئاڵۆزبی ڕستەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان دەکرێت:

(ن): دەرگای
(د١): دیوارە
(د٢): لاڵە
(د٣): بێ بەردەکانی
(د٤): ئاسمانە
(د٥): لە مێو گیراوەکانی
(د٦): پێش سەرەتایی
(د٧): مێژووی خۆڵەمێش
(د٢): وەک گلۆڵەی
(د٣): ژانی
(د٤): تیژنی
(د٥): ناو قەتماغەی
(د٦): برینە
(د٧): ڕەگ ئاگراوییەکان
(گ): ئەکرێتەوە

ڕستەکە، لە ڕووی درێژی و پلەی ئاڵۆزبییەوە، بریتییە لە (١٥) یەکەی پێکهێنەر، کە لە (٧) ئاستی کارکردندا ڕێکخراون: ١٥/٧، هۆکاری

درێژییەکەش بەکاربردنی زیادی (ی)ی خستنەسەرە.

**٣-٦-٤- بەگوێرەی ئەو ژمارەی بۆ ڕێژەی درێژی و پلەی ئاڵۆزیی ڕستەی دەقەکان ئەنجامدراوە، ئەدگارەکان ئەم ڕێژە و پلانەی خوارەوەیان هەیە:**

خشتەی (٢-٣)

| شاعیرەکان | لەتیف هەڵمەت | ع. ع. یوسف | ئەنوەر مەسیفی | بەختیار عەلی | سەباح ڕەنجدەر | قوبادی جەلیزادە | شێرکۆ بێکەس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی درێژی | ١٩٪ | ٥٪ | ٣٪ | ٩٪ | ٦٪ | ٧٪ | ٨٪ |
| پلەی ئاڵۆزی | ٨٪ | ٢,٥٪ | ٠,٥٪ | ٤٪ | ١,٥٪ | ٢,٥٪ | ٣٪ |

ڕێژی درێژی و پلەی ئاڵۆزیی ڕستەکان

**٣-٦-٥- بەبەراوردکردن و لێکدانی زانیارییەکانی نێو ئەم خشتەیە و خشتەی بەشی (٣-١-١)ی ئەم فەسڵە، دەتوانین شێوازی زمانی شیعریی هەر یەکێک لە شاعیران دەستنیشان کەین، بەڵام ئێمە ڕێژە گشتییەکانمان بەلاوە مەبەستترە.**

**٣-٦-٦- جگە لە دەستنیشانکردنی شێوازی هەر یەکێک لە شاعیران، خشتەکان شێوازی گشتی زمانی پەخشانە شیعری کوردی لە سنووری باسەکەدا ڕوون دەکەنەوە، کە ئەم خشتەیەی خوارەوە پیشانی دەدات:**

خشتەی (٢-٤)

| دەقەکان | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی درێژی | پلەی ئاڵۆزی | زاڵترین جۆری ڕستە |
| ٦,١٤٪ | ٣,١٤٪ | ناسادە: ٤٨٪ |

شێوازی گشتیی زمانی شیعریی شاعیرەکان

ئەو ڕێژانەی لە خشتەکەی سەرەوەدان، بواری وەسفکردنی ڕستەی پەخشانە شیعری کوردی لای شاعیرە هەڵبژێراوەکان دەدەن. وەکو



دەبینرێت، ڕستەی ناسادە زاڵترین جۆری ڕستە و ڕێژەی درێژی و پلەی ئاڵۆزیی ڕستەکان ڕادەیەکی بەرزی هەیە، ئەمەش ئەوە دەبەخشێت کە زاڵترین ئەدگاری زمانی شاعیران درێژی و ئاڵۆزبوونی ڕستەکانە و بۆ زۆریی بەکاربردنی ئامرازەکانی لێکدەر و خستنەسەر دەگەڕێتەوە.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی فەسڵی دووەم:

(١) ئەو پێناسانەی لەم ڕوانگەیەوە لە زمانی شیعر دەڕوانن، لەم سەرچاوانەدا زانیاریی پتریان لە بارەوە تێدایە:
* گراهم هاف (١٩٨٥) الأسلوب والأسلوبية، ترجمة كاظم سعدالدين، بغداد، ل ٣٩-٤٠.
* غيورغي غاتشف(١٩٩٠) الوعي والفن، ترجمة نوفل نيوف، الكويت، ل ٩٦.
* تزفيتان تودوروف (١٩٩٢) المبدأ الحواري، ترجمة فخري صالح، الطبعة الأولى، بغداد، ل ٨٠، ٨٦.
* الياس خوري (١٩٨٢) الذاكرة المفقودة، الطبعة الأولى، بيروت، ل ١٩٢-٢٢٠.
* كمال خيربك (١٩٨٢) حركة الحداثة في الشعر العربي المعاصر، الطبعة الأولى، بيروت، ل ١٣٠.
* أ. ف، تشيتشرين (بدون تأريخ) الأفكار والأسلوب، ترجمة حياة شرارة، بغداد، ل ٥٦، ١٦٣.

(٢) تزفيتان تودوروف (١٩٨٦) نقد النقد، ترجمة سامي سويدان، بغداد، ل ٢٤.

(٣) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٤) رينيه ويليك (١٩٨٨) النظرية الأدبية والاستطيقا عند مدرسة براغ، ترجمة محمد عصفور، الثقافة الأجنبية، العدد (١)، ل ١١.

(٥) دبليو. دليو. روبسن (١٩٩٠) تعريف الأدب، ترجمة كمال قاسم نادر، الطبعة الأولى، بغداد، ل ١٥.
سەرنجدانی جیاوازیی نێوان زمانی ئەدەب و زمانی پەخشانی ئاسایی وەکو جیاوازییەکی پلەیی، لای زۆربەی نووسەرانی بابەتەکە چەسپاوە: بەنموونە، ڕۆمان یاکۆبسن بوونی پەخشانێکی ڕووتی ئەدەبی لەنێوان شیعر و زمانی عەمەلیدا ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە ئەو پەخشانە بەزنجیرەیەکی پلەیی لە یەکێک لە دوو ڕەگەزە نزیک و لەوی دیییان دوور دەکەوێتەوە.

* رومان ياكوبسن (١٩٩٠) افكار وآراء حول اللسانيات والأدب، ترجمة فالح صدام الإمارة - عبدالجبار محمد علي، بغداد، ص١٠٩. هەر لەم بارەیەوە بڕوانە:
* هنتنكتون براون (١٩٨٦) أساليب نثرية، ترجمة عصام الخطيب وتوفيق عزيز عبدالله، بغداد، ل ١١-١٢.
لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکی دی لە نووسەران، بۆچوونی پێچەوانەیان هەیە، بەنموونە (هێربەرت ڕید) ئەو جیاوازییە بەبنەڕەتی دادەنێت، بڕوانە:
* عزالدين اسماعيل (١٩٨٦) الأسس الجمالية في النقد العربي، بغداد، ص٣٤٥.
(٦) بياردي بواديفر (١٩٦٨) معجم الادب المعاصر، ترجمة بهيج شعبان، الطبعة الأولى، بيروت، ص٧٨.
(٧) مالکم برادبری و جیمس ماکفارلن، هەمان سەرچاوە، بەشی دووەم، ل٧٨.
(٨) سوزان بیرنار، هەمان سەرچاوە، ل٢٨٧.
ڕۆڵی وشە لە شیعری نوێخوازدا گرنگییەکی تایبەتی پەیدا دەکات، لەوەی وەکو وشە کاردەکات نەک وەکو نیشانکار بۆ نیشانکراوێکی دیاریکراو، بڕوانە:
* ترنس هوكز (١٩٨٦) البنيوية وعلم الإشارة، ترجمة مجيد الماشطة، الطبعة الأولى، بغداد، ص٥٩.
لایەنێکی دیی ئەو گرنگییە، دروستکردنی جیهانی خودێتیی شاعیرە کە جیهانێکی داخراوە، بڕوانە:
* احمد شمس الدين (١٩٨٤) الأسطورة والشعر العربي، فصول المجلد الرابع، العدد الثاني، ص٤٤.
(٩) كمال أبو ديب (١٩٨٧) في الشعرية، الطبعة الأولى، بيروت، ص١٤٧.
(١٠) ئەنوەر مەسیفی (١٩٩٠) جلوبەرگ و جمکەکان، بەغدا، ل ٤٢.
(١١) لەتیف هەڵمەت (١٩٧٩) ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ، بەغدا، ل ٥٨، ٥٩.
(١٢) ع.ع. یوسف (١٩٧٨) لم نیازمە، هەولێر، ل١١.
(١٣) ئەنوەر مەسیفی، هەمان سەرچاوە، ل١٢.
(١٤) قوبادی جەلیزادە (دەستنووس) مەمکەکانی تفەنگ.
(١٥) ع.ع. یوسف، هەمان سەرچاوە، ل٣٤.
(١٦) شێرکۆ بێکەس (١٩٩٣) ئاڤات، ل١، ٢، ١١، ١٣.



(١٧) لەتیف هەڵمەت (١٩٩١) ئەم ڕووبارە وشک ناکات، بەغدا، ل٧٧.
(١٨) بەختیار عەلی (١٩٩٢) گوناه و کەرنەڤاڵ، ل٣٩، ١٠٦.
(١٩) قوبادی جەلیزادە، هەمان سەرچاوە.
(٢٠) لەتیف هەڵمەت، ئەم ڕووبارە وشک ناکات، ل٧٤، ٧٥.
(٢١) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل٢٣-٢٤.
(٢٢) ع.ع. یوسف، هەمان سەرچاوە، ل٢٣.
(٢٣) بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوە، ل١٠٥.
(٢٤) سەباح ڕەنجدەر (١٩٩٥) کەلکێش، هەولێر، ل ٩، ١٠.
(٢٥) ئەنوەر مەسیفی، هەمان سەرچاوە، ل٤٢ .
(٢٦) قوبادی جەلیزادە (دەستنووس) فیشەکی ڕەحمەت.
(٢٧) سەباح ڕەنجدەر، هەمان سەرچاوە، ل ٣.
(٢٨) ئەنوەر مەسیفی، هەمان سەرچاوە، ل ٣١.
(٢٩) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل ٢.
(٣٠) لەتیف هەڵمەت، ئەم ڕووبارە وشک ناکات، ل ٧٢.
(٣١) قوبادی جەلیزادە (دەستنووس) سێدارەکانی بەهەشت.
(٣٢) هەمان سەرچاوە.
(٣٣) ع.ع. یوسف، هەمان سەرچاوە، ل ١١.
(٣٤) لەتیف هەڵمەت (١٩٧٠) خوا و شارە بچکۆلەکەمان، کەرکووک، ل ٣٦-٣٧.
(٣٥) بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.
(٣٦) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل ٢٢، ٢٣.
(٣٧) جوزيف ميشال شريم (١٩٨٤) دليل الدراسات الأسلوبية، الطبعة الأولى، بيروت، ل ٤٢.
(٣٨) لەتیف هەڵمەت، خوا و شارە بچکۆلەکەمان، ل ٢٩.

## فەسڵی سێیەم

## پێکهاتە و پێوەندییە نوێکانی وێنەی شیعری

### یەکەم- پێناسە و بنیاتەکانی وێنە

١- پێناسە: پێویستە لە سەرەتاوە پێناسەی ئەو وێنەیە دەستنیشان بکرێت کە لێرەدا مەبەستە. هەموو ئەو پێناسانەی لە ڕوانگەی جیهانی ناوەوە سەرنجی وێنەی شیعری دەدەن و ڕێبازی دەروونناسی لە خۆیانی دەگرێت، هەروا هەموو ئەو پێناسانەی کە وێنە بەبەرجەستەکاری تەنیای واتا و شیعریبوونی دەق دادەنێن، لە دەرەوەی مەبەستی ئەم شیکردنەوەیەدان[١]. ئەوەی لێرەدا گرنگیی پێدەدرێت، دۆزینەوەی ئەو پێوەندییە نوێیانەیە کە ڕەگەزەکانی زمان پێکی دەهێنن و سیستەمێکی تایبەتییان لە دەقە شیعرییەکاندا هەیە[٢].

١-١- وێنەی شیعری لەو ڕوانگەیەی دواییەوە، ترازانێکی شێوازییە لە شێوەی دەربڕینی پێوەندییە ئاساییەکانی دیاردەیەکی زەینی یان جەستەیی و بەهۆی ئامرازەکانی ڕەوانبێژییەوە ئەنجام دەدرێت.

١-٢- ئەو ترازانە شێوازییە کە سروشتی وێنە وەکو دەربڕینێکی زمانی دەردەخات، هاوکات دەبێت لەگەڵ ترازانی سیمانتیکیدا کە پێوەندیی نێوان وێنە و زمان لە چەند دۆخێکدا بەرجەستە دەکات، ئەنجامەکەش وێنەیەکە لە ڕووی شێوازی دەربڕین و بنیاتی سیمانتیکیشەوە، دوور لە سەرچاوە ئاساییەکان دەبێت[٣].

١-٣- پێناسەیەکی وا، هەرچەندە زۆر گشتییە، کۆمەڵێک کێشەی وەکو هەمەڕەنگیی پێناسەکان و تاک لایەنیی چەمکەکانیان وەلا دەنێت. لێرەشەوە، هەموو دابەشکردنە ڕووکەشییەکانی وێنە لادەبرێن و لە ڕووی بنیات و پێکهاتەوە دابەش و شیی دەکرێتەوە[٤].



٢- بنیاتەکانی وێنە:

٢-١- بنیاتی سیمانتیکی: ئەم بنیاتە، سیستەمی گواستنەوە لە نیشانکاری یەکەمەوە بۆ نیشانکراوەکانی دووەم و سێیەم و... تاد ئاراستە و پێک دەهێنێت و لە دوو دۆخی سەرەکیدا کار دەکات:

٢-١-١- سیستەمی گواستنەوەی سادەکان: ئەم سیستەمە لە وێنەی تاکدا کار دەکات و گواستنەوە لە نێوان نیشانکراوەکاندا سادە و زنجیرەیەکی ڕێکوپێک و پلەیی دەبێت.

٢-١-٢- سیستەمی گواستنەوە ئاڵۆزەکان: ئەم سیستەمە لە وێنەی ئاڵۆزدا کار دەکات و بزاڤی گواستنەوەکان تێیدا ئاڵۆز و پچڕاوە.

٢-٢- بنیاتی هونەری: بنیاتی هونەریی وێنە، بەگشتی، ڕەگەزی لێکچوون لەنێوان نیشانکار و نیشانکراوەکاندا بەم شێوانەی خوارەوە دایدەمەزرێنێت:

٢-٢-١- ئەگەر پێوەندیی نێوان هەردوو لایەنی نیشانکار و نیشانکراوی یەکەم لەلایەک و نیشانکار و نیشانکراوی دووەم لەلایەکی دییەوە دووبارەکراو بێت، لێکچواندنێکی ئاسایی پێکدێت.

٢-٢-٢ ئەگەر لایەنی یەکەمی پێوەندییەکە دیاربێت و لایەنی دووەمی بزربێت، وێنەیەکی خوازەیی دروست دەبێت، بەو پێیە خوازە لێکچواندنێکی چڕکراوەیە و لێچوێنراو و ئامرازی لێکچواندنی لابراوە.

٢-٢-٣- ئەگەر هەردوو لایەنەکە بزربن و تەنیا پێوەندیی لۆجیکی نێوانیان وێنەکە پێک بهێنێت، مەجاز و درکە دەردەکەون؛ چونکە پێوەندیی مەجازی و درکەیی لە بنیاتی زماندا پێک نایەن، بەڵکو لە ئاستی واتاکاندان[٥].

٢-٢-٤- برگەکانی سەرەوە، ڕەگەزە یەکگرتووەکانی ڕەوانبێژیی تازە پێک دەهێنن کە ژمارەیەک لە ڕەوانبێژزانە تازەکان لە نموونەی (ژێرار ژینێت) لە دوو ڕەگەزدا کۆیان دەکەنەوە: خوازە «کە لەسەر بنچینەی لێکچوون» و درکە «کە لەسەر بنچینەی جووتبوون» دروست دەبن[٦].

٣- وێنەی نوێ:

٣-١- وێنە لە ڕەخنەی هاوچەرخدا، گرنگییەکەی لە جیهانی خۆیدایە، بەدەربڕینی فۆرمالیستەکانیش «ئەفراندنی بینینێکی تایبەتییە بۆ شتەکان»[٧]. ئەمەش بوار بە شاعیر دەدات هەموو پێوەندییە ئاساییە و لۆجیکییەکان تێک بدات و سەرلەنوێ دایانبڕێژێتەوە.

٣-٢- وێنەی نوێ بەپێچەوانەی وێنەی کۆن کە نزیکی و لێکچوون و لە نێوان لایەنەکانی بنیاتەکەیان دادەڕشت، لەسەر بنچینەی دووری و دژایەتیی نێوان ئەو لایەنانەدا بەرهەم دەهێنرێت. لەم بارەیەوە (پییەر ڕیڤەردی) دەڵێت: «ئەوەندەی پێوەندیی نێوان دوو دیاردەی نزیک، دوور و ڕاست بێت، وێنەکە بەهێزتر و توانای هەڵچوون و شیعرایەتیی پتر دەبێت»[٨].

٣-٣- ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان لە وێنەی نوێدا، تەنیا هۆکارێکی جوانکاری نین، بەڵکو بەئاوێتەبوونیان لەگەڵ بابەتی وێنەکەدا، دەبنە بەشێکی پێکهێنەری بنیاتی سیمانتیکیی وێنەکە[٩].

**دووەم - شیکردنەوە**

لەم بەشەدا هەوڵدراوە لە سێ تەوەردا مەسەلە تیۆرییەکانی پێشووی وێنە لە پەخشانە شیعری کوردیدا تاقی بکرێتەوە. لە تەوەری یەکەمدا چەند سەرنجێکی خێرا ئاراستەی سیستەمەکانی گواستنەوەی نیشانکراوەکان لە وێنەی تاک و ئاڵۆزدا دەکرێن. لە تەوەری دووەمدا، هەندێ لەو پێوەندییە نوێیانە دەستنیشان دەکرێن کە وێنەکان پێک



دەهێنن. تەوەری سێیەمیش ئەژمارێکە بۆ جۆر و ڕێژەی ڕەگەزە هونەرییەکان و چەند نموونەیەک لە داهێنانی شاعیران لەو بوارەدا ئەنجامدراوە.


١- وێنەی تاک و وێنەی ئاڵۆز:


١-١- وێنەی تاک: ئەم وێنەیە، وشەیەکی سادە یان لێکدراوە یان پێوەندییەکی سادەی نێوان نیشانکراوەکان لە ڕستەیەکی سادەدا، پێک دەهێنن و سێ جۆری لێ دەستنیشان دەکرێت:


١-١-١- وێنە وشەی سەربەخۆ: لێرەدا، هەر تاک وشەیەک لە زنجیرە وشەیەکدا، وەکو مەڵبەندێکی سەربەخۆی سیمانتیکی، کلیلی وێنەیەک یان چەند وێنەیەک پێک دەهێنێت:

١-١-١-١- «شێخ
ئاووهەوا
ئەسپێ...»[١٠]

لایەنی یەکەمی پێوەندییە نیشانەییەکان لە نموونەکەدا دیارە، هەر یەکێک لە وشەکانی: (شێخ، ئاووهەوا، ئەسپێ) وەکو نیشانکارێک، نیشکانکراوی فەرهەنگیی خۆیان دەنوێنن. ئەوەی وێنەکە دروست دەکات، سیستەمی گواستنەوەیە لەم لایەنەوە بۆ لایەنێکی بزری نیشانکراوەکان کە ئەم هێڵکارییانەی خوارەوە پیشانیان دەدەن:




سیستەمی گواستنەوەکان لە نیشانکارەکانەوە بۆ نیشانکراوەکانی دووەم و سێیەم... تاد، سیستەمێکی لۆجیکی پلەییە، بەدەربڕینێکی سادەتر، هیچ بازدانێکی بەسەر نیشانکراوەکاندا تێدا نییە.


ڕیزبەندی وشەکانی نموونەکە ڕێکەوتکاری نییە، ئیماژی تێکڕایان توانای دروستکردنی وێنەیەکی جەستەیی هەیە، کە پەیامی ئاراستەکراو بەرجەستە دەکات.



١-١-٢- وێنە وشەی ڕستەیی: ئەم وێنەیە، بەزۆری وشەیەک لە ڕستەیەکی سادەدا پێک دەهێنێت، هەر نیشانکراوێکی هەڵبژاردە لە وێنەکەدا بەهۆی یەکترازانی سیمانتیکییەوە پێشنیاز دەکرێت کە هەمان سیستەمی پێشووی گواستنەوەی هەیە:


١-١-٢-١- «کەس لە زبانم تێ ناگات»[١١].

لێرەدا، وشەی (زبان) مەڵبەندی سیمانتیکی و کەرەستەی وێنەکە پێک دەهێنێت. سەرنجدانی هێمای وشەکە و ئەو وێنانەی دروستیان دەکات پێویستە لە چوارچێوەی ڕێڕەوی دەقەکەدا بێت. بەگوێرەی ئەوە کێڵگەی سیمانتیکیی وشەکە بەم جۆرە دەبێت:




١-١-٣- وێنەی وشەی تێکستی: لەم جۆرە وێنەیەدا، تەنیا وشەیەک کرۆکی شیعرەکە پێک دەهێنێت. هەندێ جار شاعیری نوێخواز، جگە لە داڕشتنی وشەیی، لە وێنەیەکی هێماکاری یارمەتیدەریشدا بەرجەستەی دەکات:

١-١-٣-١



«بەپەیتوونی ڕووناکبەخشی بەشەقامی قین و
بوغزداران ڕەت دەبم
بەبەلەمێکی سەوڵ زێڕین لە سێگۆشەی پەرمۆدا
پیاسە دەکەم
هەسپەکانم ناگلێن و شەقام قووتم نادا
ئاوی جناوی نامخنکێنێ و حووتیش لرفم ناکا
هۆش بازیبەندە و دەمپارێزێ
هۆش جاویدانم دەکات
هۆش لێ ناگەڕێ گیانبەندی ئاسمان بم
هۆش لێ ناگەڕێ هەستبەندی زەمین بم
هۆش لە هۆش دەکەم!.!.»(١٢).

بنیاتی سیمانتیکیی دەقەکە، هاودژیی نێوان بزاڤی موتڵەقی جەستەیی پەیامدەر و وەستانی موتڵەقی (هۆش)ی، پێکهێناوە. ئەمە بۆتە هۆی وەستانی کارکردنی سیستەمی گواستنەوە لە نێوان نیشانکراوەکاندا و مانەوەی پێوەندییە لۆجیکی و فەرهەنگییەکان لە نێوانیاندا کە بوونەتە هۆی پێکهێنانی وێنەیەکی سادەی چەسپاو و داخراو.

١-٢- وێنەی ئاڵۆز: ئەم جۆرەی وێنە، لە ڕستەی لێکدراو و داڕێژراودا دەردەکەوێت و بەگوێرەی بنیاتی ڕستەسازییان، وێنەیەکی فرە دووڕایی دێتە کایەوە کە لە وێنەیەکی سەرەکی و چەند وێنەیەکی لاوەکی دروست دەبێت.

سیستەمی گواستنەوەکان لەم جۆرە وێنەیەدا، سیستەمێکی ئاڵۆز و پچڕاوە و زنجیرەیەک ترازانی سیمانتیکی و لابردنی نیشانەیی بەرجەستەیان دەکەن:

١-٢-١- «بەڵام دڵی من مەیخانەیەک بوو/ ئارەزوویەکی
سەرخۆش تیا دەگریا/تەماحێکی پیر، بەدەستە لەرزۆکەکانیەوە،



عارەقی تیا دەبەشیەوە/ ئاواتێکی سەرسپی،
مەستانە لەسەر مێزەکانی، سەمای دەکرد»(١٣).


نموونەکە، لە وێنەیەکی سەرەکی و ژمارەیەک وێنەی لاوەکی پێکهاتووە:

١-٢-١-١- وێنەی سەرەکی و سیستەمی گواستنەوەکانی:

١-٢-١-١-١- «بەڵام دڵی من مەیخانەیەک بوو»:

وێنەکە بەڕواڵەت وێنەیەکی لێکچوواندنە کە ئامرازەکەی لابراوە:
«بەڵام دڵی من (وەکو) مەیخانەیەک بوو»

ئەمەش، بەبۆچوونی (میشال لۆگۆرن) وێنە نییە و(١٤) بەگوێرەی پۆلکردنەکەی (تۆدۆرۆڤ)یش وێنەیەکی دووبارەکراوە(١٥)؛ بەڵام ڕەچاوکردنی وشەی (دڵ) لە ئاستی ڕستەکەدا، بواری دوو جۆرە سەرنجدانی سیمانتیکییانە لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی نێوان وشەکە وەکو نیشانکار و ئەو دوای نیشانکراوەکانیدا دەدات، واتە بەکاربردنی هاوکاتی وشەیەک بەواتا ڕاستەقینە و مەجازییەکەی کە بنیاتێکی پێچانەوە (توربە)ی پێ دەبەخشێت:




بەگوێرەی نیشانکراوی یەکەم، وێنەیەکی لێکچوواندن دەست دەکەوێت کە لەگەڵ لێچوێنراودا: (مەیخانە)، هاوجێیی لێکیان نزیک دەخاتەوە. بەگوێرەی نیشانکراوی دووەمیش، وەکو مەجازێکی سەربەست، خودی پەیامدەر بەرجەستە دەکات.

بەپێی ئەنجامی یەکەم، وێنەیەکی چڕکراوەی لێکچوو دروست دەبێت، واتە وێنەیەکی خوازەیی کە تێیدا نیشانکراوی یەکەم: (فەرهەنگی)،

لابراوە و نیشانکراوی یەکەمی لێچوێنراو لە جێگایدا جێگیرکراوە.

بەگوێرەی ئەنجامی دووەم، نیشانکاری بنەچەیی: (دڵ)، ئاماژە بۆ نیشانکراوی یەکەم دەکات: (فەرهەنگی)، ئەم نیشانکراوە، لە هەمان کاتدا دەبێتە نیشانکارێکی نوێ بۆ نیشانکراوێکی نوێ کە خودی لێچوێنراو نییە بەڵکو ئەو هێمایەیە وا دەیبەخشێت. لەم دۆخەدا نیشانکراوی یەکەم سروشتێکی هێمایی لە خۆ دەگرێت.

بەو جۆرە، هەردوو وشەی (دڵ، مەیخانە)، واتا فەرهەنگییەکانی خۆیان لە دەست دەدەن و نیشانکراوەکانیان دەبن بەنیشانکاری دووەم بۆ ژمارەیەک نیشانکراوی نوێ.

١-٢-١-٢- وێنە لاوەکییەکان و سیستەمی گواستنەوەکانیان: وێنە لاوەکییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١-٢-١-٢-١- «ئارەزوویەکی سەرخۆش تیا دەگریا»

١-٢-١-٢-٢- «تەماحێکی پیر، بەدەستە لەرزۆکەکانیەوە، عارەقی تیا دەبەشیەوە».

١-٢-١-٢-٣- «ئاواتێکی سەرسپی، مەستانە لەسەر مێزەکانی، سەمای دەکرد».

وێنە لاوەکییەکان، کە لە ڕاستیدا وێنەیەکن لە چەند هەڵوێستێکی جیاوازدا، یەکێتییەکی بابەتی و بنیاتێکی سیمانتیکیی هاوبەشیان هەیە.

١-٢-١-٢-٤- سیستەمی گواستنەوەکان: وێنەکان، بەو پێیەی هەموو وێنەی خوازەیین، نیشانکارە فەرهەنگییەکانیان لابراون و نیشانکراوی یەکەمیان جێگایانی گرتۆتەوە، ئەم نیشانکراوانەش، بوونەتە نیشانکاری دووەم بۆ ژمارەیەک نیشانکراوی نوێ و هێمای گشتی وێنەکان پێک دەهێنن و ئەم نەخشەیەی خوارەوە پیشانیان دەدات:



نەخشەی (٣-١)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| (فەرهەنگی) | = | نیشانکاری یەکەم | = | (لابراو) |
| (خوازە) | = | نیشانکراوی یەکەم | = | (ئارەزوویەکی سەرخۆش)<br>(تەماحێکی پیر)<br>(ئاواتێکی سەر سپی) |
| (هێما) | = | نیشانکراوی دووەم | = | (نەستی ئاشکرا)<br>(نەستی شاراوە)<br>(هەستی ئاشکرا) |

سیستەمی گواستنەوەکان لە نموونە (١-٢-١)دا

ئەوە بەکورتی، سیستەمی گواستنەوەی نیشانەکانە کە بەهۆی ژمارەیەک ترازانی سیمانتیکییەوە کار دەکات، بەڵام ئەوە هەموو لایەنەکانی سیستەمی گواستنەوەکان پیشان نادات کە ترازانی شێوازەیی تەواویان دەکات.

لە خوارەوەدا، فرەیزی یەکەمی نیشانکراوی یەکەم وەرگیراوە و بەگوێرەی نەخشە شێوازییەکەی (ژێرار ژینێت) شیکراوەتەوە:[١٦]

نەخشەی (٣-٢)

<table dir="rtl">
<tr><td>نیشانکراوی یەکەم<br>(ئارەزوویەکی سەرخۆش)</td><td>نیشانکراوی دووەم<br>(نەستی ئاشکرا)</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">نیشانە<br>(جوانکاریی ڕەوانبێژی)<br>(نیشانکاری دووەم)</td><td>نیشانکراوی سێیەم<br>(شیعر)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نیشانەی دووەم<br>(شێوازی هونەری)</td></tr>
</table>

پلەکانی ئاستی سیمانتیکی و هونەری لە نموونە (١-٢-١)دا


بەمەش، ئەرکی بنیاتی ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان لە جیاکردنەوەی گوتاری شیعری لە گوتاری ئاسایی دووپات دەبێتەوە و پێناسەی وێنە، وەکو کۆئەنجامی ترازانە سیمانتیکی و شێوازییەکان ڕوون دەبێتەوە.

٢- هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییە ئاساییەکان:

٢-١- «مۆسیقای تووڕەیی ڕژا
کەڵبەی کۆتری کەواند»[١٧].

لێرەدا، پەیامدەر پێوەندییە ئاساییەکانی نێوان چەند دیاردەیەکی بابەتیی لە ڕێڕەوە لۆجیکییەکانیان لاداوە و لە پێوەندییەکی تازەدا دایڕشتوون.

لە ڕستەی یەکەمدا، (مۆسیقای تووڕەیی) کە وەکو خوازەیەک ئاماژە بۆ (ڕاگەیاندنی جەنگ) یان (هەنگاوی بەرپەچدانەوە) دەکات، لە ڕێگای دوو ترازانی سیمانتیکییەوە ئەو ئەرکەی ئەنجامدراوە: یەکەمیان ڕاگەیاندنەکەی بەمەجازێکی سەربەست تێدا کراوە بە(مۆسیقا) و دووەمیان جەنگی بەمەجازێکی گشتی تێدا کراوە بە(تووڕەیی)، بەڵام پێوەندییە نوێکە لەنێوان خوازە گشتییەکە و کرداری (ڕژان) دایە کە پێوەندییەکی دوور و هاودژە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیک و ڕاستە. ئەمەش ئەو هێڵکارییەیە کە کێڵگەی سیمانتیکیی کرداری (ڕژان) بەگوێرەی ڕێڕەوی ڕستەکە ڕوون دەکاتەوە:




لە ڕستەی دووەمدا، دیسان لە ڕێگای دوو ترازانی سیمانتیکییەوە، پێوەندییەکی دوور و هاودژ، بەرجەستە کراوە: (کۆتر) لە مەلێکی



ئاساییەوە، بەهۆی مەجازێکی سەربەستەوە: (کەڵبە)، کراوە بەئاژەڵێکی دڕندە، پاشان لە ڕێگای مەجازێکی گشتییەوە لە بری (مرۆڤی شەڕخواز)ی بەڕواڵەت ئاشتیخوازدا دانراوە.

لە ئاستی هەردوو وێنەکەشدا پێوەندییەکی دوورتر لە نێوان ڕستەی یەکەم و دووەمدا هەیە: چ پێوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان (ڕژانی مۆسیقای تووڕەیی) و (کەوتنی کەڵبەی کۆتر) دایە؟ لێرەدا، ئەتەمی پێوەندییەکی نوێی خوازەیی لە نێوان هەردوو وێنەکەدا دروست دەبێت کە نەگونجانی لۆجیکی بەگونجانی سیمانتیکییەوە گرێ دەدات.

٢-٢- «(با)یەکی ڕیشنی دڕکاویی، (با)یەکی ئێسک گرانی دەنگ گڕی دۆزەخیم بینی»[١٨].

لە سەرەتادا، دەتوانرێت دوو جۆرە دوورکەوتنەوە لە سەرچاوە، لە وێنەکەدا دەستنیشان بکرێت:

٢-٢-١- بینینی (با) لەلایەن پەیامدەرەوە.

٢-٢-٢- بەکاربردنی هەندێ لە سیفەتەکانی مرۆڤ بۆ (با).


(با)، لە هەنگاوی یەکەمدا پێویست دەکات لە هەموو ئەدگارە ئاساییەکانی، بەتایبەتی نەبینراویی، دابڕڕێت بۆ ئەوەی ئەدگارە نوێکانی بەسەردا بچەسپێنرێت. ئەم سیما گۆڕینە، دەبێتە هۆی لە دەستدانی هەموو نیشانە ئاساییەکانی (با)کە و هەڵگرتنی چەند ئەدگارێکی نوێ کە دەبێتە هۆی نیشانەکردنێکی نوێی ئەو (با)یە لەم ڕێگایەوە، واتە بەگۆڕینی مەجازەکان و خستنەگەڕیان لە بواری بەکاربردنی ئاوەڵنێوی خوازەییدا، دەتوانرێت زاڵترین ئەدگاری هەر یەکێک لە ئاوەڵنێوەکان بۆ بەرجەستەکردنی سروشتی نوێی (با)کە، هەڵبژێررێت.

٢-٣- «پەرداخەکانمان مەست بووبوون بەبۆنی چرا
حوجرەکانمان پڕاوپڕ بوون لە ڕووناکیی شەراب»[١٩].

لە نموونەکەدا، هەشت ڕەگەزی زەینی و جەستەیی وێنەکەیان بەم

شێوەیەی خوارەوە دارِشتووە:

نەخشەی (٣-٣)




ڕەگەزە زەینی و جەستەیییەکانی نموونە (٢-٣)

سەرنجێکی خێرا لە نەخشەی (٣-٢)، هەموو پێوەندییە نائاساییەکانی نێوان ڕەگەزەکانی وێنەکە پیشان دەدات کە لەسەر بنچینەی هاودژیی سیمانتیکییان دارِێژاون.

٢-٣-١- پێش دیاریکردنی هێڵی پێوەندییەکان. پێویستە بەشێک لە پێکهاتە و فەزای وێنەکە ڕوون بکرێتەوە.

وێنەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: وێنەی (پەرداخەکان) و (حوجرەکان)، هەردووکیشیان هاوبەشیی گەیاندنی بیرۆکەی وێنە گشتییەکە و ئاشکراکردنی فەزاکەی دەکەن کە فەزایەکی گەشبینانەیە: (دڵمان خۆش و دەروونمان شادبوو). ئەمە دۆخی سەرەتایی وێنەکەیە پێش ترازانە سیمانتیکی و شێوازییەکان کە تەنیا بەئاڵوگۆڕکردنی ڕەگەزەکانی نێو هەردوو جووت بازنەی (١) و (٢)ی نەخشەکە، پێوەندییەکانیان بۆ دۆخی ئاسایی دەگەڕێنەوە.

٢-٣-٢- ترازانە سیمانتیکییەکان:

(پەرداخەکان) و (حوجرەکان)، وەکو مەجازی سەربەست، لە نیشانکراوی یەکەمیان ترازێنراون و ئاماژە بۆ (پەرداخ بەدەستەکان) و (حوجرەنشینەکان) دەکەن. بەم ترازانە، کارەکانی (مەستبوون، پڕبوون) لەگەڵ بکەرە لابراوەکانیاندا جووت دەبن.

(بۆنی چرا) و (ڕووناکیی شەراب) دوو خوازەی دوور لە سەرچاوە پێک



دەهێنن کە ئاوەڵنێوەکانیان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ کراون، ئەم دوو خوازەیە لە یەکدی دەرهێنراون: خوازەی یەکەم چ لە ڕووی بنیات و چ لە ڕووی سیستەمی ترازانەکەیەوە، هاوشانی خوازەی دووەمە، ئەمیشیان لە شیعری کلاسییەوە سەرچاوەی گرتووە[٢٠]، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا لەوەدایە کە پەیامدەر پێوەندییەکانی وێنەکەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا سڕیوەتەوە و لە چوارچێوەی خودی خۆیدا حەشاری داون.

ئەمەش بۆتە هۆی لابردنی ژمارەیەک لە نیشانکراوەکان و هێشتنەوەی دوورترینیان. بەپۆلکردنێکی سادە، (بۆنی چرا) و (ڕووناکیی شەراب) لە دوو خوازەوە بۆ دوو هێما دەگۆڕێن.

٣- بنیاتی هونەریی وێنەکان:

(ئەژمار و ئەدگار):

٣-١- ئەژمار: بەگوێرەی ئەو ئەژمارەی بۆ ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکانی وێنەکان ئەنجامدراوە، جۆر و ڕێژەی ئەو ڕەگەزانە لەم خشتەیەی خوارەوەدان:

خشتەی (٣-١)

| ڕەگەزەکان | خوازە | مەجاز | لێکچواندن | درکە |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەکان | ٥٢٪ | ٢٣٪ | ١٦٪ | ٩٪ |

ڕێژەی ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان لە دەقەکاندا

ڕەفتارکردنی شاعیرەکان لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا، لە سێ ئاراستەدا دەڕوات: یەکەمیان ئاراستەیەکی ئاساییە لە چوارچێوەی وێنە باوەکاندا دەبزوێت و لە دەرەوەی سنووری ئەم شیکردنەوەیەدایە. دووەمیان ئەو پێوەندییە نوێیانە بوون لە کەرتی پێشوودا چەند نموونەیەکیان لێ شیکرانەوە، ئاراستەی سێیەمیش کە لەم کەرتەدا هەندێ ڕووناکیی دەخرێتە سەر، بریتییە لە هەوڵدانی ئەو شاعیرانە بۆ داهێنانی شێوازی نوێ بۆ هەندێ لە شێوازە قاڵبییەکانی ئەو ڕەگەزانە.

٣-٢- خوازە: سیستەمی گواستنەوەی نیشانکار و نیشانکراوەکان لە خوازەدا سیستەمێکی پچڕاوە، واتە وەکو (لۆگۆرن) دەڵێت هیچ پێوەندییەک لە نێوان لەفزی خوازەییدا و ئەو شتەی دەیگەیەنێت، نییە[٢١]، ئەمەش لە نێوەوەی سیستەمی زماندا ڕوودەدات.

٣-٢-١- شاعیری نوێخواز، بەسوود وەرگرتن لەو ئەدگارە بنیاتییەی خوازە، هەوڵ دەدات لە ڕێگای گۆڕینی یەکێک لە وشەکانی خوازە قاڵبییەکانەوە، بنیاتی ئەو خوازەیە بگۆڕێت و خوازەیەکی نوێی لەسەر دابڕێژێت:

٣-٢-١-١- «ئەم شەوە: قەڵای مێردان نییە، قەڵای دزانە»[٢٢].

(قەڵای مێردان)، لە فەرهەنگی کوردەواریدا، وەکو هێمایەکی خوازەیی بۆ دیاردەی (شەو) چەسپیووە و لە ڕووی سیمانتیکییەوە ئاماژە بۆ دەرکەوتنی چەند سیفەتێکی وەکو (ئازایەتی) دەکات.

شاعیر بەگۆڕینی وشەی (مێردان) بەوشەی (دزان)، بنیاتێکی سیمانتیکیی پێچەوانەی بەخوازە فەرهەنگییەکە بەخشیووە. لێرەدا مەسەلەکە تەنیا گۆڕینی وشەیەک و ئیماژێکی دەقگرتوو نییە، بەڵکو داڕشتنی خوازەیەکی نوێیە کە لە فەرهەنگی زمانەکەدا جێگیر دەبێت و دەوڵەمەندی دەکات.

٣-٣- مەجاز: ئەم ڕەگەزە بەو پێیەی ترازانێکی سیمانتیکییە لە بنیاتی وشەدا، سیستەمێکی بازنەیی داخراوی هەیە. بەدەربڕینێکی ڕوونتر، پێوەندیی نێوان وشە مەجازییەکە و نیشانکراوەکەی، پێوەندییەکی لۆجیکییە، لەبەر ئەو هۆیەشە «سنووری ترازانەکان لەم ڕەگەزەدا تەنگ و دیاریکراوە»[٢٣]:

٣-٣-١- «جغارە دەکێشێت» «فەرموو جگەرەیێک داگیرسێنە»[٢٤].

وشەی: (جغارە، جگەرە) بەهەردوو دۆخی لە نموونەکەدا، وەکو مەجازێکی سەربەست بەکاربراوە، ڕاستە لە گوتەی ڕۆژانەشدا هەروا بەکار



دەبرێت، بەڵام ئەوە سروشتەکەی ناگۆڕێت: (جغارە دەکێشێت) واتە تووتنی نێو (جغارە)کە دەکێشێت. لێرەدا واتای فەرهەنگیی وشە مەجازییەکە نەگۆڕاوە، پێوەندیی نێوان وشەکە و (تووتن)یش لە نێوەوەی ڕوودانە زمانییەکەدایە، واتە پێوەندیی نێوە بەنێوەڕۆکەوە. ئەمەش لادانی نیشانەییە نەک ترازانی سیمانتیکی.

٣-٤- لێکچوواندن: وەکو پێشتر ئاماژە کرا: (١-٢-١-١-١)، ئەم ڕەگەزە لەبەرئەوەی تەنیا پێوەندییەکی چەندایەتی لە نێوان لێچوو و لێچووێنراودا دروست دەکات، ترازانی سیمانتیکی تێیدا ڕوونادات؛ بەڵام شاعیری نوێخواز دەیەوێت ئەو چوارچێوە چەندییەی لێکچوواندن بشکێنێت و پێوەندییەکانی وێنەی لێکچوواندن بەرەو ئاستی چۆنایەتی بەرێت:

٣-٤-١- «لەودیو دووکەڵە شینەکانەوە گریام و چاوم وەک لێوی کچە شەرمنەکان لێکنا»[٢٥].

ئەگەر لە چوارچێوەی ڕەوانبێژیی ئاساییدا سەرنجی لێکچوونی (چاو)ی شاعیر و (لێو)ی کچەکان بدرێت، دەبینرێت لە نێوانیاندا ئەم پێوەندییانەی خوارەوە هەیە:

٣-٤-١-١- لێک نزیکیی شێوەی (چاو) و (لێو).

٣-٤-١-٢- لێکچوونی داخستنی پێڵوەکانی چاو و داخستنی لێو.

بەڵام:

٣-٤-١-٣- لە نێوان (گریان) و (ئەودیو دووکەڵە شینەکانەوە) و

٣-٤-١-٤- (شەرمنی) و (لێوی کچەکاندا)، دوورکەوتنەوەیەکی سەرنجڕاکێش لە سەرچاوەی لێکچوواندنەکەوە لە لایەک و ئیماژێکی شاراوە لە دۆخی پێش لێکنانی (لێوی کچە شەرمنەکان) لەلایەکی دییەوە هەیە. ئەم ترازانە سەرچاوەییەیە، (گریان)ی شاعیری لە سروشتە

ئاسایییەکەی دابڕیوە و کردوویەتی بەمەڵبەندی حەشاردەری هیوا و سۆزەکانی (چاو)، کە لێکنانی، نەک بەمەبەستی فرمێسک شاردنەوە، بەڵکو بۆ خەونێکی (شین) و ئارام بەجیهانێکی نوێوەیە.

**٣-٥- درکە:** شاعیری نوێخواز بۆ داهێنانی وێنەی نوێ، سوودێکی زۆری لە بنیاتی سەربەستی ئەم ڕەگەزە وەرگرتووە:

٣-٥-١- «پادشاکان، دوای هەموو سەرکەوتنێک،
دوای هەموو بنکەوتنێک
شمشێرەکانی ناوقەدیان تور دەدەن و
شمشێرەکانی ناولینگیان هەڵدەکێشن»[٢٦].

ئەو زنجیرە ترازانە سیمانتیکییانەی لە وشەی دووەمی (شمشێر)دا ڕوویانداوە، لەم نەخشەیەی خوارەوەدا پیشان دراون:

نەخشەی (٣-٤)
ترازانە سیمانتیکییەکانی نموونە (٣-٥-١)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نیشانکار (شمشێر) | | | | |
| نیشانکراوی یەکەم | = | ئامرازی شەڕکردن | = | (فەرهەنگی) |
| نیشانکراوی دووەم | = | ئاوەڵنێوی ئازایەتی | = | (مەجازی سەربەست) |
| نیشانکراوی سێیەم | = | ئاوەڵواتای پیاوەتی | = | (مەجازی گشتی) |
| نیشانکراوی چوارەم | = | ئەندامی نێرینە | = | (درکە) |

شاعیر بەحەشاردانی درکەی باوی (زەکەر) لە دووتوێی درکەیەکی داهێنراودا، لە هەمان دەروازەی درکە باوەکەوە بە وشە فەرهەنگییەکە گەیشتووە. ئەمە نەفیکردنی درکە باوەکە نییە، بەڵکو گواستنەوەیەکی نوێی سەرچاوەکەیەتی، کە لە هەمان کاتدا، سەرچاوەیەکی نوێیە بۆ بینینی شاعیر خۆی.



سەرچاوە و پەراوێزەکانی فەسڵی سێیەم:

(١) دیارترین نموونەی ئەم ڕێبازە، بۆچوونەکەی (ڕیچاردز)ە کە پێی وایە وێنەی زەینی لەو دوای وێنەکان گرنگترە؛ چونکە کاریگەری بەکاری شیعری دەبەخشێت و بەدەربڕینەکەی خۆی بە«چاوی هۆش» دەبینرێت بڕوانە:
* آ. أ. ريتشاردز (١٩٦٣) مبادئ النقد الأدبي، ترجمة مصطفى بدوي، القاهرة ل١٧٠-١٧٦.

بەپێچەوانەوە، بۆچوونێکی دی جەخت لەسەر ئەرکی سیمانتیکی دەکات. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، وێنەی شیعری دەبێتە کلیل و کرۆکی کاری شیعری لە جیهانی نێوەوە و دەرەوە چڕ دەکاتەوە. بڕوانە:
* الياس خوري (١٩٨٢) الذاكرة المفقودة، الطبعة الأولى، بيروت، ل ٣٨-٣٩.

لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەشدا، ڕێبازێکی تازە هەیە کە (جیرالد ئەنتوان) نوێنەرایەتیی دەکات و پێی وایە هەموو ئەرکەکانی وێنەی شیعری لەبەرچاو بگیرێت. بڕوانە:
* جوزيف ميشال شريم (١٩٨٤) دليل الدراسات الأسلوبية، الطبعة الأولى، بيروت، ل٨١.
* كمال ابو ديب (١٩٧٩) جدلية الخفاء والتجلي، الطبعة الأولى، بيروت، ل٢١-٢٢.

(٢) ڕەنگە باشترین نموونەی ئەم ڕێبازە، پێناسەکەی (تۆدۆرۆڤ) بێت کە دەڵێت هەر پێوەندییەک (یان پتر) لە نێوان دوو وشەی هاوبەش لە ئامادەبووندا، دەشێت وێنە پێک بهێنێت. بڕوانە:
* الشعرية (سەرچاوەی پێشووتر)، ل٣٩.

هەر لەم ئاستەدا دووپات کراوەتەوە کە گرنگترین مەسەلە لە وێنەدا، پێکهێنانی پێوەندییە. بڕوانە:
* عبدالسلام المسدي (١٩٨٥) حد اللغة بين المعيار والاستعمال، الأقلام، العدد (٥)، ل ٨.

هەر لەم بوارەدا، (یومنا عید) دوو ئەدگاری سەرەکیی وێنە لە شیعری نوێخوازی عەرەبیدا دەستنیشان دەکات: دوورکەوتنەوە لە پێوەندییە ئاساییەکانی ڕەوانبێژیی عەرەبی و زاڵبوونی وێنەی زەینی. بڕوانە:
* يمنى العيد (١٩٨٥) في معرفة النص، الطبعة الثالثة، بيروت، ل١٠٥، ١١٠.

(٣) لە بارەی پێوەندیی نێوان وێنە و زمان، بڕوانە:

* غاستون باشلار (١٩٨٤) جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، الطبعة الثانية، بيروت:
(باشلار) لەو بۆچوونەوە کە وێنەی شیعری زادەی زمانە، وای بۆ دەچێت ئەو وێنەیە، زمان لە ئامرازێکەوە دەکات بەواقیعێک: ل ٢٥.
* ب.ف. باليفسكي (١٩٩٢) البنية الداخلية للصورة، اضاءة تاريخية على قضايا أساسية، ترجمة جميل نصيف التكريتي، القسم الأول، بغداد.
لێرەدا، (بالیڤسکی) دووپاتی دەکاتەوە کە وێنەی شیعری، زمان ملکەچی خۆی دەکات: ل ٢٠٢، ٢٠٤، ٢٠٦، ٢١٢.
(٤) لیستی دابەشکردنە ڕووکەشییەکانی وێنەی شیعری، لە نموونەی وێنەی توند، گرژ، چڕ، کراوە، داخراو، بۆنی، بیستنی، تامی... تاد، زۆر درێژ و بێ ئەنجامە. بڕوانە:
* محسن أطيمش (١٩٨٢) دير الملاك، الطبعة الأولى، بغداد، ل ٢٦٤.
* مرشد الزبيدي (١٩٩٤) بناء القصيدة الفني في النقد العربي القديم والمعاصر بغداد، ل ٤٧–٤٨.
(٥) ميشال لوغورن (١٩٨٨) الاستعارة والمجاز المرسل، ترجمة حلا. ج. صليبا، الطبعة الأولى، بيروت، ل ٥٧.
(٦) جوزيف ميشال شريم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.
(٧) صلاح فضل (١٩٨٧) نظرية البنائية في النقد الأدبي، الطبعة الثالثة، بغداد، ل ٨٥.
(٨) میشال لوغورن (هەمان سەرچاوە)، ل ١٨٢.
(٩) لەو ڕەخنانەی ئاراستەی ڕەوانبێژیی کۆن کراون:
«لێکچوواندن هەڵەیەکی دوو سەرەیە»، بڕوانە:
* منير العكش (١٩٧٩) أسئلة الشعر في حركة الخلق وكمال الحداثة وقوتها، الطبعة الأولى، بيروت، ل ٥٠.
«خوازە ئاساییەکان لەگەڵ دەربڕینی ڕاستەقینەی شیعریدا ناکۆکن»، لە:
* هربرت ريد (١٩٨٣) حاضر الفن، ترجمة سمير علي، بغداد، ل ٢١.
(١٠) ئەنوەر مەسیفی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.
(١١) لەتیف هەڵمەت، خوا و شارە بچکۆلەکەمان، ل ٤٥.
(١٢) ع.ع. یوسف (١٩٩٦) هۆش، ڕامان، ژمارە (٣)، ل ٧٠.



(١٣) بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.
(١٤) میشال لوغورن، هەمان سەرچاوە، ل ١٢١.
(١٥) طزفيتان طودوروف، الشعريه، ل ٣٩.
(١٦) جوزیف میشال شریم، هەمان سەرچاوە، ل ٨١.
(١٧) سەباح ڕەنجدەر، هەمان سەرچاوە، ل ١٣.
(١٨) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل ٤.
(١٩) قوبادی جەلیزادە، مەمکەکانی تفەنگ.
(٢٠) ئەم خوازەیە، لە چوارچێوەی کۆچکردنی وێنەکانا سەرنج دەدرێت کە لە دێڕێکی (مەحوی)یەوە بۆ دەقەکەی (جەلیزادە) و پێشتریش لە دێڕێکی (حافز)ی شیرازییەوە بۆ دەقەکەی (مەحوی) کۆچی کردووە. بڕوانە:
ساقی بنور باده برافروز جام ما
مطرب بگو که کار جهان شد بکام ما
* دیوان حافظ (١٣٦٥) مطبعه مظفری، ل ٢١.
بەنوری بادە کەشفی ظوڵمەتی تەقوا نەکەم، چبکەم
بەشەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم، چبکەم
* دیوانی مەحوی ١٩٨٤ مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپی دووەم، بەغدا، ل٢٣٠.
خوازەی (نووری بادە) لە هەردوو وێنەکەی سەرەوەدا، بۆ ئەرکێکی دەرەکی لە جیهانی (خود)ی پەیامدەر تەوزیفکراوە. بەدەربڕینێکی دی لە هەردوو وێنەکەدا ئامرازە نەک واقیع.
(٢١) میشال لوغورن، هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.
(٢٢) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل ١١.
(٢٣) میشال لوغورن، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.
(٢٤) ع.ع. یوسف، لم نیازمە، ل ١١.
(٢٥) بەختیاری عەلی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٠.
(٢٦) قوبادی جەلیزادە، سێدارەکانی بەهەشت.

# فەسڵی چوارەم
# ڕیتم وەکو پێکهێنەرێکی شیعرایەتی
# لە پەخشانە شیعردا

## یەکەم – پێشەکی

بابەتی (ڕیتم – Rhythm) لە پەخشانە شیعردا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەم ڕەگەزەیە لە یەک کاتدا لە چەمکی ئاسایی (شیعر) دوور دەکەوێتەوە: بەدابڕانی لە شێوە ڕێکخراوەکەی: (کێش – Meter)، بۆ شیعریش دەگەڕێتەوە: لە ڕێگای چەند سیستەمێکی دەنگسازی و بەرجەستەکردنی ئاستی سیمانتیکیی دەق کە پەیکەرێکی یەکگرتووی دەنگسازیی پێ دەبەخشێت.

لەم بوارەدا، پێناسە گشتییەکانی ڕیتم و جیاکردنەوەی ئاستەکانی لەگەڵ (کێش)دا بەسەر ناکرێنەوە[1]، بەڵکو هەوڵ دەدرێت چەند سەرنجێکی گشتی ئاراستەی ئاستە دەنگسازی و تیۆرییەکانی ئەو ڕەگەزە لە پەخشانە شیعردا بکرێت، پاشان لە ڕێگای چەند نموونەیەکەوە، ئەو ئاستانە ڕوون دەکرێنەوە.

لێرەدا، هەوڵدراوە بسەلمێنرێت لە دەقێکی پەخشانە شیعری سەرکەوتوودا، بنیاتێکی یەکگرتووی ڕیتمی هەیە کە ئەو دوای ئاستەکان هاوبەشیی پێکهێنانی دەکەن، بنیاتێک ڕەگەزەکانی بەشێوەیەکی ڕێک لە کەرتە تەوەرییەکانی دەقەکەدا دووبارە دەبنەوە و شیعرایەتیی پێ دەبەخشن.

## دووەم – ئاستە دەنگسازی و تیۆرییەکانی ڕیتم

١– ئاستەکانی دەنگسازی: لە بواری دەنگسازیدا سێ ئاستی سەرەکی هەن، سروشتی فۆنۆلۆژیی هەر دەنگێکی زمان، لەو دوای دەنگەکان جیا دەکەنەوە:



١–١– (هێز – Loudness)[2]: کورتی و درێژیی ڤاوڵەکان، بەهێزی و بێ هێزییان، سەر بەم ئاستەن.

١–٢– (پلە – Pitch): ئاستی بەرزی و نزمیی ئاوازەکانە.

١–٣– (جۆری دەنگ – Timbre): لەم ئاستەدا، جۆری دەنگەکانی مرۆڤ بەگوێرەی قۆناغەکانی تەمەنی، جیا دەکرێتەوە.

لەو سێ ئاستەی پێشوودا، ڕیتم پتر پێوەندیی بەئاستەکانی هێز و پلەوە هەیە، بەتایبەتی بە سێ ئەدگار لەو دوو ئاستەدا: (ماوە – Duration)، (ستریس – Stress) و (ئاوازە – Intonation)، کە لە هەر زمانێکدا یەکێک لەو ئەدگارانە زاڵ و ئەوانی دی خاو دەبن، جۆری ئەو پێوەندییەش لە نێوانی ڕیتم و ئەدگارە زاڵەکەدا، سروشتی ڕیتمەکە دیاری دەکات.

ئەو پرۆسێسە، پێویستیی بەگواستنەوەیەکی بنیاتی هەیە لە ئاستی دەنگسازییەوە بۆ ئاستی ڕستەسازی. بەدەربڕینێکی وردتر، بۆ ئاستی سیمانتیکی، ئاستی (واتا) و لۆجیک؛ چونکە وەکو (ڕۆڵان بارت) دەڵێت: «هەر قسەیەک، گوتەیەک، هۆشێک Logos بۆ ڕستەیەکی لۆجیکی دەگەڕێتەوە یان دەکشێت»[3].

یەکگرتنی ئەو سێ ئاستە جیاوازە: (ڕەگەزە دەنگسازییەکان، ڕیتم ڕستەسازی و سیمانتیکی) شیعرایەتی دەقی پەخشانە شیعر پێک دەهێنن. بەڵام هەموو ئەو ئاستانە، جگە لە ئاستی ڕیتم لە پەخشانە شیعردا، پێناسە و چەمکی دیاریکراویان لە بوارەکانی خۆیاندا هەیە، لەبەرئەوە هەوڵ دەدرێت لەم کەرتەی خوارەوەدا هەندێ لە لایەنە ئاڵۆزەکانی ئەو ئاستە پیشان بدرێن.

٢– ئاستی تیۆری: لە ڕەخنەی هاوچەرخدا، زاراوەی: (ڕیتمی ناوەوە) بۆ دەستنیشانکردنی سروشتی ئەو ڕیتمە بەکار دەبرێت، کە لە پەخشانە شیعردا کار دەکات.

٢-١- ڕەنگە باشترین بیبلۆگرافیای پێناسەکانی ڕیتمی ناوەوە، لەم دەقەی (حاتم الصگر) دابێت، کە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆی کردوونەتەوە:

٢-١-١- ڕیتمی ناوەوە دەستنیشان ناکرێت، چونکە تاکە کەسی و گۆڕاوە.

٢-١-٢- بەگوتن بەرجەستە ناکرێت، لە خوێندنەوەدا دەردەکەوێت.

٢-١-٣- ئەو ڕیتمە، لە دارشتندا ئەرکێکی هونەرییە، لە هەڵوێستدانەوەدا ئیستاتیکی و لە وەرگرتندا خۆێندنییە.

٢-١-٤- دەوڵەمەندیی لە ڕووخاندنی شووراکانی شیعر و پەخشاندایە تا لە ڕیتمی جیاوازی هەردووکیان بەهرەمەند بێت.

٢-١-٥- ناکۆکی لە بارەیەوە درێژخایەن دەبێت، چونکە جەمسەری چەند مەسەلەیەکی یەکدی برە کە وشەی شیعرایەتی کۆیان دەکاتەوە، وشەکەش هێشتا جێگای خۆی وەکو زاراوە و چەمک نەگرتووە.

٢-١-٦- هەر شیعرێک ڕیتمی خۆی هەیە کە فاکتەری زاڵ لە ئاستەکانی سیمانتیکی یان دەنگسازی یان پێکهاتن دروستی دەکات[٤].

٢-٢- پێناسە و ئەدگارەکانی سەرەوەی ڕیتمی ناوەوە، پێناسە و چەمکی زاراوەکە ئاڵۆزتر دەکەن، لە ڕاستیشدا خودی دابەشکردنە رووکەشییەکەی (ڕیتمی ناوەوە - ڕیتمی دەرەوە)، بەشێکی گرنگی ئەو ئاڵۆزییە پێک دەهێنێت؛ چونکە بەڕاهێنانێکی سادە دەتوانرێت شیعرێک کە بەڕیتمی دەرەوە هۆنرابێتەوە: (کێشدار)، بەگوێرەی ڕیتمی ناوەوەی بخوێنرێتەوە. ئەم ڕاهینانەش، زۆرجار ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەن کە شارەزای کێشی شیعرەکە نین و بەگوێرەی بزاڤەکانی واتاکەی دەیخوێننەوە، ئەمەش بەتەواوی ڕیتمی ناوەوەیە.



بەپێچەوانەوە، زۆر دەقی پەخشانە شیعر هەیە دەتوانرێت بەهەندێ ڕاهێنانی تایبەتی لە جێگۆڕکێی سترێسەکان و ماوەی ڤاوڵەکاندا، وەکو شیعرێکی ڕێکخراو بخوێنرێتەوە[٥]. ڕەنگە باشترین چارەسەر بۆ ئەو دژایەتییە لە دابەشکردن و پۆلکردندا، دابەشکردنەوەی ڕیتم بێت لەسەر ئەم دوو بنچینەیەی خوارەوە:

٢-٢-١- ڕیتمی گشتی: ڕیتمی بنەچەییی زمانە و لەگەڵ (واتا)دا یەکێتییەکی بابەتی پێک دەهێنن، هەرچەندە لە سەرەتادا ناکۆکییان لە نێواندایە، لەم بوارەدا، (گیۆرگی گاچێڤ) ئەو ناکۆکییەی لە نێوان (ڕیتم) وەکو بزاڤێکی رووت و کەرەستەیەکی خامی شیعر لەلایەک و فەزای (واتا) لەنێوان بزاڤی ڕیتم و مەنگیی وشەدا لەلایەکی دییەوە هەیە، بەزاڵکردنی بزاڤەکە بەسەر مەنگییەکەدا چارەسەر دەکات. ئەم چارەسەرکردنە (گاچێڤ) بەپێناسەیەکی ڕیتم دەگەیەنێت وەکو «بزووتنەوەی بیر»[٦].

بەوەش پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا دروست دەبێت: (واتا) هەموو ئەدگارە سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕیتم دەردەخات، ڕیتمیش هەموو نیشانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی (واتا) بەرجەستە دەکات. ئەمە ڕیتمی گوتارە زمانییەکانە.

٢-٢-٢- ڕیتمی تایبەتی: بریتییە لە ڕێکخستنی تایبەتی ڕیتمی گشتی بەگوێرەی ئەدگارە هونەرییەکانی گوتارێکی دیاریکراوی ئەدەبی. بەم چەمکە، ڕیتمی تایبەتی، چەمکەکانی (ڕیتمی ناوەوە - ڕیتمی دەرەوە) لەخۆ دەگرێت. لێرەدا جیاوازیی نێوان ڕیتمی شیعرێکی ڕێکخراو و دەقێکی پەخشانە شیعردا، نەک چۆنایەتی، بەڵکو چەندایەتی دەبێت، واتە ڕێکخستن لە شیعری ڕێکخراودا لە یەک بەیەکی (پێ) و (دێڕ)ەکاندایە؛ بەڵام لە پەخشانە شیعردا، لە ئاستی کەرت و بەش و سەرتاپای دەقدایە.

٢-٣- بەگـوێرەی بۆچوونەکـانی پێشـوو، دەتوانرێت سروشـتی ڕیتم لە پەخشانە شیعردا بەم جۆرە دیاری بکرێت:
(دابەشکردنەوە و ئاوێتەکردنی سیستەمەکانی دەنگسازی و واتاسازی لە ڕیتمی گشـتیدا، بۆ بەرهەمهێنانی سیستەمێکی یەکگرتوو کە ڕێکخستنەکەی لە ئاستی دەقی شیعرەکە دایە).

### سێیەم - ئاستەکانی شیکردنەوە

١- سیستەمی دەنگسازی لە ئاستی ڕستەدا: لێرەدا، گرنگترین ئەو سیستەمانە دەستنیشان دەکرێن، کە فۆنیمەکانی هەندێ لە وشەکانی ڕستەی شیعری ڕێک دەخەن.
ڕێکخستنی ئەو فۆنیمانە، وەنەبێت کارێکی ڕێکەوت بێت؛ بەڵکو هەوڵێکی بەمەبەستی شاعیرە بۆ قەرەبووکردنی لەدەستدانی هاودەنگیی قافیەکان.
سیستەمی ڕێکخستنی فۆنیمەکان، لەم شێوانەدا دەردەکەوێت:

١-١- جووت هاودەنگی یەکگرتوو: لێرەدا، دوو فۆنیم، لە دوو بڕگەی هاودەنگی یەکگرتوودا، چوونیەک: (أ+ب / أ+ب)، یان پێچەوانە: (أ+ب / ب+أ)، کۆدەکرێنەوە:

١-١-١- چوونیەک:
«بازە بیدزە، ئەی لمی قەراغی شارۆچکەی دۆڵی گەلی»[٧].
(ز+ە / ز+ە).

١-١-٢- پێچەوانە:
«لە حەژمەتی خۆشی سەوزایی بەزگ بدەی و بەنەرمی و نەمری بمری»[٨]. (ر+م / م+ر).

١-٢- جووت هاودەنگی دابڕاو: لەم شێوەیەدا، دوو فۆنیمی هاودەنگ لە



دوو بڕگەی دابڕاودا، چوونیەک: (أ-ب / أ-ب) یان پێچەوانە: (أ-ب / ب-أ) دووبارە دەبنەوە:

١-٢-١- چوونیەک:
«ئەی خوڵقێنەری ئەو ئەستێرە کوژراوەی
کارگەی ڕشانەوەی زێترە، لە شانەی هەنگوین»[٩].
(ش-ن) (ش-ن)

١-٢-٢- پێچەوانە:
«چەقۆ لە دەستەکان سبەینان لێیان ناستێنن»[١٠].
(س-ن) (س-ن) (ن-س)

١-٣- جووت هاودەنگی ئاوێتە: هاودەنگیی فۆنیمەکان لەم شێوەیەدا، هەردوو جۆرەکەی پێشووی تێدا دەردەکەون:

١-٣-١- دووبارەکردنەوەی دوو فۆنیمی دابڕاو بەشێوەیەکی یەکگرتوو:
(أ-ب + أ-ب)
«سەیرکەن باڵی باڵندەکان بەر سەقفێکی ئاگراوی دەکەوێت»[١١].
(ب-ڵ + ب-ڵ)

١-٣-٢- دووبارەکردنەوەی دوو فۆنیمی یەکگرتوو، بەشێوەیەکی دابڕاو:
(أ+ب / أ+ب):
«بادارە ئەم دارستانە ئیفلیجە)[١٢].
(د+ر) (د+ر)

٢- سیستەمی دەنگسازی لە یەکە ڕستەیییەکاندا:
لەم ئاستەدا، دیاردە ڕیتمییەکان ڕوونتر و چەسپاوتر دەردەکەون. لێرەدا سیستەمە هاوتەریبەکانی پێشوو، بەئاوێتەبوونیان لەگەڵ سیستەمێکی نوێی دووبارەکردنەوەی وشە و فرەیزەکاندا، یەکەی گەورەتری ڕیتمیی پێک دەهێنن کە بەیەکگرتنیان پەیکەری سەرەکیی ڕیتم لە دەقدا دادەڕێژن.

سیستەمی دووبارەکردنەوەکان لەم ئاستەدا، لەم پێکهاتانەدا دەردەکەوێت:

٢-١- دووبارەکردنەوەی سادە:

٢-١-٢- «لە ساتێکی بێزاریا

(١) بەتاڤگەکانم وت: بوون و نەبوونی ئاو وەکو یەکە
بەئاوم وت: بوون و نەبوونی کەشتییەکان وەکو یەکە
بەکەشتییەکانم وت: بوون و نەبوونی دەریا وەکو یەکە
بەدەریاکانم وت: بوون و نەبوونی ژیان وەکو یەکە
هاتم و زمانم پڕی بوو لەتکا

(٢) بەماسیەکانم وت: گوللەبەندێکم بۆ بنووسن، دژی دەریا
بەهەورەکانم وت: نوشتەیەکم بۆ بکەن، دژی ئاسمان
بەڕێگاکانم وت: دوعایەکم بۆ بنووسن، دژی ونبوون
دەشمزانی گەر دەریا و ئاسمان و ڕێگاکان
دۆستم بن یاخود دوژمنم، وەکو یەکە»[١٣].

٢-١-٢- دووبارەکردنەوەکان لە چوارچێوەی دوو جۆرە داڕشتنی کاتیدا ئەنجامدراون: لە بەشی یەکەمدا ڕستەکان لە شێوازی ڕاگەیاندنی ئێستاییدان، لە بەشی دووەمیشدا لە شێوازی فەرمانکردنی ئێستاییدان. ئەم بنیاتە، دووبارەکردنەوەکان بەسەر دوو جۆرە ڕیتمدا دابەش دەکات:

٢-١-٢-١- ڕیتمی سیمانتیکی: لەم ئاستەدا، کاریگەریی ڕیتمەکە بەگوێرەی مەڵبەندە سیمانتیکییەکان دیاری دەکرێت کە لە بەشی یەکەمی نموونەکەدا دووبارەکردنەوەی فرەیزی: (بوون و نەبوون) و لە بەشی دووەمیشدا وشەی: (دژ)، بەرجەستەی کردوون.

٢-١-٢-٢- ڕیتمی سادە: لەم ئاستەدا، هەموو وشە و فرەیزەکان، بەشێوەیەکی گشتیش، سیستەمی یەکگرتووی ڕستەسازی. بەمەبەستی دووپاتکردنەوەی بەشێک لە پەیامی دەقەکە، دووبارە دەکرێتەوە وەکو لە



هەردوو بەشی نموونەکەدا دیارە.

٢-٢- دووبارەکردنەوەی هاودژەکان: لەم جۆرە دووبارەکردنەوەیەدا دوو دۆخ، دوو هەڵوێستی هاودژ بەرانبەر بەیەکدی ڕادەگیرێن و دووبارە دەکرێنەوە.

٢-٢-١- «زەمین گەورەترە یا ئەو لەنگەرییەی چێشتی لەناو دەخۆم
دووکەڵکێشی دێری فراوانترە یا شوێنی کەڵەک ڕاگرتن
دەسڕازەی منداڵ نیانترە یا کۆت»[١٤].

٢-٢-٢- ڕەگەزە هاودژەکان:

٢-٢-٢-١- (زەمین = لەنگەری)

٢-٢-٢-٢- (دووکەڵکێشی دێری = شوێنی کەڵەک ڕاگرتن)

٢-٢-٢-٣- (دەسڕازەی منداڵ = کۆت)

٢-٢-٣- سیستەمی دووبارەکردنەوەکان، لەم ئاستانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

٢-٢-٣-١- داڕشتنی سینتاکسیی ڕستەکان: هەموو ڕستەکان لە دۆخی بەراوردکردن و بەرتری و پرسدان کە ئامرازەکانی: (تر، یان) داڕێشتوون.

-٢-٢-٣-٢- هاودژیی ڕەگەزەکان: ڕەگەزە بەراوردکراوەکان، هەموو هاودژن.

٢-٢-٣-٣- هاودەنگیی فۆنیمی:

«زەمین گەورەترە یا ئەو لەنگەرییەی... تاد»
(گ-ە-ر) (گ-ە-ر)
«دووکەڵکێشی دێری فراوانترە یا شوێنی کەڵەک ڕاگرتن»
(ک-ە-ڵ) (ک-ە-ڵ)

٢-٢-٤- ئەرکی سەرەکیی ئەم سیستەمی دووبارەکردنەوەیە،

بەرجەستەکردنی پانتایی و قەبارەی ئەفسانەیی ڕەگەزە هاودژەکانە، کە لە دۆخی ئاساییدا سنوورێکی دیاریکراویان لە زەینی خوێنەردا هەیە.

٢-٣- دووبارەکردنەوەی ئاوێتە: لەم پێکهاتە ڕیتمییەدا، هەردوو جۆرەکەی پێشوو، بۆ داڕشتنەوەی ڕەگەزەکان لە یەکەیەکی نوێدا ئاوێتە دەکرێن:

٢-٣-١- «ئاوێزانم بە تێکەڵم بە
تۆ گەردەلوول و من پێدەشت تێکەڵم بە
تۆ دڵنیایی و منیش ترس تێکەڵم بە
لە کەڵە موستی پێمەوە تا تەوقی سەر تێکەڵم بە
موو بەموو، دەمارە بەدەمار، تێکەڵم بە»[١٥].

٢-٣-٢- دووبارەکردنەوەی فرەیزی (تێکەڵم بە - ٤ جار) لەگەڵ فرەیزە هاودژەکاندا، یەکێتییەکی بەرچاوی بەبنیاتی ڕیتمی - سیمانتیکی نموونەکە بەخشیوە. ئەو یەکێتییەی بەدووبارەبوونەوە و ئاوێتەبوونی ڕەگەزە ڕیتمی و سیمانتیکییەکان لە سەرانسەری دەقەکەشدا، شیعرایەتیی ئەو دەقە پێک دەهێنێت. ئەم بابەتەش سەر بەئاستی دەقە و لە کەرتی داهاتوودا هەوڵی سەلماندنی دەدرێت.

٣- بنیاتی یەکگرتووی سیمانتیکی - ڕیتمی دەق:

ئەو دیاردە ڕیتمییانەی لە کەرتەکانی پێشوودا دەستنیشان کران بریتی بوون لە دابەشکردنەوەی سیستەمە دەنگسازییەکانی ڕیتمی گشتی، کە بەبێ ئاوێتەکردنیان لەگەڵ بنیاتی سیمانتیکیدا، ڕیتمی تایبەتیی دەق دیاری ناکرێت.

لەم کەرتەدا هەوڵدراوە، ئەو سیستەمە گشتییە دیاری بکرێت کە لە ئەنجامی دابەشکردنەوە و ئاوێتەبوونی سیستەمەکانی دەنگسازی و واتاسازیی دەقێکی دیاریکراودا دێتەکایەوە و کار دەکات و شیعرایەتی بەو دەقە دەبەخشێت. بۆ ئەم مەبەستەش، بەپێڕەویکردن لە ڕێبازە



بنیاتییەکەی (ئەندرێ نیێل)[١٦]، پێشەکیی دەقی (فیشەکی ڕەحمەت) شی دەکرێتەوە، کە لە ڕووی سیمانتیکی و ڕیتمییەوە هەمان سیستەمی گشتیی دەقەکەی هەیە، بۆ هەر ڕستەیەکی شیعریشی ژمارەیەک دادەنرێت:

(فیشەکی ڕەحمەت)

(١) «لە ترۆپکی خەرەندە حەپەساوەکانەوە کە پێی دەڵێن نیشتمان
دەڕوانمە هەرەسهێنانی ئاسمان و داتەپینی زەوی
(٢) کێ نیشتمانەکەمی لەبەر چاوی نەتەوەکەم ڕەش کرد
(٣) کێ نەتەوەکەمی لەبەر چاوی نیشتمانەکەم ڕەش کرد
(٤) نیشتمانەکەم زۆر قژی ڕووتایەوە
(٥) نەتەوەکەم ددانەکانی زوو هەڵوەرین
ئاخ ئەوساکە چەند ڕەزا سووک بوو
(٦)
نیشتمانەکەم بووکە شووشەیەکی چەند ڕەزا سووک بوو
چەند بێ گوناه بوو، ئاخ ئەوساکە نەتەوەکەم
(٧)
کارمامزێکی چەند بێ گوناه بوو
(٨) لە دەستم داوە، من خۆشەویستیی نیشتمانەکەمم لە دەست داوە.
(٩) لە دەستم داوە، من خۆشەویستی گەلەکەمم لە دەست داوە
(١٠) کێ گوڵە سوورەکانی فەساد کرد و ئابڕووی پەپوولانی هەڵوەراند
(١١) کێ بووکی لەسەر زین دابەزاند و ئەسپە سپییەکانی گەڕاندەوە جەهەندەم
(١٢) خودایە کارێک بکە وەک جاران
دار بەڕووم لە بەژنی ژن و
کانیلەم لە دەمی ژن و
ئەستێرەم لە چاوی ژن و
لووتکە چیام لە مەمکی ژن
خۆشتر بوێ»[١٧].

### ٣-١- پوختەی بنیاتی سیمانتیکی:

**٣-١-١-** پەیامی سەرەکی: ئەو پەیامەی دەقەکە ڕای دەگەیەنێت، لە دژایەتییەکی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوو بزاڤی سەرەکی بەرجەستەی دەکەن:

| ونبوون ≠ هەوڵدان بۆ خۆ دۆزینەوە |
|---|

**٣-١-٢-** یەکە هاودژەکان: ئەو دژایەتییە بنەڕەتییە، بەهۆی ژمارەیەک جووت هاودژی لاوەکییەوە گەشە دەکات و کەڵەکە دەبێت وەکو لە نەخشەی (٤-١)دا دەردەکەوێت:

نەخشەی (٤-١)

| | | |
|---|---|---|
| پەیامدەر | ≠ | هێزێکی دیاری نەکراو |
| نیشتمان | ≠ | نەتەوە |
| خۆشویستنی ژن | ≠ | خۆشویستنی نیشتمان |
| دابڕان | ≠ | پێوەستبوون |

یەکە هاودژەکانی دەقی (فیشەکی ڕحمەت)

**٣-١-٣-** کاتی ڕاگەیاندنی پەیامەکە: کاتی ڕاگەیاندن و کاتی ڕاستەقینە لە دەقەکەدا، کاتی کردارەکان دەستنیشان دەکەن و ئەم هاودژییەی خوارەوە پیشانی داون:

| ڕابردوو ≠ ئێستا |
|---|

**٣-١-٤-** دابەشبوونی بزاڤەکانی پەیامی دەقەکە بەسەر کاتەکانیدا، هێڵی سەرەکیی ڕاگەیاندنەکان پیشان دەدات. ئەگەر سەرنجی هەردوو بزاڤی ونبوون و خۆدۆزینەوە بەگوێرەی کاتەکانیان لە ڕستەکاندا بدرێت، دەبینرێت بزاڤی ونبوون سێیەکی پانتاییی دەقەکەی گرتۆتەوە، بەڵام بزاڤی خۆ دۆزینەوە تەنیا یەک لەسەر چواری پانتاییەکەی گرتۆتەوە.



لە ڕووی کاتیشەوە، زۆربەی ڕستەکانی بزاڤی ونبوون، سەر بەکاتی ڕابردوون، تاکە ڕستەی بزاڤی خۆدۆزینەوەش، سەر بەکاتی ئێستایە.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، بزاڤەکانی بەگوێرەی کاتەکانیان خانەبەندیی کراون:

خشتەی (٤-٢)


| ڕستەکانی بزاڤی ونبوون | | ڕستەکانی بزاڤی خۆدۆزینەوە | |
|---|---|---|---|
| ڕابردوو | ئێستا | ڕابردوو | ئێستا |
| ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ١٠، ١١ | ٨، ٩ | - | ١٢ |

بزاڤ و کات لە دەقی (فیشەکی ڕەحمەت)دا

خشتەکە، گەورەیی قەبارەی ونبوونەکە و بەردەوامبوونی تا کاتی ڕاگەیاندنی پەیامەکە پیشان دەدات، ئەمەش دەستنیشانکردنی ئاستەکانی هەڵچوونی ئاسان دەکات.

**٣-١-٥-** ئاستەکانی هەڵچوون: لە ڕستەکانی بزاڤی ونبووندا، پلەی هەڵچوونەکان توند و هەڵکشاوە، کە ڕەنگدانەوەی تاوانبارکردن و بەگژداچوونی پەیامدەرە دژی هۆکاری گوناهەکانی. بەڵام لە ڕستەی دواییدا، کە سەرەتای هەوڵدانی پەیامدەرە بۆ خۆدۆزینەوە، هەڵچوونەکان لە توێی نزایەکی ئارامدا، بەرەو دامرکاندنەوە و داکشان دەچن وەکو لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

نەخشەی (٤-٣)




هەڵچوونی بزاڤەکان لە دەقی (فیشەکی ڕەحمەت)دا

**٣-٢- سیستەمە دەنگسازییەکانی دەقەکە:**

دەقەکە، لە ئاستی وشە و ڕستەکاندا، ئەندازیارییەکی هەمەڕەنگی تێدا بەکاربراوە کە سیستەمی دووبارەکردنەوەکان لە شێوەی چەند مەڵبەندێکی ڕیتمیی بەهێز لە سەرجەمی ڕستەکاندا دابەشیان کردووە.

**٣-٢-١- ئەندازیاریی دەنگەکان:** هاودەنگیی فۆنیمەکان لە دەقەکەدا بەپێی ژمارەی ڕستەکان، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(١) پ/ پ/ پ
ه/ه
(٢، ٣) (ن-ە)/ (ن-ە)/ (ک-ە)/ (ک-ە)
(٥) (ن-ە)/ (ن-ە)
ک/ک/ (ب-وو)
(٦) ک/ک/ ( ب-دوو)
(٧) (ب-ێ) / (ب-وو)
(ب-ێ) / (ب-وو)
(ب-ێ) / (ب-وو)
(٨، ٩) س/س/س
(١٠) س/س/وو/وو
(١١) (ز-ن) / (ز-ن) / (س+پ) / (س+پ) / (ن-د) / (ن-د)
(١٢) ک/ک/ک
(ژ+ن) / (ژ+ن)
(ل+ە) / (ل+ە)
ک/ک/م/م/م

**٣-٢-٢- سیستەمی دووبارەکردنەوەکان:** وشە و فرەیزە دووبارەکراوەکان لە نموونەکەدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەرکەوتوون:

(٢، ٣) (کێ) (لەبەر چاوی) (ڕەش کرد)
(٤، ٥) (زوو)
(٦، ٧) (بوو)
(٨، ٩) (لە دەستم داوە) (من) (خۆشەویستی) (لە دەست داوە)
(١٠، ١١) (کێ)
(١٢) (ژن)

کە هەموویان دووبارەکردنەوەی سادەن و بۆ دووپاتکردنەوەی هەڵوێستی پەیامدەر لە هەردوو بزاڤەکەدا کار دەکەن.

ئێستا دەستبەجێ دەردەکەوێت، چۆن هەردوو ئاستی سیمانتیکی و ڕیتمی، پێکەوە لە سەرانسەری دەقەکەدا کار دەکەن و سیستەمێکی یەکگرتووی پێ دەبەخشن و شیعرایەتیی دابین دەکەن.

**٣-٣- پێکهاتەی گشتی دەقەکە:**

**٣-٣-١- دیمەنی سەرەتا:** دەقەکە، بەدیمەنێکی دوور ئاوازەیەکی ئاسایی دەست پێدەکات کە تێیدا پەیامدەر و ڕوودانی هەرەسهێنانەکان لە یەک دوورابیەوە دەبینرێن. ئەم سەرەتایە دیمەنەکەی کاڵ و پەیامەکەی بێ هێز کردووە، وەکو لە شیکردنەوەی پلەی ئاوازەیی ڕستەی یەکەمدا دیارە:

(١)لە ترۆپکی خەرەندە حەپەساوەکانەوە کە پێی دەڵێن نیشتمان /←/
دەڕوانمە هەرەسهێنانی ئاسمان و / ↖ داتەبینی زەوی / ↙

وەکو دەبینرێت، هێڵی ئاوازەیی سەرەکیی ڕستەکە، کە ڕستەیەکی ڕاگەیاندنی ئاساییە، هێڵێکی نزمە، ئەم جۆرە ڕستەیەش: «سەرەتا بەئاوازەیەکی ئاسایی دەست پێدەکات و پێش تەواوبوونی ڕستەکە بەرز دەبێتەوە و پاشان لەگەڵ تەواوبوونیدا نزم دەبێتەوە»(١٨).

ئەم دۆخە، کار دەکاتە سەر جۆر و دابەشبوونی سترێسەکان لە ڕستەکەدا، هەموو وشەکانی لە دۆخێکی وادا، سترێسە سەرەکییەکانیان لە دەست دەدەن و بەسستی لەسەر وشەکانی ڕستەکەدا دەردەکەون.

**٣-٣-٢- وەرچەرخانی یەکەم:** لەپڕدا، لەگەڵ ڕستەکانی دووەم و

سێیەمدا، دیمەنەکە دەگۆڕێت و پەیامدەر تەواوی پانتاییەکەی دەگرێتەوە. ئیدی لێرەوە پلەی ئاوازەیی پەیامەکە بەرەو بەرزی دەکشێت:

(٢) کێ نیشتمانەکەمی لەبەر چاوی نەتەوەکەم ڕەش کرد / ↖ /

(٣) کێ نەتەوەکەمی لەبەر چاوی نیشتمانەکەم ڕەش کرد / ↖ /

لە دۆخی پرسکردندا، سترێسی سەرەکیی وشەکان، بەرەو کۆتایی ڕستە دەکشێن، بەڵام ئەو دۆخە لە ڕستەکانی (٢، ٣)دا ئاسایی نییە، ئەمەش وادەکات هەر وشەیەک سترێسەکەی بپارێزێت و بەگوێرەی هەڵچوونەکان دەربکەوێت. لێرەدا سیستەمی دووبارەکردنەوەکان فاکتەرێکی سەرەکیی هەڵکشانی هەڵچوونەکان و بەرزبوونەوەی پلەی ئاوازەیی ڕستە دووبارە کراوەکانە.

بۆ پیشاندانی ڕۆڵی ئەو فاکتەرە، ڕستەی دووەم، جارێک بەدابڕینی لە بنیاتی سیمانتیکی دەقەکە و جارێکیش لەگەڵ ڕستەی سێیەم و ڕێڕەوی بنیاتە سیمانتیکیەکەدا، بەگوێرەی سیستەمی ئاوازەیی و سترێسبەندی شی دەکرێتەوە:

٣-٣-٢-١ پلەی ئاوازەیی و سترێسبەندیی وشەکانی ڕستەی دووەم:

کێ /↖/ نیشتمانەکەمی /←/ لەبەر چاوی /↖/ نەتەوەکەم /↙/ ڕەش کرد / ↖/

لەم دۆخەدا، ڕستەکە لە سێ پلەی ئاوازەیی بەرز پێکهاتوو لەو وشانەدا کە سیمای پرسکردنیان هەیە و دوو پلەی نزمیش لەو وشانەدا کە وەڵامی کاتیی وشە پرسیارییەکانن. بەگوێرەی ئەوە، سترێسبەندیی ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت:

کێ/ نیشتمانەکەمی/ لەبەر چاوی/ نەتەوەکەم/ ڕەش کرد/

دەرکەوتنی سترێسێکی سەرەکی لەسەر دوا ڤاوڵی وشەی لێکدراوی (ڕەش کرد)دا بەهۆی گواستنەوەی سترێسەکانی دییە لە وشەیەکەوە بۆ ئەویدی بەگوێرەی گۆڕانی ڕێکی پلە ئاوازەییەکان لەبەشەکانی ڕستەکەدا.



٣-٣-٢-٢- پلەی ئاوازەیی و سترێسبەندیی وشەکانی جووت ڕستەی (٢، ٣): لەم دۆخەدا، لە چوارچێوەی هەڵچوونەکانی پەیامدەر و دووبارەکردنەوەی ڕستەکەدا، ئاوازەی هەموو وشەکان بەرز دەبنەوە:

کێ /↖/ نیشتمانەکەمی /↖/ لەبەرچاوی /↖/ نەتەوەکەم /↖/ ڕەش کرد /↖/

کێ / نەتەوەکەمی / لەبەرچاوی / نیشتمانەکەم / ڕەش کرد / /

لە دۆخێکی وادا، هەر وشەیەک سترێسێکی بەهێزی تێدا دەردەکەوێت کە هەندێ جار بەهۆی ئاوێتەبوونی سترێسی بنەچەیی وشەکان و سترێسی شیعرییەوە جێگای ئاسایی سترێسە بەهێزەکە دەگۆڕێت:

کێَ / نیشتمانەکەَمی / لەبەرچَاوی / نەتەوەکەَم / ڕەَش کرَد /

کێَ / نەتەوەکەَمی / لەبەرچَاوی / نیشتمانەکەَم / ڕەَش کرَد /

٣-٣-٣- لێرە بەدواوە، هەڵکشانی هەڵچوونەکان دەوەستێت و ڕستەکانی (٤ تا ٩) پلەی ئاوازەییان دەچێتەوە دۆخی ڕستەی یەکەم.

٣-٣-٤- وەرچەرخانی دووەم: لە ڕستەکانی (١٠-١١) دا، جارێکی دی ڕیتمی گوتەکان توند دەبێت و هەمان سیستەمی ئاوازە و سترێسبەندیی ڕستەکانی (٢، ٣) کار دەکەنەوە.

٣-٣-٥- یەکلاییکردنی هاودژەکان: ئەو هاودژییە بنەڕەتییەی لە نێوان بزاڤی ونبوون و بزاڤی خۆدۆزینەوەدا هەبوو، لەگەڵ ڕستەی دوانزەیەمیندا بەرەو نەمان دەچێت، ئەویش بەلابردنی یەکێک لەلایەنەکانی هاودژییەکە و مانەوەی تەنیا لایەنێکی، وەکو لەم نەخشەیەدا دەردەکەوێت:

نەخشەی (٤-٤)

ونبوون ≠ خۆدۆزینەوە) ←─── ڕێڕەوی هەڵچوونەکان ←─── (ونبوون ≠ خۆدۆزینەوە)
هاودژیی بنەڕەتی ─── یەکلاییکردنی یەکجارەکی

یەکلاییکردنی هاودژەکان لە دەقی (فیشەکی ڕەحمەت)دا

لێرەدا، هەموو هەڵچوونەکان دادەمرکێنەوە و پلەی ئاوازەیی ڕستەکە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بەردەوام بەرەو خوار دەکشێت:

٣-٣-٥-١- خودایە کارێک بکە وەک جاران / ↙/

دار بەڕووم لە بەژنی ژن و / ↙/

کانیلەم لە دەمی ژن و/ ↙/


ئەستێرەم لە چاوی ژن و / ↙/

لوتکە چیام لە مەمکی ژن

خۆشتر بوێ / ↙/

٣-٣-٦- نەخشەی یەکگرتووی سیستەمی ڕیتمی-سیمانتیکی دەقەکە:

نەخشەی (٤-٥)




سیستەمی یەکگرتووی ڕیتمی - سیمانتیکی لە دەقی (فیشەکی ڕەحمەت)دا

٣-٤- ئەنجام:

ئەگەر چەمکی سیستەم، بەواتا فراوانەکەی، ڕێکی و پلەداری بگەیەنێت، ئەوا جووتبوونی بزاڤەکانی ڕیتمی و سیمانتیکی لە نموونەکەدا، بوونی ئەو سیستەمە ساغ دەکاتەوە کە ئەدگارێکی سەرەکیی شیعرایەتیی هەر دەقێکە. سیستەمی نەخشەی (٤-٥) بەدووبارە بوونەوەی لە تێکڕای کۆپلەکانی دەقە شیعرییەکەدا، بەشێکی گرنگی شیعرایەتییەکەی دابین دەکات.



لێرەشەوە، گرنگیی پلە ئاوازەییەکان لە بەرجەستەکردنی گەرمیی گوتاری شیعریدا دەردەکەوێت کە لایەنێکی دیی شیعرایەتیی دەقی شیعرییە.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی فەسڵی چوارەم:

(١) لە نامەی ماستەرەکەماندا. فەسڵێکی تەواومان بۆ ئاستە تیۆرییەکانی (کێش) و (ڕیتم) تەرخان کردووە. لەوێدا، پاش بەسەرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ژمارەیەکی زۆر لە پێناسە و ئەدگارەکانی ئەو دوو ڕەگەزە و بەسوود وەرگرتن لە میکانیزمی سیستەمەکانی ئاوداشتنی کوردەواری: (ئەستێل)، ئەو دوو ڕەگەزەمان وا پێناسە کردووە:

(ڕیتم): کۆ سیستەمی ئاستەکانی زمانە.

(کێش): سیستەمی تایبەتیی کارکردنی ڕیتمە. بڕوانە:

* کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی (١٩٩٠) زانکۆی سەلاحەدین، ل٥٠. بۆ زانیاریی پتر لە بارەی پێناسە و ئەدگارە گشتییەکانی (کێش) و (ڕیتم)ەوە، بڕوانە:

* علوي الهاشمي (١٩٨٩) قراءة نقدية في قصيدة حياة، بغداد، ل١٥٠ - ١٥٤.

(٢) لە لێکۆڵینەوە دەنگسازییە کوردییەکاندا، زاراوەی (هێز) بۆ (Stress - النبر) بەکار دەبرێت، بەڵام وەکو لە نامەی ماستەرەکەماندا ڕوونکراوەتەوە، ئەو زاراوەیە لە بواری جیاکردنەوەی پلە جیاوازەکانی سترێسدا، ئاڵۆزی دروست دەکات: ل١٤١.

(٣) رولان بارت (١٩٨٦) التحليل البنيوي للقصة القصيرة، ترجمة نزار صبري، بغداد ل٩٦.

هەرچەندە لە ئەدەبی نوێخوازیدا، مەرج نییە ئەو لۆجیکە، ڕێک و پێوەری بێت؛ چونکە گوتار، وەکو (ئەدوارد جین) ڕوونی دەکاتەوە، وەکو لێشاوێک لە گرنگی، بەزەروورەت لۆجیکی نابێت. بڕوانە:

* ادوارد جين (١٩٩٦) ما بعد البنيوية: أغتصاب شكلاني، ترجمة مجيد حميد، افاق عربية، العدد (١١-١٢)، ل٤٣.

(٤) حاتم الصگر (١٩٩٠) بحث في الإيقاع، والإيقاع الداخلي، الأقلام، العدد(٥) ل ٦٥-٦٦.

هەر لەم بوارەدا، (عبدالسلام المسدی) ئاماژەیەکی گرنگ ئاراستەی سروشتی ڕیتم

له شیعری نوێخوازدا دەکات لەوەی کە نوێخوازی، پێوەندیی نێوان شاعیر و دەقەکەی بۆ پێوەندیی نێوان دەق و پەیامگر گواستۆتەوە. بڕوانە:

* عبدالسلام المسدی (١٩٨٥) فی جدل الحداثه الشعریه، الشعر ومتغیرات المرحله، مهرجان المربد الشعری السادس، بغداد، ل ٣٣.

(٥) سنوورەکانی ڕیتمی دەرەوە و ڕیتمی ناوەوە، هەرچەندە لە هەڵی یەکەمدا دوور لە یەکتر بەرچاو دەکەون، بەڵام لە پراکتیکدا ئەو هێڵە دابڕەیان لە نێواندا کاڵ دەبێتەوە. لەم بارەیەوە (جی. ئێس. فرەیزەر) دووپاتی دەکاتەوە تەنانەت لە شیعری سەربەستی بێ کێششیشدا، ئەتەمی یەکێک یان دووان لە کێشە ئاساییەکان دەبینرێت. بڕوانە:

* ج.س. فریزر (١٩٨٠) الوزن والقافیة والشعر الحر، ترجمة عبدالواحد لؤلؤة، بغداد، ل ١٠٦-١١٠.

هەروا، بۆچوونە بەناوبانگەکەی (تی. ئێس. ئیلیەت) لەم بارەیەوە، کە دەڵێت: «لەپشت سەربەستترین شیعرەوە، تارمایی کێشێکی ئاسایی خۆی حەشارداوە، کە بێ ئاگا دەبێ دەردەکەوێت، ئاگاداریش بێ بزر دەبێت». بڕوانە:

* عبدالکریم راضي (١٩٩٦) شعریة الوزن: الاختیار المشروط، افاق عربیة، العدد (١١-١٢)، ل ٦٨.

پێویستە بگوترێت، کە چەمکی (شیعری سەربەست) لە ئەدەبیاتی ئەنگلۆ - سەکسونیدا، زۆر لە چەمکی ئەو شیعرە لە ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبیدا جیاوازە و لە یەکەمیاندا لە پەخشانە شیعر نزیک دەبێتەوە.

ڕەنگە لەبەر هۆیەکی واش بێت، ژمارەیەک لە نووسەرە تازەکان، لە نموونەی (ئیلیاس خووری)، لە چوارچێوەی پێوەندییەکی دیاریکراودا، سەرنجی هەردوو ئەو ڕیتمە دەدەن.

(خووری) پێی وایە ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە، چوارچێوەی یەک پرۆسێسن؛ بەڵام جیاوازییان لەو ڕیتمە دیاریکراوەدایە کە لەنێو ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەدایە. بڕوانە:

* الیاس خوري (١٩٨١) دراسات في نقد الشعر، الطبعة الثانیة، بیروت، ل١٨٢.

(٦) نخبة من الباحثین (١٩٩٤) موسوعة نظریة الأدب، ترجمة جمیل نصیف التکریتي، القسم الثالث، بغداد، ل ٣٩-٤٠.

(گاچێڤ) ئەو بۆچوونەی بەشێوەیەکی فراوانتر و سەربەخۆتر، لە کتێبی:



* الوعی والفن (١٩٩٠) ترجمه نوفل نیوف، الکویت، فەسڵی چوارەم، ل٦٩-٨٦دا شیکردۆتەوە.

(٧) ع.ع. یوسف، لم نیازمە، ل٦.

(٨) هەمان سەرچاوە، ل٣٢.

(٩) قوبادی جەلیزادە، سێدارەکانی بەهەشت.

(١٠) سەباح ڕەنجدەر، هەمان سەرچاوە، ل٧.

(١١) بەختیار عەلی، هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٠.

(١٤) سەباح ڕەنجدەر، هەمان سەرچاوە، ل ٩.

(١٥) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل ٣.

(١٦) جوزێف میشال شریم، هەمان سەرچاوە پێشووتر، ل ١٤-١٥.

(١٧) قوبادی جەلیزادە، فیشەکی ڕەحمەت.

(١٨) محمد علي الخولي (١٩٨٧) الأصوات اللغویة، الطبعة الأولی، الریاض، ل ١٧٠.

## فەسڵی پێنجەم

## بیبلۆگرافیای پەخشانە شیعری ئەمڕۆی کوردی:

## دەقی تەکنەلۆژی و تەکنەلۆژیای دەق

**یەکەم – تێبینی و ڕوونکردنەوە**

١– لە ساڵی (١٩٩٠) بەملاوە، ژمارەیەک بەرهەمی چاپکراوی پەخشانە شیعری کوردیی شاعیرە تازە و ناسراوەکانیش بڵاوکراونەتەوە، کە لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە جیاوازیی چۆنایەتییان لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی پێشوودا هەیە، بۆیە بەپێویست زانرا لە دوو تەوەردا بەسەر بکرێنەوە:

١–١–تەوەری بیبلۆگرافی: لەبەر تازەیی و ژمارەی کەمی تیراژەکانیان بیبلۆگرافیایەکی گشتییان بۆ ئەنجام دەدرێت.

١–٢– تەوەری هونەری: لەم تەوەرەدا، ئەدگارە تەکنیکییە تازەکانی دەقەکان، ڕوون و شی دەکرێنەوە.

٢– لە هەڵبژاردنی دەقەکاندا ئەم خاڵانە ڕەچاو کراون:

٢–١– بوونیان لە چوارچێوەی کۆمەڵە شیعر و چاپکراوی (١٩٩٠) بەملاوە.

٢–٢– سەرجەم پەخشانە شیعر بوونیان.

٣– لەوانەیە دەقی دی هەبن ئەو دوو مەرجەیان تێدا بێت، بەڵام دەست نەکەوتوون.

٤– ناوی شاعیرەکان لە بیبلۆگرافیاکەدا، بەگوێرەی پیتە ئەبجەدییەکان ڕیزکراون.



**دووەم – بیبلۆگرافیا**

١– ئازاد حەمە:

١–١– دیوان:

فرمێسکەکانی Eros (١٩٩٥) چاپی یەکەم، سوید.

١–٢– ژمارەی شیعرەکان: «٣».

٢– ئازاد صبحی:

٢–١– دیوان:

باخچەکانی باوکم (١٩٩٥) هەولێر.

٢–٢– ژمارەی شیعرەکان: «٦».

٣– ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی:

٣–١– دیوان:

گەردۆز (١٩٩١) هەولێر.

٣–٢– ژمارەی شیعرەکان: «١٤»[1].

٤– جەلال بەرزنجی:

٤–١– دیوان:

شەڕ (١٩٩٣) هەولێر.

٤–٢– ژمارەی شیعرەکان: «١»[2].

٤–٣– تابلۆکان: نامق عەلی قادر.

٥– دانا سەعید صۆفی:

٥–١– دیوان:

سەرابی ماسکەکان (١٩٩٥) چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.

٥–٢– ژمارەی شیعرەکان: «٢».

٥–٣– تیراژ: «٥٠٠» دانە.

٦– دلاوەر قەرەداغی:

٦-١- دیوان:

پەیکەرێک لە باران (١٩٩٤) چاپخانەی زریان.

٦-٢- ژمارەی شیعرەکان: «٨».

٦-٣- تیراژ: «٢٠٠٠» دانە.

٦-٤- تابلۆکان: نامق عەلی قادر.

٧- دڵشاد عەبدوڵڵا:

٧-١- دیوان:

٧-١-١- جوانییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنووس یا باوباڵەکان (١٩٩٢) چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٧-١-١-١- ژمارەی شیعرەکان: «١٠».

٧-١-١-٢- تیراژ: «١٠٠٠»دانە.

٧-١-٢- پیاسەی پەپوولەکان (١٩٩٥) چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٧-١-٢-١- ژمارەی شیعرەکان: «٥»

٧-١-٢-٣- تیراژ: «٥٠٠»دانە.

٨- زانا خەلیل:

٨-١- دیوان:

فیردەوسی بەفرەکان (١٩٩٦) کۆمپیوتەری زادە، هەولێر.

٨-٢- ژمارەی شیعرەکان: «١٢»[٣].

٩- فەرهاد پیرباڵ:

٩-١- دیوان:

Exil (١٩٩٢) پاریس.

٩-٢- ژمارەی شیعرەکان: «٦١»[٤].

١٠- محەمەد ڕەنجاو:

١٠-١- دیوان:



ئادەمیزڵدان (١٩٩٥) هەولێر.

١٠-٢- ژمارەی شیعرەکان: «١٢»[٥].

١١- نەزەند بەگیخانی:

١١-١- دیوان:

دوێنێ سبەینێ (١٩٩٥) فەرەنسا.

١١-٢- ژمارەی شیعرەکان: «١٣».

**سێیەم - تەکنیکسازیی دەقەکان**

١- دەقی تەکنەلۆژی:

جەختکردن لەسەر بابەتێکی تازەی کۆنی وەکو دەقی تەکنەلۆژی، لەلایەن چەند شاعیرێکی نوێخوازی کوردەوە، کارێکی نابەجێ نییە؛ بەڵام جیاوازییەک کە ئەم تاقیکردنەوەیە جیادەکاتەوە، گۆڕانی سروشتی نیشانکار و نیشانکراوەکانە لە پرۆسێسی نیشانکردندا، بەدەربڕینێکی دیارکراوتر، لە بری فۆنیمە زمانییەکان، لێرەدا پتر جەخت لەسەر (فۆنیمە) بێ دەنگە نیشاندارەکان دەکرێت. ئەمەش (زمانی) شیعر دەکاتە یەکێک لە یەدەکە کاریگەرەکانی نیشانکردن کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەشتەکان و ڕووداوەکانەوە نابێت. هەر لێرەشەوەیە، لە نێوان پەیامدەری ئەم جۆرە دەقە و پەیامگرەکەیدا، ناکۆکییەکی چارەسەر نەکراو پەیدا دەبێت:

لەنێوان هەوڵدانی پەیامگر بۆ داخستنی دەقەکە لەسەر بیرۆکەیەک یان چەمکێک لە چوارچێوەی دووپاتکردنەوەی (خود)ی خۆیدا و هەوڵدانی پەیامدەر بۆ دەرچوون لەو بازنە داخراوە لە هەمان چوارچێوەدا، واتە ناکۆکی لەنێوان ئاستی سیمانتیکیی ئاراستەکراوی دەقەکە و زەینی سیمیۆتیکی چەسپاوی پەیامگردا. بۆیە لەبارترین چاوەڕوانی کە لە دەقێکی وا دەکرێت، دابڕانێتی لە خانەی ڕاستەوخۆ گۆیی و زاڵکردنی ئەرکی شیعرایەتییە.

(فەرهاد پیربال)، یەکێکە لە شاعیرانی ریزی پێشەوەی ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە، کە دەتوانرێت ئەم دیاردانە لە تاقیکردنەوەکانیدا دەستنیشان بکرێت:

١-١- دەقی کۆلاژکراو:

یەکێکە لەو تەکنیکانەی (فەرهاد) لە چەند شێوەیەکدا بەکاری بردووە:

١-١-١- کۆلاژی داڕێژراو:(٧)




١-١-٢- لێرەدا تەکنیک سەرتاپای دەقەکەی گرتۆتەوە و دەقی بنەچەیی و پرۆسێسی کۆلاژکردنی بەجۆرێک ئاوێتە کراون کە سنووری نێوانیان لە بەین چووە.

شاعیر، بەهەڵبژاردنی کۆمەڵێک وشە و فرەیز و ڕستەی قرتێنراو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە و لکاندنیان بەشێوەیەکی لە پێشدا داڕێژراو بەرووبەری لاپەڕەکەوە، دەیەوێت فەزای ئاسایی دەقەکە بسڕێتەوە و ڕێگای بۆ هەر بزاڤێکی سیمیۆتیکیی پەیامگر خۆش بکات. لێرەدا، پێویستە وشە و ڕستە لکێنراوەکان، وەکو نیشانکاری دیاریکراو بۆ نیشانکراوی



دیاریکراو سەرنج نەدرێن و لە هەر ئاستێکی عەوازە بەهرەمەند بکرێن، ئەم ئەرکەش، ڕەگەزە سەرەکییەکان ئەنجامی دەدەن کە بریتین لە:

١-١-٢-١- «شەڕ».


١-١-٢-٢- «دانیشتم و سەری خۆم دانەواند و
هەردوو دەستم دا بەر چەنەگە»

١-١-٢-٣- «هەژارەکە گوتی:
کێشەی بێ مانای
براکوژی» تاد.

١-٢-١- کۆلاژی نێگەتیڤ(٨):

١-٢-١-١- «گێلە پیاو: دیوانەی دۆزەخێکی پڕ لە شادی و کامەرانی»

گێلەپیاو




دیوانەی دۆزەخێکی پڕ لە شادی و کامەرانی

١-١-٢-٢- لێرەدا، هەر دەقێکی ئەدەبی، یان بەشێکی، لە لاپەڕەیەکی تەواودا هەڵدەبژێررێت و جگە لە چەند وشـــەیەکی دیاریکراو لە چەند جێگایەکی لاپەڕەکـەدا، ئەو دوای وشـە و ڕسـتـەکـان ڕەش دەکـرێنەوە. لە ئەنجامـدا ڕستەیەکی تازە پێکدێت کـە هیچ پێوەندییەکی سیـمانتـیکیی بەدەقە بنەڕەتییەکەوە نابێت و وەکو دەقێکی نوێ دەخوێندرێتەوە.

١-٢- بەکاربردنی کەرەستەی زانستەکان:

١-٢-١-

پەڕگاڵ


دراو

کوردستان + (۱۹۹۲) + ۱۹/۵ = √۷۰۰ - ۱۹ ÷ پارچە عەرەبێک

۷۰۰ + باوک و دایک و سێ خوشک و سێ برا + ۱۹ دینار = س۲ - ۳۰۰

دراکراو

شیعر = ۱۳,۰

خۆشەویستی و برایەتی + برادەرایەتی + خزمایەتی = (س / -)

۲۰۰۰ دینار = پۆلیس هێنانەسەر ماڵی زاوا و هەڕەشەکردن لە برای خۆ پەکوشتن

(۱ ÷ ۰) + ئوتۆمبێلێکی پەرازیلی = ۰۰۰,۹۹۰۰۰ دینار

۱۳,۰ + (س X ¼) = ۱۰۰۰ + میراتی باوک (دوکانێکی قەسابی)

دەشزانین کە √س۲ - ۳۰۰ + (س X ¼) = ۳۰۰ دۆلار

هەروەها

هونەر و داهێنان و جوانی + قەڵای هەولێر = (۱ - X ۴٦).

کەواتە

√س۲ - ۳۰۰ + (۱ ÷ ۴٦) X ۹۰۰۰ + کوردستان

هەمووی یەکسانە بە (۲٥) دۆلار.

تێبینی:

* ۱۳,۰ دینار دەمێنێتەوە.


۱۹۹۲/۱۱/۱۰

16

١-٢-٢- لەم تاقیکردنەوەیەدا، پەیامی شیعری، بەبەکاربردنی کەرەستە و ئامرازەکانی یەکێک یان پتر لە زانستە ڕووتەکان، ئاراستە دەکرێت کە لە نموونە (١-٢-١)دا، ئامراز و نیشانەکانی زانستی ماتماتیکە. شاعیر دەیەوێت بەکـەمـتـرین بەکـاربردنی ئامـرازەکـانی زمـان، ئەو پەیامـەی مەبەستێتی ڕای بگەیەنێت[٩].



١-٣- دەقی وێنەیی[١٠]:




١-٣-١- لەم جۆرە دەقەدا، هەستکردن بە (شێوە)، کە بنەمای هونەری وێنەکێشانە و هەوڵدانی تاقیگەری، وەکو ئامرازێکی کاریگەری پەیامدەر بۆ ڕەفـتـارکـردن لەگـەڵ دەقی شـیـعـریدا، بەجـۆرێک ئاوێتـە دەبن کـە: «کەلەبەری نێوان شیعر و وێنە، ئەوەندەی پێوەندیی بەشێوەوە هەبێت، پڕ دەکاتەوە»[١١].

لێرەدا، وشەیەک، یان ڕستەیەک، یان دەقێک وێنەیەکی سەربەخۆی لە وشە و پیتەکان پێ دروست دەکرێت کە لەگەڵ سروشت و مەبەستی وشەکان و نیشانکراوەکانیاندا جووت بێت.

٢- تەکنەلۆژیای دەق:

٢-١- ئەو بابەتانەی لەژێر ئەم ناوونیشانەدا چارەسەر دەکرێن، بریتین لە ڕەگەزە تەکنیکییەکانی هەر دەقێکی سەرکەوتوو کە ئەم خاڵانەی خوارەوە فەراهەم دەکەن:

٢-١-١- شیعرایەتیی دەق.
٢-١-٢- مەڵبەندێتیی نیشانکار، کە دەبێتە هۆی:
٢-١-٣- دروستبوونی دەقێکی کراوە.
٢-١-٤- کاریگەریی ڕۆڵی پەیامگر.

ئەو دیاردانەی لەم بوارەدا دەبینرێن، ئەمانەن:

٢-٢- مۆنتیڤکردنی دەق:

لەم جۆرەدا، (مۆنتیڤ، تابلۆ، وێنە) وەکو ئامرازێکی یاریدەدەر یان بنیاتنەر، دەخرێنە پێکهاتەی دەقەکەوە کە دەتوانرێت دوو شێوەی لێ جیا بکرێتەوە:

٢-٢-١- مۆنتیڤکردنی تایبەتی:

لەم شێوەیەدا، تەنیا بەشێکی دەق: (ناونیشان، پەیامی سەرەکی) مۆنتیڤ دەکرێت[١٢]:

٢-٢-١-١-






٢-٢-١-٢- مۆنتیڤەکە لەم شێوەیەدا، تەنیا ئامرازێکی یاریدەدەری ئاستی سیمانتیکیی دەقەکەیە کە لە ڕێگای چەند ڕەگەزێکی وەکو: (ڕووبەر، شێواز، پێکهاتە... تاد) پەیامی سەرەکیی دەقەکە بەرجەستە دەکات؛ بەڵام ڕادە و قەبارەی ئەو بەرجەستەکردنە وەکو خودی دەقەکە، بەرین و کراوەیە؛ چونکە تەنیا (خوێندنەوە)یەکە لە ژمارەیەکی بێ پایانی خوێندنەوەکانی ئەو دەقە.

٢-٢-٢- مۆنتیڤکردنی گشتی:

لەم شێوەیەدا، مۆنتیڤکردن، یان بەتابلۆکردن، سەرجەمی دەقە شیعرییەکە دەگرێتەوە و هەر کۆپلەیەک یان بەشێکی دەقەکە، مونتیڤێک یان وردە تابلۆیەک پیشان دەدات. ڕەنگە باشترین نموونەی ئەم تاقیکردنەوەیە، دەقی (شەڕ)ەکەی (جەلال بەرزنجی) بێت کە ئەمەی خوارەوە، کۆپلە و تابلۆی چوارەمێتی[١٣]:

٢-٢-٢-١-



٢-٣- مۆنتاژکردنی دەق:

لەم تەکنیکەدا، ڕەگەزێکی دەقەکە، بەئەدگارە تایبەتییەکانی خۆیەوە لە جێگایەکی دەقەکەدا جێگیر دەکرێت:

٣-٣-١- تەق... تەق

Come in, Come in

٢-٣-٢- لە نموونەکـــەدا، پەیامـــدەر بەزمـــان و ڕێنووسی تایبـــەتیی کەسایەتیی نێو دەقەکە دواوە[١٤].

٢-٤- گواستنەوەی بۆشایی:

ئەم تەکنیکە لە ڕووبەری کـاغـەزدا، هەوڵێکی شـاعـیـری نوێخـوازە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بۆشاییە و کردنی بەڕەگەزێکی بنیـاتی سیـمیـۆتیکیی دەقـــەکـــە. لە نموونە (٢-٤-١)دا بۆشـــایـی لای ڕاســـتی نموونەکـــە ئەو «هەسارەی ڕووناکی»یە بەرجەستە دەکات کە پەیامدەر لە بری «کەلاوەی برۆنزی» خەونی پێوە دەبینێت:

٢-٤-١- لەم کەلاوە برۆنزیە خوداییە بێزارم
ئەی ڕۆژی گوناهبار
ئەی دانەری هەسارەی ڕووناکی
بڕوانە لەم هەسارەیە:
تا کوێ
ڕەشماڵی ئاژاوە هەڵدراوە
پەڵە هەوری تاوان و کەتن
بەسەر سوڕمانەوە ڕیزکراوە
من نازانم
تۆڵە و سزا
کەی چاو لە خەو دەنێن
تاریکی،
ئەی تاکە نازەنینەکەم



تا کەی بورجی گەوجی
دەبێتە تاکە بورجی هەسارەی ڕووناکی[١٥]؟

٢-٤-٢- شاعیر لە ڕێگای ئەم تەکنیکەوە، توانیویەتی فەزایەکی درامی لە نێوان دوو جیهـان، دوو بینین و دوو هەڵوێستی ناتەبادا دروست بکات. لە ئەنجامدا تابلۆیەکی گرژ و پڕ لە ململانێ بەرهەمهێنراوە کە زۆر بەوردی (تاریکیی) نیـشـتـمـان و (ڕووناکیی) هەندەرانی بەڕەشایی و بۆشـایی فەزای دەقەکە بەرجەستە کردووە.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی فەسڵی پێنجەم:

(١) دەقی یەکەمی دیوانەکە،پەخشانە شیعر نییە: کرم و ڤینۆس. ل ١.

(٢) جگە لەم شیعرەی، دوو شیعری دیی لەم قۆناغەدا بڵاوکردوونەتەوە:

* سەبەتە کۆترێکی ڕژاو (١٩٩٢) کاروان، ژمارە (٢)، ل ٢١.

* مەرحەبا مەنفا، وێران، ژمارە (٢)، ل ٣٦.

(٣) ئەم سێ شیعرەشی لەم سەرچاوانەدا بڵاوکراونەتەوە:

* ژێ - هێ، وێران، ژمارە (٣-٤)، ل ٤٦.

* هیچ، هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

* چەند دێڕیک لە سەفەرەکانی ئۆرشەلیم (١٩٩٦) ڕامان، ژمارە (٣)، ل ٧٧.

(٤) ئەو دەقانەی لە دەرەوەی دیوانەکەدا بڵاوکراونەتەوە، ئەمانەن:

* بۆ بەڵات * تەوش * گێلەپیاو * پەڕگاڵ:

وێران، ژمارە (١)، ل ١٤-١٦.

* بانگەوازێک * هەولێر لە دوورەوە:

وێران، ژمارە (٢)، ل ٢٣-٢٤.

* نیوەی سەرم، وێران، ژمارە (٣-٤)، ل ٤٤.

(٥) ئەو دەقانەشی لە گۆڤاری (وێران)دا بڵاوکراونەتەوە:

* (...)، ژمارە (٢)، ل ٣٩.

* ڕاپەڕوون، ژمارە (٣-٤)، ل ٤٠.

(٦) کۆلاژ هونەرێکە (جۆرج براک) و (پابلۆ پیکاسو) لە چوارچێوەی ڕێبازی کوبیزم لە ساڵی (١٩١٢)دا، دایانهێناوە و بریتییە لە لکاندنی چەند کەرەستەیەکی دەرەکی بەڕووبەری تابلۆکانەوە. بڕوانە:

* ادوارد فرای (١٩٩٠) التكعيبيه، ترجمه هادی الطائی، بغداد، ل ١٥٩، ١٨١، ١٩٠.
(٧) وێران، ژمارە (٢)، ل ٢٣.
(٨) وێران، ژمارە (١)، ل ١٥:
ناوی نێگەتیڤمان لێناوە؛ چونکە بەپێچەوانەی چەمکی هونەرەکەیە، لەوێدا دەق یان تابلۆ، ڕەگەزی دەرەکیی دەخرێتە سەر، لێرەدا ڕەگەزی بنچینەیی لادەبرێت.
(٩) وێران، ژمارە (١)، ل ١٦.
هەمان تەکنیک لە دەقی (نیوەی سەرم)دا دووبارە کراوەتەوە.
بڕوانە بەکاربردنی هەمان تەکنیک لەلایەن (زانا خەلیل)ەوە، لە وێران، ژمارە (٣-٤)، ل ٤٦.
(١٠) Exil، ل ١٤٠.
(١١) فرانكلین. ر. روجرز (١٩٩٠) الشعر والرسم، ترجمه می مظفر، بغداد، ل ١٢.
بۆ زانیاریی عەوازە لە بارەی پێوەندیی مێژوویی و هاوچەرخ و نوێخوازی نێوان شیعر و وێنە و چەند نموونەیەکی خۆماڵی و جیهانیی ئەم جۆرە دەقە، بڕوانە:
* فەرهاد پیرباڵ (١٩٩٦) تۆبۆگرافیای تێکستی شیعر، تێڕامان، ژمارە (١)، ل ٤.
(١٢) دلاوەر قەرەداغی، پەیکەرێک لە باران، ل ٢٤.
هەمان ئەدگار لە دەقەکانی (نەزەند بەگیخانی)شدا دەبینرێت.
(١٣) دەقەکە، لە ڕووی شێواز و دەرهێنانیشەوە کارێکی تازەیە: لەسەر پارچە کارتۆنێکی قەوارە (١٨×٦٩)سم چاپکراوە و بریتییە لە پێنج کۆپلەی سەربەخۆی یەکگرتوو و پێنج تابلۆی هاوبابەت کە (نامق عەلی قادر) کێشاونی.
(١٤) نەزەند بەگیخانی، دوێنێی سبەینێ، ل ٦٦.
(١٥) ئازاد حەمە، فرمێسکەکانی Eros، ل ١٢٤.



## ئەنجامەکان

**١- ئەنجامە گشتییەکان:**

جگە لەو ئەنجامە تایبەتییانەی کە خوێنەر دەتوانێت لە دووتوێی باسەکەدا سەرنجیان بدات، لێرەدا ئەو خاڵە گشتییانە تۆمار دەکرێن وا لە باسەکەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ نەکراوە و لە ئەنجامی بەراوردکردنی هەردوو جۆرە شیکردنەوە تیۆری و پراکتیکییەکانی پەخشانە شیعری جیهانی و کوردی، دەرکێشراون:

١-١- دەقەکانی پەخشانە شیعری کوردی، بەپێچەوانەی پێوەرە جیهانییەکە کە جەخت لەسەر کورتی و چڕی نووسین دەکات، بەگشتی دەقێکی درێژ و تاڕادەیەکیش ئینشاییییە. ئەم دیاردەیە، دوو هۆکاری سەرەکیی هەیە:

١-١-١- هۆکاری هونەری: کە بۆ زۆر بەکاربردنی ئامرازە زمانییەکانی پێوەندی و خستنەسەر و زاڵبوونی ڕستەی ناسادە (لێکدراو و داڕێژراو: ٤٨ ٪) بەرانبەر ڕستەی سادە: ٣٩ ٪، دەگەڕێتەوە.

١-١-٢- هۆکاری مێژوویی و سایکۆلۆژی: کە پێوەندییان بەنەبڕانەوەی کارەساتە مێژووییەکان و سروشتی هەستی بەکۆمەڵی نەتەوەی کوردەوە هەیە و پێویستە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییانەدا ڕوون بکرێتەوە.

١-٢- جگە لە گرژی و ڕاچڵەکاندن، کە لە نموونەکاندا ترازانی ئەندێشەیی و بەکاربردنی فراوانی فەنتازیا بەرهەمیان هێناون، لە دەقەکاندا سیمای گێڕانەوە و ڕێڕەوی لۆجیکی - لە چەند نموونەیەکی کەمدا نەبێت - بەسەر زۆرینەی ئەو دەقانەدا زاڵە.

١-٣- ئاوازەی ویژدانی لە گوتاری پەخشانە شیعری کوردیدا، گەرم و کاریگەرە، بەهۆی:

١-٣-١- ڕاستگۆیی ژانکۆ (معاناە)ی شاعیران و ڕەسەنایەتیی

تاقیکردنەوەکانیان.

١-٣-٢- ڕەنگدانەوەی ئاوازەی گوتاری (حەیران) و (سۆفیگەری) لەو گوتارەدا.

١-٤- هەردوو شێوە باوەکەی پەخشانە شیعری جیهانی: (شێوەیی، پرشنگدار) لە دەقە کوردییەکاندا دەبینرێن، بەڵام یەکەمیان زاڵترە، ئەمەش ڕەنگە پێوەندیی بەبڕگەی (١-١)ەوە هەبێت.

**٢- ئەنجامە تایبەتییەکان:**

پۆلکردنی شاعیرەکان لە بوارەکانی شێوازی شیعر و بەهرەمەندییان لە دید و تەکنیکی بزاڤە نوێخوازە جیهانییەکان لە سنووری باسەکەدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

٢-١- لە بواری یەکەمدا، بەبەراوردکردن و لێکدانی زانیارییەکانی خشتەکانی (٢-١)، (٢-٢) و (٢-٣)، ئەو ئەرکە ئەنجام دەدرێت.

٢-٢- لە بواری دووەمدا، هەموو شاعیرەکان، کەم تا زۆر، وەبەر کاریگەریی بزاڤەکان کەوتوون و داهێنانیشیان تێیاندا کردووە. لەم ڕووەوە، بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێن:

٢-٢-١- ئەوانەی پتر پێڕەوییان لە بینین و فەلسەفەی یەکێک لەو بزاڤانە کردووە، لە نموونەی (هەڵمەت) و (ع.ع. یوسف) کە (سوریالیزم) خەون و یاخیبوونیانی ئاراستە کردووە.

٢-٢-٢- ئەوانەی لایەنی تەکنیک و ئامرازی دەربڕینی ئەو بزاڤانەیان پتر بەکاربردووە. بەنموونە، (مەسیفی) و (ڕەنجدەر) بەجەختکردنیان لەسەر وشەی مەڵبەندی و ڕستەی چڕ و بژارکردنی زمان، لە خانەی (وێنەگەری)دا پۆل دەکرێن. (پیربال)یش زۆربەی تەکنیکەکانی (دادیزم)ی ئەدەبیی تاقی کردۆتەوە؛ بەڵام (بەختیار) و (جەلیزادە) و (بێکەس)، سەرچاوەکانیان لە هەردوو ڕووەوە پتر خۆماڵی و ڕۆژهەڵاتین.



## پاشکۆی یەکەم

### ڕیتمی شیعرەکانی هەر سێ ژمارەکەی (ڕوانگە)

لە زۆربەی تاقیکردنەوە سەرەتاییەکانی پەخشانە شیعردا، وەرگێڕانی شیعری بیانی یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتنی ئەو شیعرە بووە، کەچی هەموو ئەو دەقانەی لە ژمارە (٣)ی (ڕوانگە)دا بەکوردی کراون، بەشیعر و بەڕیتمەکانی (٥+٥) و (٤+٤) وەرگێڕاون.


ئەم خشتەیەی خوارێشەوە، ژمارە و ڕیتمی دەقی شاعیرە ڕوانگەییەکانە کە لە هەرسێ ژمارەکەی (ڕوانگە)دا بڵاوکراونەتەوە:

| شاعیرەکان | دەقەکان | ڕیتمەکان | ژمارە و لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| جەمال شارباژێڕی | سێ چاو | (٤+٤) | ١ ، ١٦ |
| ئەنوەر شاکەلی | ون بوون لە ناو وشەدا | = | ١ ، ٣١ |
| شێرکۆ بێکەس | وەرزی پێنجەم<br>دیوار و دەنگی خوێن | =<br>= | ١ ، ٤٧<br>٢ ، ٧٣ |
| جەلالی میرزا کەریم | یاد و یاقووت و نەهەنگ<br>پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ<br>ژانی ڕۆژانی هۆنراوە | =<br>=<br>= | ١ ، ٥٢<br>٢ ، ٦<br>٣ ، ٦ |
| عەبدوڵڵا پەشێو | سێ نامەی کورت<br>بۆ پارچەکەی ترم | =<br>= | ١ ، ٧٠<br>٢ ، ٥١ |
| صلاح شوان | خۆرێکی یاخی بوو<br>لە ڕوانگەی یاخیبوون و...<br>نەورۆز... ژان... شیعر | =<br>=<br>= | ١ ، ٨٢<br>٢ ، ٢٦<br>٣ ، ١٤ |
| سامی شۆڕش | سێ بڕگە خەمی یاخیبوو<br>دەنگی خوێن | =<br>= | ٢ ، ٣٣<br>٣ ، ٢٠ |
| ڕەفیق سابیر | سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو | = | ٢ ، ٣٦ |
| محەمەد بەدری | هەستی یاخیبوون | = | ٢ ، ٤٣ |

## پاشکۆی دووەم

### ڕا و بۆچوونی نووسەر و ئەدیبە نوێخوازەکان لە بارەی (ڕوانگە)وە

ئەم ڕوانگەیە!...






## سەرچاوەکان


* ئازاد حەمە (١٩٩٥) ڕەهەندی تێڕامـان و جەسـتەی وتاری ڕۆشنبیـری هاوچەرخ، چاپی یەکەم، سوید.
* ابرامز. م. هـ (١٩٨٧) المدارس النقدية الحديثة في معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة عبدالله الدباغ، الثقافة الأجنبية، العدد الثالث، بغداد.
* ئەحمەدی مەلا (١٩٩٤) هەوڵێکی گشتی بۆ پێناسەکردنی نوێخوازی، وێران، ژمارە (١)، هەولێر.
* احمد شمس الدين (١٩٨٤) الأسطورة والشعر العربي، فصول، المجلد الرابع، العدد الثاني، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
* ادوارد جين (١٩٩٦) ما بعد البنيوية، ترجمة مجيد حميد، افاق عربية، العدد (١١-١٢)، بغداد.
* ادوارد فراي (١٩٩٠) التكعيبية، ترجمة هادي الطائي، دار المأمون، بغداد.
* ادونيس (١٩٨٥) سياسة الشعر، الطبعة الأولى، بيروت.
* الياس خوري (١٩٨٢) الذاكرة المفقودة، الطبعة الاولى، بيروت.
- (١٩٨١) دراسات في نقد الشعر، الطبعة الثانية، بيروت.
* انتوني ايستوب (١٩٨٥) الخطاب الشعري بوصفة ايديولوجية، ترجمة حسن البنا، فصول، المجلد الخامس، العدد الثالث.
* ئومێد ئاشنا (١٩٧٥) لەو شیعرەوە ڕەمز و مەترسیی فۆرمالیزم، بەیان، ژمارە (٣١)، بەغدا.
* اليوت. ت. س (١٩٨٢) فائدة الشعر وفائدة النقد، ترجمة يوسف نور عوض، دار القلم، بيروت.
* بەختیار عەلی (١٩٨٩) قسەکردن لە پەراوێزی بێ دەنگیدا، عێراق، ژمارە (١٠٨)
- (١٩٨٩) پرسیار و دەق، هاوکاری، ژمارە (١١٣٠).
* بياردي بواديفر (١٩٦٨) معجم الادب المعاصر، ترجمة بهيج شعبان، الطبعة الأولى، بيروت.
* باليفسكي. ب.ف (١٩٩٢) البنية الداخلية للصورة، اضاءة تاريخية على قضايا أساسية، ترجمة جميل نصيف التكريتي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
* تزفيتان تودوروف (١٩٨٦) نقد النقد، ترجمة سامي سويدان، بغداد.
- (بدون تاريخ) الشعرية، شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، الدار البيضاء.
- (١٩٩٢)المبدأ الحواري، ترجمة فخري صالح، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
* تشيتشرين -١- ف (بدون تاريخ) الافكار والاسلوب، ترجمة حياة شرارة، دار

الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
* ترنس هوكز (١٩٨٦) البنيوية وعلم الإشارة، ترجمة مجيد الماشطة، الطبعة الأولى، بغداد.
* جاك دريدا (١٩٨٥) القوة والدلالة، ترجمة كاظم جهاد، الكرمل، العدد (١٧).
* جاكوب كورك (١٩٨٩) اللغة في الأدب الحديث، ترجمة ليون يوسف وعزيز عمانوئيل، بغداد.
* جان فرنسوا ليوتار(١٩٩٦) ما بعد الحداثة، ترجمة غازي مسعود، الموقف الثقافي، السنة الأولى، العدد الثالث، بغداد.
* جان كوهن (بدون تاريخ) بنية اللغة الشعرية، ترجمة محمد الولي ومحمد العمري، الدار البيضاء.
* جميل نصيف التكريتي (١٩٩٠) المذاهب الأدبية، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
* جوزيف ميشال شريم (١٩٨٤) دليل الدراسات الأسلوبية، الطبعة الأولى، بيروت.
* جيرار جينيت (بدون تاريخ) مدخل لجامع النص، ترجمة عبدالرحمن ايوب، بغداد - الدار البيضاء.
* حاتم الصكر (١٩٩٠) بحث في الايقاع والايقاع الداخلي، الأقلام، العدد (٥)، بغداد.
* حافظ شيرازي (١٣٦٥) ديوان، مطبعة مظفري، تهران.
* روبسن. دبليو. دبليو (١٩٩٠) تعريف الأدب، ترجمة كمال قاسم نادر، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
* رومان ياكوبسن (١٩٩٠) افكار وآراء حول اللسانيات والأدب، ترجمة فالح صدام الامارة وعبدالجبار محمد علي، بغداد.
* رولان بارت(١٩٨٦)التحليل البنيوي للقصة القصيرة، ترجمة نزار صبري، بغداد.
* ريجاردز. ا.ي (١٩٦٣) مباديء النقد الأدبي، ترجمة مصطفى بدوي، القاهرة.
* رينيه ويليك. اوستن وارين (١٩٨١) نظرية الأدب، ترجمة محي الدين صبحي، الطبعة الثانية، بيروت.
- (١٩٨٧) مفاهيم نقدية، ترجمة محمد عصفور، الكويت.
- (١٩٨٨) النظرية الأدبية والاستطيقا عند مدرسة براغ، ترجمة محمد عصفور، الثقافة الأجنبية، العدد (١).
* زاهير ڕۆژبەیانی (١٩٩٠) بۆچوونی چوارەم، بەیان، ژمارە (١٦٥).
* ژان مۆریاس (١٩٩٦) بەیاننامەی سمبوولیستەکان، وەرگێڕانی مریەمی مورادی، ویران، ژمارە (٣-٤).



* سامي محمد (١٩٩٥) القراءة المفتوحة، الف باء، العدد (١٣٨٩)، بغداد.
* سامي مهدي (١٩٩٤) الموجة الصاخبة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
- (١٩٨٨) أفق الحداثة وحداثة النمط، بغداد.
* ستيفن لاند (١٩٨٧) مغامرة الدال، في أصول الخطاب النقدي الجديد، ترجمة احمد المديني، الطبعة الأولى، بغداد.
* سرووود میرخان (١٩٩٥) سێبەری مار، ویران، ژمارە (٢).
* سعيد الغانمي (١٩٨٩) المعنى والكلمات، بغداد.
* سوزان بيرنار (١٩٩٣) قصيدة النثر من بودلير الى أيامنا، ترجمة زهير مجيد مغامس، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
* سوزان لوهافر (١٩٩٠) الاعتراف بالقصة القصيرة، ترجمة محمد نجيب لفته، الطبعة الأولى، بغداد.
* شێرزاد حەسەن (١٩٨٤) پەخشانە شیعر و ڕازێک، عێراق، ژمارەی ڕۆژی ٧/٢٥.
* عبدالستار جواد (١٩٩٠) قصيدة النثر في الأدب الأنكليزي، الأديب المعاصر، العدد (٤١)، بغداد.
* عبدالسلام المسدي(١٩٨٥) حد اللغة بين المعيار والاستعمال،الأقلام، العدد (٥).
- (١٩٨٥) فى جدل الحداثه الشعريه، الشعر ومتغيرات المرحله، مهرجان المربد الشعرى السادس، بغداد.
* عبدالكريم راضي (١٩٩٦) شعرية الوزن، افاق عربية، العدد (١١-١٢).
* عزالدين اسماعيل (١٩٨٨) الخطاب الشعري، المربد الشعري الثامن، بغداد.
- (١٩٨٦) الأسس الجمالية في النقد العربي، بغداد.
* علي الشوك (١٩٦٩) دادا والشعر، مجلة الشعر ٦٩، العدد الثالث، بغداد.
* علي جعفر العلاق (١٩٩٠) في حداثة النص الشعري، الطبعة الاولى، بغداد.
* غاستون باشلار (١٩٨٤) جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، الطبعة الثانية، بيروت.
* غيورغي غاتشف(١٩٩٠) الوعي والفن، ترجمة نوفل نيوف، الكويت.
* فاضل ثامر (١٩٨٥) جدل الحداثة في الشعر، المربد الشعري السادس، بغداد.
* فەرەیدون عەلی ئەمین (١٩٧٢) ئایا چۆن ئەدەبی پاش گۆران هەڵدەسەنگێنین، هاوکاری، ژمارە (١١)
* فەرهاد پیربالٚ (١٩٩٦) تۆبۆگرافیای تێکستی شیعر، تیڕامان، ژمارە(١)، هەولێر.
* فوئاد قەرەداغی (١٩٧٢) ڕوانگە گەیشتۆتە سەر شەقامێکی داخراو، هاوکاری ژمارە (١٣٢).
* كمال ابو ديب (١٩٨٣) بحث في الشعرية، مواقف، العدد (٤٦).

– (١٩٨٧) في الشعرية، الطبعة الأولى، بيروت.
– (١٩٧٩) جدلية الخفاء والتجلي، الطبعة الأولى، بيروت.
* كمال خيربك(١٩٨٢) حركة الحداثة في الشعر العربي المعاصر، الطبعة الأولى، بيروت.
* کەمال غەمبار (١٩٩٣) پرۆسەی بەشیعرکردنی دیار و نادیاری ڕووداو لە جەستەی نامۆییدا، کاروان، ژمارە (٨)، هەولێر.
– (١٩٩٦) ئەنوەر مەسیفی و هەنگاو بەرەو نوێخوازی، تێرامان، ژمارە (١).
* کەمال مستەفا مەعرووف (١٩٩٦) نوێ و نوێخوازی، وێران، ژمارە (٣-٤).
* گراهم هاف (١٩٨٥) الأسلوب والأسلوبية، ترجمة كاظم سعدالدين، بغداد.
* لەتیف هەڵمەت (١٩٩٦) چاوپێکەوتنێک لەگەڵیدا، ڕامان، ژمارە (٣).
* مالكم برادبري و جيمس ماكفارلن (١٩٩٠) الحداثة (جزءان)، ترجمة مؤيد حسن فوزي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
* مايكل. هـ. ليفنسن (١٩٩٢) أصول أدب الحداثة، ترجمة يوسف عبدالمسيح ثروة، الطبعة الاولى، بغداد.
* مەریوان قانیع (١٩٩٠) پاشکۆی عێراق، ژمارەکانی (١١٧، ١١٩، ١٢٦).
– (١٩٨٩) ئەفسانەی خۆکوشتن لە شیعری (خۆکوشتن)ی (محمد عمر عثمان)دا، ژمارە (١٠١).
* مجموعة من العلماء (١٩٨٦) موسوعة نظرية الأدب، ترجمة جميل نصيف التكريتي، القسم الأول، الطبعة الثانية، بغداد.
* محسن أطيمش (١٩٨٢) دير الملاك، الطبعة الأولى، بغداد.
* محمد بكر محمد (١٩٩٠) کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین.
* محمد بنيس (١٩٨٥) حداثة السؤال، الطبعة الأولى، بيروت.
* محمد رضا مبارك (١٩٩٣) اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي، الطبعة الأولى، بغداد.
* محمد علي الخولي (١٩٨٧) الأصوات اللغوية، الطبعة الأولى، الرياض.
* مەحمود زامدار (١٩٨١) لە بانیژەی شیعرەوە، بەغدا،
* مەحوی (١٩٨٤) دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مدرس، چاپی دووەم، بەغدا.
* مرشد الزبيدي (١٩٩٤) بناء القصيدة الفني في النقد العربي القديم والمعاصر بغداد.
* منير العكش (١٩٧٩) أسئلة الشعر في حركة الخلق وكمال الحداثة وقوتها، الطبعة الأولى، بيروت.



* موريس أبو ناصر (١٩٧٩) الالسنية والنقد الأدبي، بيروت
* ميشال لوغورن (١٩٨٨) الاستعمارة والمجاز المرسل، ترجمة حلاصليبا، الطبعة الأولى، بيروت.
* نخبة من الباحثين (١٩٩٤) موسوعة نظرية الأدب، ترجمة جميل نصيف التكريتي، القسم الثالث، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.
* نەوزاد ئەحمەد (١٩٩٣) تازەگەری شیعر... ڕوانینی شیعری، کاروان، ژمارە (٥)، هەولێر.
* هربرت ريد (١٩٨٣) حاضر الفن، ترجمة سمير علي، بغداد.
* هنتنكتون براون (١٩٨٦) أساليب نثرية، ترجمة عصام الخطيب وتوفيق عزيز عبدالله، بغداد.
* يمنى العيد (١٩٨٥) في معرفة النص، الطبعة الثالثة، بيروت.

کۆمەڵە شیعرییەکان:
* ئازاد حەمە (١٩٩٥) فرمێسکەکانی Eros، چاپی یەکەم، سوید.
* ئەنوەر مەسیفی (١٩٩٠) جلوبەرگ و جمکەکان، بەغدا.
* بەختیار عەلی (١٩٩٢) گوناه و کەرنەڤاڵ.
* جەلال بەرزنجی (١٩٩٣) شەڕ، هەولێر.
* سەباح ڕەنجدەر (١٩٩٥) کەلکێش، هەولێر.
* شێرکۆ بێکەس (١٩٩٣) ئافات.
* ع.ع. یوسف (١٩٧٨) لم نیازمە، هەولێر.
* فەرهاد پیرباڵ (١٩٩٢) Exil، پاریس.
* قوبادی جەلیزادە (دەستنووس): سێدارەکانی بەهەشت، مەمکەکانی تفەنگ، فیشەکی ڕەحمەت.
* لەتیف هەڵمەت (١٩٧٠) خوا و شارە بچکۆلەکەمان، کەرکووک.
– (١٩٧٩) ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ، بەغدا.
– (١٩٩١) ئەم ڕووبارە وشک ناکات، بەغدا.
* دلاوەر قەرەداغی (١٩٩٤) پەیکەرێک لە باران، چاپخانەی زریان.
* نەزەند بەگیخانی (١٩٩٥) دوێنێی سبەینێ، فەرەنسا.